

### وەکیلەکانی بەغدا و تاران و دیمەشق و حزبوڵا

# یاری بە نەهەماتییەکانی خەڵک دەکەن بۆ ئەوەی دەوڵەتی کوردستان دروست نەبێت




### مایکل ئیپڵ:

# دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لێکەوتەی ئەرێنی لێدەکەوێتەوە

**پێدەچێت بارودۆخی پەرەسەندنەکانی ناوچەکە دەرفەتێکیان ڕەخساندبێت بۆ ڕوودانی گۆڕانکارییەکی مێژوویی لە هەلومەرجی سیاسی و دیپلۆماسیی کورددا. گرنگیی کورد وەک هێزێکی سیاسی و سەربازی پتر سەنگ و قورسایی بەدەست هێنا، بە هۆی وەستانەوەیان لە دژی هێرش و پەلامارەکانی هێزەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە ساڵی ٢٠١٤. حاڵی حازر، کوردی عێراق ئەم دەرفەتە بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان لە چوارچێوەی وڵاتەکەدا بەکار دەهێنن، هەروەها بۆ بەدەستهێنانی دانپێدانانێکی نێودەوڵەتی بەرفراوانتر بۆ ئەو پێگەیەی هەیانە کە خەریکە بڵێین بارێکی سەربەخۆییە، ئەمە لە کاتێکدا پارێزگارییان لە بژاردەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی تەواو کردووە، ئەگەر هەل و مەرجی لەبار لە بواری نێودەوڵەتی هاتەئاراوە.**

**ئەگەرچی پەرەسەندنەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی لە رۆژگاری هاوچەرخدا سست و درەنگوەخت کەوت، بەڵام ناسنامەی جیاوازی کورد زۆر زووتر دەرکەوت لە ناسنامەی ئەو نەتەوانەی دەوڵەتی سەربەخۆییان بەدەست هێنا لە سەدەی بیستدا. هەروەها ئەگەرچی کورد بەدەست دابەشبوون و جیاوازی ناوخۆییەوە دەناڵێنن و سەرقاڵی پرۆسەیەکی ئاڵۆزی بنیادنانی نەتەوەن، بەڵام هۆشیاری نەتەوەی کورد زۆر**



کاتێك باس لە مەترسیی ئەو حیلفە دەکرێت کە ئێران لە بابولمەندەب-ەوە بۆ کەنداوی عەقەبە بەڕێوەی دەبات، ئاماژە بەو لێدوانەی بینامین نەتانیاهۆ دەکرێت کە رۆژێك پێش هاوپەیمانیی حەزم بە سەرۆکایەتی عەرەبستانی سعوودی بۆ لیدانی حوسییەکانی یەمەن دەستی پێکرد، نەتانیاهۆ تەنیا رۆژێك پێش راگەیاندنی ئەو هاوپەیمانییە بە ئاشکرا رایگەیاند: «بە هیچ شێوەیەك رێگە نادەین دەوڵەتی فەلەستینی دابمەزرێت، یان لانیکەم هەتا خۆم لە ژیاندا مابم.»

زۆر لە چاودێران و توێژەران پێیانوابوو، دوای ئەم قسەیەی نەتانیاهۆ ئەگەر عەرەب بیەوێت شەڕ بکات، دەبوو هاوپەیمانی دژی ئیسرائیل رابگەیەنێت، نەك ئەو هێزە حوسییەی ئێران لە یەمەن پشتگیری لێ دەکات، بەڵام مەترسیی ئەم هاوپەیمانییەی ئێران سەرپەرشتی دەکات، وایکردووە دەوڵەتە عەرەبییەکان بەتایبەتیش سعوودیە مەسەلەی فەلەستینیان بیر بچێتەوە. لەمەش زیاتر ئێران کێشەی فەلەستینیشی بە رێگەی وەکیلەکانی وەك حزبوڵا و حەماس گەیاندۆتە ئاستێك کە ئێستا جیهان بە چاوێکی زۆر ناشیرین سەیری کێشەی رەوای فەلەستین بکات، وەك ئێستا لە لێدوانەکانی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل بە ئاشکرا گوێمان لێدەبێت، جیهان وەك قوربانی سەیری ئیسرائیل دەکات، لە بەرامبەردا حەماس و حزبوڵا وەك دوو ریکخراوی تیرۆریستی دەبینرێن.

بەداخەوە پێشتریش پەکەکە کەوتە داوی ئەم حیلفەی ئێرانەوە، لەبەر ئەوەی ماوەی نزیکەی ٨ ساڵ بوو سەرۆك مسعود بارزانی هەوڵیدەدا، کە تورکیا و پەکەکە بگەیەنێتە قەناعەت بۆ ئەوەی بە رێگەچارەی ئاشتییانە کێشەی کورد لە تورکیا چارەسەر بکرێت، ئاکامی هەوڵەکانی سەرۆك بارزانی گەیشتە ئەوەی لە ناو شارەوانی دیاربەکر بە ئاڵای کوردستانەوە پێشوازی لە سەرۆك بارزانی بکرێت. هەوڵەکان بەو ئاراستەیە بوون نەخشەی رێگە بۆ کردنەوەی ئیمراڵی بە رووی ئۆجەلان-دا بێتەدی، هەوڵەکان بوونە هۆکاری ئەوەی کوردی باکوور چیدیکە دەنگ بە حزبی غەیرەکوردی نەدەدەن و پشتگیری حزبێکی کوردی بکەن، هەڵبژاردنەکانی حوزەیرانی رابردوو دەریانخست، کورد بۆ یەکەمجار لە مێژووی تورکیای نوێدا توانی بەربەستی ١٠٪ ببڕێت و ببێتە خاوەنی ٨٠ کورسیی پەرلەمانی بە ناوی فراکسیۆنی کورد لەناو پەرلەمانی تورکیادا،

**ماوەی نزیکەی ٨ ساڵ بوو سەرۆک مسعود بارزانی هەوڵیدەدا، کە تورکیا و پەکەکە بگەیەنێتە قەناعەت بۆ ئەوەی بە رێگەچارەی ئاشتییانە کێشەی کورد لە تورکیا چارەسەر بکرێت، ئاکامی هەوڵەکانی سەرۆک بارزانی گەیشتە ئەوەی لە ناو شارەوانی دیاربەکر بە ئاڵای کوردستانەوە پێشوازی لە سەرۆک بارزانی بکرێت. هەوڵەکان بەو ئاراستەیە بوون نەخشەی رێگە بۆ کردنەوەی ئیمراڵی بە رووی ئۆجەلان-دا بێتەدی**

**پێشکەوتووترە لە هۆشیاری نەتەوەیی زۆرێک لەو گرووپە نەتەوەییانەی کە دەوڵەتی سەربەخۆییان بەدەســت هێناوە. کورد هێندەی ئەو گرووپە نەتەوەییانەی دیکە مافی دەوڵەتی ســەربەخۆیی هەیە کە لە دوای جەنگی دووەمی جیهان و بەتایبەتی لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ساردەوە دەوڵەتیان دامەزراند.**

**دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان ئاکام و لێکەوتەی ئیجابی لێدەکەوێتەوە لەســەر بارودۆخی نێودەوڵەتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت. هەروەها کاریگەری دەبێت لە سەر خەســڵەتە سیاســییەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە. لەبەریەک هەڵوەشانەوەی ســووریا و عێراق هەلومەرجی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کورد دەخوڵقێنێت. چارەســەرێکی سیاســی بۆ خەونە نەتەوەییەکانی کورد–دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ ، یاخود هەرێمگەلێکی کوردی کە خاوەنی خۆبەڕێوەبەرییەکی بەرفراوان بن لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی لە ئارادان– کارێکی پێویســتە بۆ ســەقامگیرکردن و پەرەسەندنێکی ئاشتییانە و سەرکەوتوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.**

- **سەرچاوە: مافی کورد بۆ خۆحوکمڕانی**
- **نووسینی: مایکڵ ئێپڵ**


لەمەش زیاتر ئەم هەوڵانە بوونە هۆکاری ئەوەی جیهان تێڕوانینــی بەرامبەر بە پەکەکــە بگۆڕێت و هەوڵەکان بەو ئاراســتەیە بوون کە پەکەکە لە لیســتی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بێتە دەرێ، بەڵام بە هاندانی ئێران و بۆ مەرامی تایبەتی ئێران، پەکەکە شەڕی لەگەڵ تورکیا دەستپێکردەوە و ئەو هەلەی لەدەست کورد دا کە پەکەکە لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بێتە دەرەوە.

لەوانەیە کە ئێستا بەمجۆرە پێگەی ئێران لەناو هاوکێشەی سیاســیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باس دەکەین، هەندێك لەوانەی لایەنگیــری وەکیلەکانی (بەغــدا و تاران و دیمەشــق و حزبوڵا )دەکەن، پێمان بڵێن: ئایا قەت پارتی دیموکراتی کوردستان پێوەندی لەگەڵ ئێران نەبووە؟ لە وەڵامی هەوادارنی ئەو حیلفە دەڵێین: ئێستاش نەك تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵکو حکومەتی هەرێمی کوردستانیش پێوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ ئێران وەك دەوڵەتێکی دراوسێی گرنگ هەیە، ئەم پێوەندییەش وەك مارتن ئەندیك باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە ئیسرائیل و خاوەنی سیاســەتی (ئیحتیــوای دوولایەنەی عێراق و ئێــران لە نەوەدەکانی ســەدەی رابردوو) ناوی لێناوە، پێی دەڵێت: (پێوەندییەکی گرنگ و سەیر)! ئەندیك لە کۆڕێکی ئامۆژگای بەناوبانگی برۆکینگز ســەبارەت بەم پێوەندییە گرنگ و ســەیرەی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان لە ســەرۆك مسعود بارزانی پرسی: جەنابی ســەرۆك چۆن توانیوتانە هاوســەنگی ئەم پێوەندییەی خۆتان لەگەڵ دەوڵەتی ئێران رابگرن و لە هەمانکاتیشدا هاوپەیمانــی ئەمریکان، تکایە بۆمــان باس بکە، بۆ ئەوەی ئێمەش سوودی لێوەربگرین؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لەســەر زاری ســەرۆك بارزانی بە زمانی کوردی لە وێبســایتی برۆکینگز هەیە، بــەڵام ئەوەی گرنگە لەم پرســیارەی مارتن ئەندیك ئەوەیە کــە پێوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێوەندی پاشــکۆیەتی، یان شەڕی وەکالەت کردن نییە بــۆ بەرژەوەندی لایــەك دژی لایەکــی دیکە، بەڵکو پێوەندییەکی هاوســەنگە و لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و ڕێزی هاوبەشە. ئەو دەوڵەتە مافی خۆیەتی بەرگری لــە بەرژەوەندییەکانی خۆی بکات، لە بەرامبەریشــدا هەرێمی کوردستانیش ئێستا دەوڵەتی ئەمری واقیعە و دەبێت بزانێت چۆن بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکات، بەڵام کاتێك حزبە سیاســییەکانی وەك گۆران و یەکێتی و کۆمەڵی ئیســلامی دەبنە داشی دامە بە

**ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆک کۆماری تورکیا کە ئێستا خۆی بە سوڵتانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەزانێت و وڵاتەکەی زیاتر لە ٥٠ ساڵە ئەندامی ناتۆیە، داوا دەکات ئەمریکا، پەیەدە و شەڕڤانان وەک تیرۆریست سەیر بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی مسعود بارزانی لەو هاوکێشەیە ئامادەیە، ئەمریکا بە فەرمی رایگەیاند ئەوان دژی تیرۆریستن و وەک تیرۆریست سەیر ناکرێن**

## ویلیز کرومهۆڵز:

# تاکە هیوایەک بۆ دیموکراتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە



سیناتۆر ڕاند پاوڵ ڕاستی پێکا، کاتێک داوای دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ و چەکدارکردنی هێزەکانی پێشمەرگەی کرد. واتە بەم کارەی هاوسەنگییەکی دروست کرد کە بەڕاستی پێویست بوو لە سیاسەتی دەرەکیی پارتی کۆمارییەکاندا بهێنرێتەدی، ئەویش دوای ساڵانێک لە گرتنەبەری سیاسەتێکی ناهاوسەنگ.

پاساوی ناڕاستەوخۆی ئیدارەی بوش بۆ شەڕی عێراق بریتی بوو لە دامەزراندنی عێراقێکی دیموکراسی لە سەر شێوازی ڕۆژئاوایی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام دەرکەوت دامەزراندنی دیموکراسی لە عێراقدا کارێکی سەخت و دژوارە. دابەشبوونی تایفەگەری لە عێراقدا بەرمیلە باڕووتێک بوو لە چاوەڕوانی تەقینەوەدا، ئێرانیش دەستڕۆیشتوویەکی زۆری هەیە بە سەر زۆرینەی شیعەدا، کە باڵادەستە بە سەر ڕۆژهەڵاتی عێراقدا. ئەگەر ئومێدێکیش هەبووبێت بەوەی عێراق نەکەوێتە داوی دەستڕۆیشتوویی ئێرانەوە، ئەوا ئێستا ئەو ئومێدەش نەماوە. کەواتە ئەگەر هێشتا هیوایەک مابێت بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ دیموکراسیەتێکی ئیسلامی، ئەوا ئەو هیوایە کوردە.

لەبەر ئەوە کاتی ئەوە هاتووە هاوکاری سەربازی زیاتر بە کوردەکانی باکووری عێراق بدرێت و دەوڵەتی سەربەخۆیان هەبێت، ئەمە ئەو دیموکراسییە موسڵمانەیە کە ئێمە ئاواتی بۆ دەخوازین. هەروەها پێویستیش ناکات ئەمریکا دەست بداتە پرۆژەی بنیادنانی نەتەوە – لە هەرێمی کوردستاندا– بۆ ئەوەی زامنی سەرکەوتنی دیموکراسی بکات، لەبەر ئەوەی دەرفەتەکانی سەرکەوتنی دیموکراسی لەم هەرێمەدا زۆر باشن. واتە کارێکی لەم چەشنە ناچێتە خانەی بنیادنانی نەتەوەوە. چونکە حاڵی حازر کوردی باکووری عێراق خاوەنی دەوڵەتێکن کە قابیلی بەردەوام بوونە. ئەوان خاوەنی دەستی ئێرانەوە و یاری بە چارەنووسی دەوڵەتی ئەمری واقیعی کوردستان دەکەن، ئەوا ئاژاوە و پاشاگەردانی لە کوردستاندا دروست دەبێت.

**● گۆڕان و یەکێتی و کۆمەڵی ئیسلامی خاڵی هاوبەشیان لەم فیتنە و ئاژاوەیە چییە؟**

ساڵی ١٩٩٤ لەو کاتەی یەکێتی نیشتمانی و بزووتنەوەی ئیسلامی لەشەڕدا بوون، ڕۆژنامەنووسی خوالێخۆشبوو محەمەدی مەلا ئەسعەد دیمانەیەکی تەلەفزیۆنی لەگەڵ عەلی باپیر کە ئەو کات بەشێك بوو لە بزووتنەوەی ئیسلامی ئەنجامدابوو، لەو دیمانەیەدا کە دێتە سەر باسی دیموکراتی و ژیانی پەرلەمانی، عەلی باپیر راشکاوانە باس لەوە دەکات کە ئەو نە بڕوای بە دیموکراتی هەیە، نە بڕواشی بە پەرلەمان هەیە، رۆژنامەنووسەکە ئەم راشکاوییەی لا سەیر دەبێت، بۆیە ئەمجارە عەلی باپیر خۆی پرسیار لە رۆژنامەنووسەکە دەکات و پێی دەڵێت: خۆ تۆ بڕوات بە دیموکراتی هەیە، مادام بڕوات بە دیموکراتی هەیە، واتە بڕوات بە ئازادی رادەربڕین هەیە، دەبێت رازی بیت کە من بڕوام بە دیموکراتی نییە.

لە ساڵی ٢٠٠٥ یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ رێکخستنەوەی ئۆرگانە حزبییەکانی هەڵبژاردنی حزبی ئەنجامدا، لەم هەڵبژاردنەدا، نەوشیروان و گرووپەکەی

داهاتی نەوت و دامەزراوەی هەڵسوڕاو و سوپایەکی باشی مەشقپێکراون.
هێزە کوردییەکانیش لە باکووری عێراق، مەبەستم پێشمەرگەیە، ئەدایەکی سەرسوڕهێنەریان هەبووە لە بەرامبەر دەوڵەتی ئیسلامیدا. بۆیە پێویستە چەک و هاوکاری زیاتریان پێ بدرێت بۆ شەڕکردن لە دژێ جیهادییەکان. بە هەمان شێوە یارمەتی ئەمریکا پێویستە بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنێکی هەمیشەیی و درێژخایەن لە بارەی پرسەکانی هەناردەکردنی نەوت و دابەشبوونی خاک لە نێوان کورد و عەرەبەکانی عێراقدا، کە سنوورێکی داخراویان هەیە.
ئەگەر ئیدارەی بوش هەڵەیەکی کردبێت، بەوەی هەوڵیدا مەشخەڵی دیموکراسی لە سەرتاسەری عێراقدا هەڵبگیرسێنیت، ئەوا ئیدارەی ئۆباما هەڵەیەکی دیکە دەکات کاتێک هاوکاری ڕاستەوخۆی کورد ناکات لە پێناو هێورکردنەوەی ئێراندا.
کەواتە پاوڵ ڕاستی پێکاوە کاتێک داوای سەربەخۆبوونی کورد و پێدانی چەک بە پێشمەرگە دەکات. هەنگاوێکی لەم چەشنە ئاکامی گەورەی لێدەکەوێتەوە لە سەر شەڕی درێژخایەنی دژ بە ئیسلامی ڕادیکاڵی.
دەکرێت پارتی کۆمارییەکان وەک پارتێکی بەرگریکار لە هەبوونی بەرگرییەکی نەتەوەیی بەهێز بمێنێتەوە لە ساڵی ٢٠١٦دا، هەروەها وەک پارتێکی داکۆکیکار لە دیموکراسییەکان، بێ ئەوەی ببێتە پارتی بنیادنانی نەتەوە و دەستێوەردانی کوێرانە.
کەواتە ڕاند پاوڵ ئەو هاوسەنگییە دەهێنێتەئاراوە، داواکردنی سەربەخۆبوونی کوردیش دەستپێکێکی باشە.

- سەرچاوە ڕاند پاوڵ ڕاستی پێکا- دەوڵەتێک بە کورد ڕەوا ببینن
- نووسینی: ویلیز کرومهۆڵز

تەنیا هەڵبژاردنی حزبیان دۆڕاند، سەیر بکەن ئەمەیان لەوەی عەلی باپیر سەیرترە، نەوشیروان مستەفا تەنانەت سەرکەوتنی کادیرانی حزبەکەی خۆیشی پێ قبووڵ نەکرا، تەنیا لەبەر ئەوەی ئەو کادیرانەی یەکێتی ڕاستەوخۆ پاشکۆ و گرێدراوی ئەو نەبوون، بۆیە دەست لەکارکێشانەوەی خۆی لە یەکێتی ڕاگەیاند و بەوجۆرە لەگەڵ مام جەلال باسی کردبوو کە ئەو بەنیازە سەنتەرێکی توێژینەوەی ستراتیژی بۆ دیراسات بکاتەوە و لە سیاسەت دووربکەوێتەوە، مام جەلال بۆ ئەم پرۆژەیە ١٠ ملیۆن دۆلاری پێدا بۆ ئەوەی پرۆژەکەی سەرکەوتوو بێت، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەم ١٠ ملیۆن دۆلارەی چۆن بەکارهێنا؟ ئایا کردی بە سەنتەری توێژینەوە بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان؟ یان کردی بە کۆمپانیایەك بۆ لەبەریەك هەڵوەشانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان؟ سەرنج بدەن نەوشیروان مستەفا خۆی یەکێکە لە دامەزرێنەرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەڵام لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی دیموکراتی لەناو یەکێتی نەیتوانی خۆی فەرز بکات، بەرنامەی بۆ لەبەریەك هەڵوەشانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دارشت.
لە هەڵبژاردنەکانی ٢١ی ئەیلوولی ٢٠١٣، یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە پێشتر لەگەڵ پارتی دیموکراتی



**یەکەم کاری کۆمپانیای وشەکەی نەوشیروان مستەفا لە ساڵی ٢٠٠٨ ئەوە بوو داگیرکەرانی کوردستان و نۆکەرانی داگیرکەرانی کوردستان فێربکات چۆن شەڕی شەخسی مسعود بارزانی بکەن**

**باشترین ڕێگە بۆ نەوشیروان مستەفا ئەوەیە، هاوپەیمانی لەگەڵ شەیتان بکات بۆ ئەوەی دژایەتی مسعود بارزانی و دەوڵەتی کوردستان بکات، هەروەک چۆن کە لە یەکێتی جیابووەوە، یەکێتی وەک حزبی بەعس وێنا کرد بۆ ئەوەی لەبەریەک هەڵیوەشێنێتەوە و ئامادەبوو لەگەڵ شەیتان هاوپەیمانی بکات بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆی لە مام جەلال و یەکێتی بکاتەوە**

کوردستان بە یەك لیست پێکەوە دەچوونە هەڵبژاردن، لەم هەڵبژاردنە بڕیاریان دا بە لیستی سەربەخۆ بەشداری بکەن، لەم هەڵبژاردنەدا یەکێتی قەوارەی راستەقینەی خۆی دەرکەوت و تەنیا ١٨ کورسی هێنا، بزووتنەوەی گۆڕان بووە حزبی دووەم، لە بەرامبەر ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە ئاشکرا رایگەیاند، نابێت بە ئیستیحقاقی سندوقی دەنگدان مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، لەبەر ئەوەی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان رێککەوتنی ستراتیژی هەیە، دەبێت بەپێی رێککەوتنی ستراتیژی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، واتە دەبێت لەگەڵ پارتی یەکسان بێت، لە کاتیکدا پارتی ٢٠ کورسی لە پێش یەکێتییەوە بوو، پارتی دیموکراتی کوردستان ئەمەشی قبووڵ کرد.

ئەم سێ نموونەیە لە یەك خاڵدا هەرسێ لایەنی (یەکێتی و گۆڕان وکۆمەڵی ئیسلامی) پێکەوە کۆدەکاتەوە، لەبەر ئەوەی ئەم سێ لایەنە تەنیا ئەوەندە لەگەڵ پرەنسیپەکانی گەمەی دیموکراتین کە گەمەکە بۆ بەرژەوەندی حزبی و کەسی خۆیان بشکێتەوە، ئەگەر ئەم گەمەیە ئەمەی بەدەست نەهێنا، ئەوا نەك هەر گەمەکە تێکدەدەن، بەڵکو ئەگەر پێویستی بە هەڵوەشانەوەی حزبەکانی خۆشیان هەبێت، بێ دوودڵی ئەنجامی دەدەن.

بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئەم سێ لایەنە کە هاتوونەتە ناو گەمە دیموکراتییەکە بۆچی هەرسێ لایەنەکە لە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم فیتنە و ئاژاوەیە دەگێڕن؟ بۆچی لە دژی پارتی هەموویان چوونە بەرەیەکی دژ بە هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی لە دژی داعش؟ لەبەر ئەوەی دیارە لەگەڵ ئەوەی ئێران یەکێکە لەو دەوڵەتانەی لە بەرەیەکی فراواندا و لەچەند



**بەشێک لە سەرکردەکانی ئێستای یەکێتی لە غیابی مام جەلال و هەروەها عەلی باپیریش بە هاوشێوەی نەوشیروان مستەفا ئەو کوردستانە کاول دەکەن، ئەگەر راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان ئەوان بچووک بکاتەوە**

**بۆچی نووسەرێکی ناسراوی عەرەب بە سیاسەتمەدارێکی کورد دەڵێت: (کاتێک تۆ داوا دەکەیت کورد بچێتە ناو ئەو حیلفە چوار قۆڵییە، ئەوا شەرمەزارییە بۆ تۆ، لەبەر ئەوەی ئامانجی ئەو حیلفە ئامانجێک نییە نەتەوەکەت لێی سوودمەند بێت.)؟**

وڵاتێك شەڕ لەگەڵ تیرۆریستانی داعش دەکات، بەڵام ئەندامـــی هاوپەیمانی نێودەوڵەتـــی دژی داعش نییە. دژایەتیکردنی داعش لە لایەن ئێرانەوە لە سەر بنەمای پاراستنی نفووز و مەدی شیعەیە، نەك دژایەتی تیرۆر وەك پەتایەکی ترسناکی دژی مرۆڤایەتی. لەم هاوکێشە تازەیەشـــدا لەگەڵ ئەوەی ئێران بە ئاشکرا رایگەیاندووە دژی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە، هاوکات سەرۆك مســـعود بارزانی بە کردەیی خەریکی راگەیاندنی ئەم دەوڵەتەیە، سەرکەوتنیشـــی لەم پرۆســـەی دامەزراندن و راگەیاندنی دەوڵەتی کوردســـتانە، مســـعود بارزانی دەکاتە بسمارکی کوردستان و دەبێتە هێما بۆ یەکڕیزیی نیومالّی کوردســـتان، چیدیکە ئەم ســـەرکردە لۆکاڵانە لە پرۆســـە دیموکراتییەکە قەوارەیان بچووك دەبێتەوە و پێگەی ئێستایان نامێنێت، ئەوا چۆن نەوشیروان مستەفا هەوڵیدا یەکێتی لەبەر یەك هەڵبوەشـــێنێت، تەنیا لەبەر ئەوەی خۆی و گرووپەکـــەی پەراوێز خران، بە هەمان شێوە بەشێك لە سەرکردەکانی ئێستای یەکێتی لە غیابی مام جـــەلال و هەروەها عەلی باپیریش بە هاوشـــێوەی نەوشـــیروان مستەفا ئەو کوردستانە کاول دەکەن، ئەگەر راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان ئەوان بچووك بکاتەوە.

**● شاردنەوەی دژایەتیکردنی دەوڵەتی کوردستان بەیاریکردن بە نەهامەتییەکانی خەڵك**

یەکەم کاری کۆمپانیای وشـــەکەی نەوشیروان مستەفا لە ســـاڵی ٢٠٠٨ ئەوە بوو داگیرکەرانی کوردســـتان و نۆکەرانـــی داگیرکەرانـــی کوردســـتان فێربکات چۆن شەڕی شەخسی مســـعود بارزانی بکەن، لەوانەیە ئەم داهێنانە ناشیرینەی نەوشیروان مستەفا، هاوتای مایکل رۆبن-ی بەکرێگیراوی ژەنراڵ یەشار بیوکانێتی تورکیا

بێت، لەبەر ئەوەی ئەم ژەنراڵەی تورکیا کە سەرۆکی ستافی ئەرکانی سوپای تورکیا بوو، لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ـەوە هەموو هەوڵی ئەوە بوو راوێژکارەکانی پێنتاگۆن هان بدات بۆ ئەوەی پێیان بڵێت: «مسعود بارزانی سەرۆکێکی ترسناکە، لەبەر ئەوەی دەیەوێت دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێنێت، ئەمەش نەك هەر دەوڵەتێك لە کوردستانی عێراق بەڵکو ئەو ئامانجی هەموو کوردستانە». بۆ بەجێهێنانی ئەم ئەرکەش مایکل رۆبنی راسپاردبوو. مایکل رۆبن جگە لەوەی یەکێکە لە توێژەرەکانی ئامۆژگای ئەمریکان ئەنتەر پرایس، لە هەمانکاتدا یەکێك بووە لە راوێژکارە نزیکەکانی یاریدەدەری وەزیری بەرگری ئەمریکا، پێشتریش مایکل رۆبن چەند ساڵێك هەر بۆ ئەو مەبەستە لە رێگەی تورکیاوە هاتبووە کوردستان و زانیاری تەواوی کۆکردبووەوە، هەر بۆیە لە سەر پرسی عێراق، زۆر جاران لیژنەی بەرگری کۆنگرێس و ستافی پێنتاگۆن دانیشتنی گوێگرتنیان بۆ گرێدەدا.

لە سەرەتادا و لە سەر راسپاردەی ستافی ژەنراڵەکانی تورکیا، مایکل رۆبن بۆ ئەوە راسپێردرابوو، کە پشتگیری ئەمریکا بۆ مسعود بارزانی نەهێڵێت، ئەو کات سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق، بریتی بوو لە عێراقێکی یەکپارچە و دڵنیایی بۆ تورکیا، بۆیە میتی تورکی بەو جۆرە زانیاری بۆ مایکل رۆبن کۆدەکاتەوە بۆ ئەوەی هەوڵەکانی بارزانی نەك هەر بۆ دامەزراندنی دەوڵەت لە عێراقدا، بەڵکو ئەو مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە لەسەر هەر چوار پارچە، بە دەق ئەمەی نووسیوە: «تەلەفزیۆن و رۆژنامەکانی ژێر دەسەڵاتی بارزانی ئەو شتانە بڵاو دەکەنەوە کە دەبنە سەرچاوەی ناسەقامگیری، زۆر جار بە باشووری کوردستان ئاماژە بۆ کوردستانی عێراق دەکەن، ئەمەش مانای ئەوەیە کە بەشێکی گەورەی تورکیا باکووری کوردستانە، بەهەمان شێوە رۆژهەڵاتی سووریاش و شاری قامیشلی دەبێتە رۆژئاوای کوردستان، ئەو ئالایەی بارزانی بڕیاری لەسەر داوە هەڵبکرێ، ئالای کۆماری مەهابادە کە بە پشتگیری سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٤٦ سەربەخۆیی خۆی لە ئێران راگەیاند، بەڵام تەمەنی کۆمارەکە درێژ نەبوو، ئەو نەخشانەی لە چاپخانەکانی کوردستان چاپ دەکرێن و لە بازاڕەکانی هەولێر و سلێمانی دەفرۆشرێن، نەخشەی کوردستانی گەورەیە و سنوورەکەی لە دەریای سپی ناوەڕاستەوە بۆ کەنداوی فارسییە.» ئەمەش دەقە ئینگلیزییەکەیەتی:

(Kurdish television and newspapers are rife with incitements to unrest، often referring to Iraqi Kurdistan as «South Kurdistan،» thereby implying that large chunks of Turkey must be «North Kurdistan.» Likewise، they place the eastern Syrian city of Qamishli in «West Kurdistan.» The Kurdish flag adopted by Barzani is that of the short-lived، separatist Mahabad Republic، which، with Soviet backing، declared its independence from Iran in 1946. Maps printed on Iraqi Kurdish presses and sold in the Erbil and Sulaymaniyah markets show a Greater Kurdistan stretching from the Mediterranean to the Persian Gulf.

ئەمە قسەی مایکل رۆبنی بەکرێگیراوی تورکیا بووە لە سەر مسعود بارزانی لە ساڵی ٢٠٠٧ لە وتارێکدا بە ناونیشانی: (بەدیهاتنی خەونەکانی کورد- E-abling Kurdish Illusions)، بەڵام کۆمپانیای وشەکەی نەوشیروان مستەفا ئەمەی بۆ مایکل رۆبن راستکردەوە و پێی راگەیاند ئەوەی تۆ دەیکەیت، شکۆی مسعود بارزانی لەناوخۆ زیاتر دەکات، پێویستە مسعود بارزانی بە گەندەڵی تۆمەتبار بکرێت، بۆ ئەمەش فێری کرد باسی خەونەکانی کورد نەکات، بەڵکو باسی ئەوە بکە ئەو کوردستانەی جورج بوش بەنیاز بوو بیکاتە



**کۆمپانیای وشەکەی نەوشیروان مستەفا ئەمەی بۆ مایکل رۆبن راستکردەوە و پێی راگەیاند ئەوەی تۆ دەیکەیت، شکۆی مسعود بارزانی لەناوخۆ زیاتر دەکات، پێویستە مسعود بارزانی بە گەندەڵی تۆمەتبار بکرێت، بۆ ئەمەش فێری کرد باسی خەونەکانی کورد نەکات، بەڵکو باسی ئەوە بکە ئەو کوردستانەی جورج بوش بەنیاز بوو بیکاتە منارەی دیموکراتی، ئێستا لە سایەی مسعود بارزانی بۆتە دیکتاتۆریەت و گەندەڵخانە**

**لەگەڵ ئەوەی ئێران یەکێکە لەو دەوڵەتانەی لە بەرەیەکی فراواندا و لەچەند وڵاتێک شەڕ لەگەڵ تیرۆریستانی داعش دەکات، بەڵام ئەندامی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش نییە. دژایەتیکردنی داعش لە لایەن ئێرانەوە لە سەر بنەمای پاراستنی نفووز و مەدی شیعەیە، نەک دژایەتی تیرۆر وەک پەتایەکی ترسناکی دژی مرۆڤایەت**



منارەی دیموکراتی، ئێستا لە سایەی مسعود بارزانی بۆتە دیکتاتۆریەت و گەندەڵخانە، مسعود بارزانی ٢,٤ ملیار دۆلاری کۆکردۆتەوە و مۆدێلی یاسر عەرەفاتێکی دیکە دووبارە دەکاتەوە، ئەم وتارەی لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٨ لە ویکلی ستاندەر بە ناونیشانی (ئایا کوردەکانی عێراق هاوپەیمانێکی باشن - Is Iraqi Kurdistan a Good Ally) بڵاوکردەوە. خوێنەرانی ئەم دیرانە ئەگەر ویستیان ئەم وتارە بخوێننەوە، لە وێبسایتی ئەمریکان ئەنتەر پرایس بە کوردی بوونی هەیە و شایەنی باسە ئەمە تەنیا وتاری مایکل رۆبنە لەیەك کاتدا بە کوردی و بە ئینگلیزی بڵاو کراوەتەوە، دوای بڵاوبوونەوەشی هەر لە ساڵی ٢٠٠٨ لە رۆژنامەی کۆمپانیای وشە و رۆژنامەی تورکمان ئیلی بڵاوکراوەتەوە. ئەوەی ئەم وتارەی مایکل رۆبن بە کوردی بخوێنێتەوە، دەگاتە یەك ئەنجام، ئەویش یان ئەوەیە بەرنامەی بزووتنەوەی گۆڕان مایکل رۆبن دایناوە و نەشیروان مستەفا جێبەجێی دەکات، یان ئەوەتا مایکل رۆبن پێشتر ئەم زانیارییە چەوتانەی نەبووە و نەوشیروان مستەفا بۆی ناردووە، هەر ئەویش پێشنیاری کردووە کە وتارەکە لە یەك رۆژدا بە کوردیش بڵاو بکاتەوە، بۆ ئەوەی بۆ ناوەوەی هەرێمی کوردستان کاریگەری هەبێت!.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا کەسێك خۆی بە سیاسەتمەدار بزانێت و لەبەر چاوی جەماوەر بەو جۆرە خۆی وێنا بکات کە ئامانجی سەربەخۆیی و مافەکانی گەلی کوردستانە، خۆی هێندە بچووك دەکاتەوە عەمیلی بۆ عەمیلێکی ژەنڕاڵ یەشار بیوکانیت بکات؟! ئایا کەسێك شۆڕشگێڕ بێت، هێندە خۆی بچووك دەکاتەوە، دەنگی خۆی بخاتە پاڵ دەنگی داگیرکارانی کوردستان و ڕێگە نیشاندەریان بێت بۆ ئەوەی ئامانجەکانیان سەرکەوتوو بێت؟ ئەم قسانەی دەیکەین درۆ و بوختان و جنێوەکانی کۆمپانیای وشە و بزووتنەوەی گۆڕان نین، ئەمانە راستین و بێجگە لەوەی بەشێکمان لێکردووە بە کوردی، خوێنەر دەتوانێت هەر ئێستا بچێتە سەر گوگڵ و دەقی وتارەکان دەربهێنێت و بیخوێنێتەوە، ئەوجا دەزانێت کە رق و کینەی نەوشیروان مستەفا بەرامبەر مسعود بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان

**پێوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێوەندی پاشکۆیەتی، یان شەڕی وەکالەت کردن نییە بۆ بەرژەوەندی لایەک دژی لایەکی دیکە، بەڵکو پێوەندییەکی هاوسەنگە و لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و ڕێزی هاوبەشە**

**نەوشیروان مستەفا تەنانەت سەرکەوتنی کادیرانی حزبەکەی خۆیشی پێ قبووڵ نەکرا، تەنیا لەبەر ئەوەی ئەو کادیرانەی یەکێتی راستەوخۆ پاشکۆ و گرێدراوی ئەو نەبوون، بۆیە دەست لەکارکێشانەوەی خۆی لە یەکێتی راگەیاند و بەوجۆرە لەگەڵ مام جەلال باسی کردبوو کە ئەو بەنیازە سەنتەرێکی توێژینەوەی ستراتیژی بۆ دیراسات بکاتەوە و لە سیاسەت دووربکەوێتەوە، مام جەلال بۆ ئەم پرۆژەیە ١٠ ملیۆن دۆلاری پێدا بۆ ئەوەی پرۆژەکەی سەرکەوتوو بێت**

**ئەگەر ئێران خۆی بیتوانیایە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی رێگری لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بکات، ئەوا بۆ خۆی دەیکرد، داوای لە نەوشیروان مستەفا و چەند سەرکردەیەکی یەکێتی و عەلی باپیر نەدەکرد، لەو بوارەدا هاوکاری بن!**

**تۆماس فریدمان لە سەرۆک ئۆبامای پرسی: بۆچی لەسەر هەرێمی کوردستان وا زوو هاتنەدەست؟ لە وەڵامدا ئۆباما زۆر راشکاوانە بەمجۆرە وەڵامی فریدمانی دایەوە: هەولێر خەتی سوورە**

چەندە و لە پێناوی چییە؟ ئەو کات دەزانن رق و کینەی ئەم پیاوە چەند ترسناکە و چۆن **٣-٤** ساڵ لەمەوپێش هەموو ئامانجی ئەوە بوو یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەبەر یەك هەڵوەشێنێتەوە، ئێستاش هەموو ئامانجی بۆتە ئەوەی دەوڵەتی کوردستان لەبەر یەك هەڵوەشێنێت، تەنیا لەبەر ئەوەی ئەم دەوڵەتە لەسەر دەستی مسعود بارزانی دادەمەزرێت.

### ● حیلفەکەی بەغدا و تاران و دیمەشق و حزبوڵا دژی دەوڵەتی کوردستانە

ئەم حیلفە -چوار قۆڵی-یە کە عادل مورادی سەرۆکی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان داوا دەکات کورد پشتگیری بکات، هەموو ئامانجی رێگرتنە لە دەوڵەتی کوردستان. ئەو دەوڵەتەی کە مسعود بارزانی سەرۆکەکەی دەبێت و هەموو دەوڵەتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش بە پێویستی دەزانن، سەبارەت بەم داواکارییە، سالح قەلاب لە وتارێکی لە رۆژنامەی (الرأي)ی ئوردنی بە ناونیشانی (شەرمەزارییە بۆت ئەی عادل موراد -عیب علیك یا عادل مراد!) بڵاوکردۆتەوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە: بۆچی نووسەرێکی ناسراوی عەرەب بە سیاسەتمەدارێکی کورد دەڵێت: (کاتێك تۆ داوا دەکەیت کورد بچێتە ناو ئەو حیلفە چوار قۆڵییە، ئەوا شەرمەزارییە بۆ تۆ، لەبەر ئەوەی ئامانجی ئەو حیلفە ئامانجێك نییە نەتەوەکەت لێی سوودمەند بێت.)؟
ئەو پرسیارەش دروست دەبێت کە: یەکێتی نیشتمانی کوردستان چۆن لە عادل مورادی قبووڵ دەکات بەوجۆرە بە بێ شەرمی و بە ئاشکرا دژایەتی دەوڵەتی کوردستان بکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش ئەوەیە: ئێستا لە ناو سەکردایەتی یەکێتی پاشاگەردانییە و زۆربەیان بوونەتە پاشکۆی نەوشیروان مستەفا!
جارێکی دی ئەو پرسیارە زەق دەبێتەوە کە بۆچی نەوشیروان مستەفا دژی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش ئەوەیە: لەبەر ئەوەی ئەم دەوڵەتە لەسەر دەستی مسعود بارزانی دادەمەزرێت، ئەویش وەك سەرکردەیەکی لۆکاڵ هەتا تاسلوجەی سلێمانی خەڵك دەیناسێت و بەدامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیش لە کوردستان جێگەی نابێتەوە و هەموو پیلانەکانی ئاشکرا دەبێت و گەلی کوردستان شاربەدەری دەکات. کەواتە باشترین رێگە بۆ نەوشیروان مستەفا ئەوەیە، هاوپەیمانی لەگەڵ شەیتان بکات بۆ ئەوەی دژایەتی مسعود بارزانی و دەوڵەتی کوردستان بکات، هەروەك چۆن کە لە یەکێتی جیابووەوە، یەکێتی وەك حزبی بەعس وێنا کرد بۆ ئەوەی لەبەریەك هەڵیوەشێنێتەوە و ئامادەبوو لەگەڵ شەیتان هاوپەیمانی بکات بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆی لە مام جەلال و یەکێتی بکاتەوە.
بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەمجارەیان نەوشیروان ئەم خەونەی بۆ دێتەدی و وەك ئەوەی خۆی لەگەڵ یەکێتی تاقی کردەوە، دەتوانێت خۆی لەگەڵ شکۆی مسعود بارزانی تاقی بکاتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆك کۆماری تورکیا دەیداتەوە، وەڵامەکەش ئەوەیە: رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆك کۆماری تورکیا کە ئێستا خۆی بە سوڵتانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەزانێت و وڵاتەکەی زیاتر لە ٥٠ ساڵە ئەندامی ناتۆیە، داوا دەکات ئەمریکا، پەیەدە و شەڕڤانان وەك تیرۆریست سەیر بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی مسعود بارزانی لەو هاوکێشەیە ئامادەیە، ئەمریکا بە فەرمی رایگەیاند ئەوان دژی تیرۆریستن و وەك تیرۆریست سەیر ناکرێن. لەمەش زیاتر هەقە نەوشیروان مستەفا و هەوادارەکانیشی بۆ وەڵامی ئەم خەونە حوشترییە، بچن سەردانی وێبسایتی ئەنجوومەنی پێوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا بکەن و لەوێ کۆڕەکەی (محەمەد جواد زەریفی وەزیری دەرەوەی ئێران) دانراوە، کاتێك لێی دەپرسن: ئایا ئێوە لەم شەڕەی داعشدا هاوکاری کوردستانتان کردووە؟ لە وەڵامدا دەڵێت: بچن لە مسعود بارزانی بپرسن بزانن هاوکاریمان کردووە، یان نە.
ئاماژەکردن بۆ ئەم دوو نموونەیە بۆ ئەوە نییە کە بڵێین نەوشیروان مستەفا پێی دەکرێت، یان نە، بەڵکو بۆ ئەوەیە بڵێین، ئەگەر ئێران خۆی بیتوانیایە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی رێگری لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بکات، ئەوا بۆ خۆی دەیکرد، داوای لە نەوشیروان مستەفا و چەند سەرکردەیەکی یەکێتی و عەلی باپیر نەدەکرد، لەو بوارەدا هاوکاری بن! ئێران دەزانێت، دژایەتیکردنی ئێستای مسعود بارزانی واتە دژایەتیکردنی دەوڵەتی کوردستان، دژایەتیکردنی دەوڵەتی کوردستانیش واتە شەڕکردن لەگەڵ تەواوی دەوڵەتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش و لەگەڵیشیاندا ئیسرائیل، بۆیە وەك دوایین کارت پەنای بردووە بۆ دەستێوەردان و بەکارهێنانی ئەو چەند سەرکردە لۆکاڵە بۆ ئەوەی بارودۆخی کوردستان بشێوێنن!! دوایین پرسیاریش ئەوەیە: ئایا ئەمەیان پیدەکرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش تۆماس فریدمان دەیداتەوە کە خۆی لە سەرۆك ئۆبامای پرسی: بۆچی لەسەر هەرێمی کوردستان وا زوو هاتنەدەست؟ لە وەڵامدا ئۆباما زۆر راشکاوانە بەمجۆرە وەڵامی فریدمانی دایەوە: هەولێر خەتی سوورە.

# ئیتر تەواو.. بێ دەوڵەتی بێ مانایە



شازاد ئەنوەر

*لە هێرشی پێرڵ هاربەردا شکستێکی سەرسوڕهێنەر بەسەر مارینز-دا هات ژاپۆنییەکان تەواوی توانای ئاسمانی خۆیان بەکارهێنا تا هێزی دەریایی ئەمریکی تێکبشکێنن و پتر لەسێ هەزار و سێسەد دەریاوانیان لەناوبرا، ئەو شەڕە وایکرد چەکی ئەتۆمی لە جەنگی دووەمی جیهان بەکاربێت، هیرۆشیما و ناکازاکی هەزار ئەوەندەی ئەو رووداوە قوربانی لێکەوتەوە، بەڵام کۆتایی بە جەنگی دووەمی جیهان هێنرا، نە مۆسۆلینی و نە هیتلەر بەرەنگاری حاڵەتەکە نەبوونەوە، ئیتر لەوێوە جوگرافیای جیهان بە پراکتیکی گۆڕانکاری بەسەر داهات، بەڵام ئەو شێوەیە نەیتوانی مەودای جیۆپۆلەتیك بە بەرژەوەندی دوو جەمسەری کەپیتەلیزم و سۆسیالیزم بگۆڕێت، چونکە لە ئەوسادا ئاسان نەبوو لە(کونفەیەکونێك) گەردوون شێوازێکی نوێ بەخۆیەوە ببینێت، هەمووومان دەزانین گۆڕانکاری بە بێ هەڵکەوتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری مەحاڵە وەدی بێ.

*ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشەنگایەتییەکی نوێی سەردەستەیی لە نوێبوونەوەی سەردەمی سەرمایەداری پێشکەش کردووە، لێ لە هەشت ساڵی رابردوودا بەڕێز ئۆباما سەرۆکی ئەو وڵاتە درێژەی بەو میتۆد و سیستمە نەدا. نایشارمەوە لای خۆم قەناعەتێکم بۆ دروست بووە، چونکە ئەو پیاوە رەشتپێستێکی ئەفریقییە و هەمیشە خۆبەکەمزانینی لابۆتە گرێیەکی دەروونی. جۆرج واشنتن ویستی مۆدێکی نوێ لە ژیانی سیاسی ئەمریکا، وەکایە بێنێت، روانینی جۆرج وەك بۆش خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی بە شکڵ و شەمایلێکی دی دارشتەوە. پێشمەرگە هێمایەکی تازەی خستە بەردەم زوومی مارێنز و گوتی: قودرەتی ئابووری و تەقەمەنی ئێوە و تاقەتی بەشەری و خوێنی ئێمە، کەچی لە بری گوێگرتن لەو فکر و فەلسەفە تازەیە، دەڤەرەکەیان خستەوە بەردەم شەڕی ساردی قۆناغی جەنگی دووەمی جیهان. بەڵێ رووسیایان گەڕاندەوە هەمان جوگرافیای پێشووتر، ئێستا لە سوریا و عێراق و بگرە مۆریتانیا تادەگاتە یەمەن بە هەژمونێکی کاریگەر هاتوونەتەوە گۆڕەپان. دەپرسم کۆشکی سپی ئەمڕۆ لە کوێی ئەو بیردۆزەدایە؟!

*ئەمڕۆ نە سەردەمی پێرڵ هاربەرە نە جەنگی دووەمی جیهانیش ماوە، هاشوهووشی ئابووری لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەموو سایتی رێڕەوەکانی تێپەڕاندووە. کورد توانای بەشەری و قودرەتمەندی رادەبەدەری تێدا مەوجوودە، گەر واشنتۆن، یاخود مۆسکۆ و پاریس و لەندەن بیانەوێت پێگەی خۆیان لەو فەزایە بهێڵنەوە، دەبێت سوود لەو هەناسە بەشەرییەی کورد وەربگرن، بە پێچەوانەوە زەمانی رابردوو رەفت و گوزەشت، ئیتر ئێمەش دەوڵەتمان دەوێت، چونکە لە بەرژەوەندی هەمووانە.

* لۆژیك پێمان دەڵێت لەهەر ماراسۆنێك پێش نەکەوی، یەکێکیتر پێشت دەکەوێت، ئێمە ئێستا لە پێشەوەین، بۆیە جارێکی دی رێگە نادەین کەس لێمان بباتەوە.



تورکمانەکان لەگەڵ کورد مێژوویەکی دوور و درێژ و هاوبەشیان هەیە و لە دێرزەمانەوە پێکەوە دەژین و بە پێکهاتەیەکی سەرەکی و کوردستانی دادەنرێن. تورکمانەکان لەگەڵ کورد و پێکهاتەکانی دیکەی کوردستان زۆر خاڵی هاوبەشیان هەیە، ئەمڕۆ ئازادییەکی باش بۆ تورکمانەکانی کوردستان هەیە و لەسەر هەموو کار و پڕۆژە و بڕیارێك راوبۆچوونیان وەرگیراوە. ئەوان گلەییان هەیە بەرامبەر ئەو دەنگانەی لە هەندێك حزبی کوردستانەوە بەرز دەبێتەوە بۆ پەراوێزخستن و دوورخستنەوەیان لە پرۆسەی سیاسی و کەمکردنەوەی کورسییەکانیان لە پەرلەمانی کوردستان. هەروەها سەبارەت بە مافەکانیان پێیانوایە گەر بێتوو هاووڵاتیانی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دیکە لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان بەشدار بن، دەبێت نەك تەنیا ژمارەی کورسییەکانیان زیاد بکرێت، بەڵکو لە پۆستە باڵاکانیشدا حیسابیان بۆ بکرێت. گۆڤاری گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەی دڵشاد چاوشلی سەرۆکی پارتی دیموکراتی تورکمانی کوردستان کردووە و لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاودەکەینەوە.

**دڵشاد چاوشلی**

**سەرۆکی پارتی دیموکراتی تورکمانی کوردستان بۆ گوڵان:**

# ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستان ڕوودەدات فیتنە و گێرەشێوێنییە و تەنیا خزمەت بە دوژمن و تیرۆریستانی داعش و دەستێوەردانی دەرەکی دەکات

*** هەرێمی کوردستان بە بارودۆخێکی هەستیار و دژواردا تێپەڕ دەبێت. ئایا لەم دۆخەدا کە پێشمەرگە سەرقاڵی شەڕی تیرۆریستانی داعشن و بەغدا گەمارۆی ئابووری لەسەر کوردستان سەپاندووە، تاچەند ئێوە وەکو پێکهاتەیەکی کوردستانی پارێزگاری لە سەقامگیری و ئاسایشی کوردستان دەکەن؟**

- وەکو ئاماژەت پێدا کوردستان لە دژوارترین بارودۆخەکانیدایە و پێشمەرگە لە شەڕێکی قورسدایە دژ بە دڕەندەترین تیرۆریستانی داعش شەڕ دەکات، لەم پێناوەشدا هەزاران شەهید و برینداری لێکەوتۆتەوە، هاوکات بەغدا بۆ زیاتر لە ساڵێکە گەمارۆیەکی سەختی لەسەر کوردستان سەپاندووە. لە دەوروبەریشماندا دۆخەکە ئاڵۆز بووە، دوای ئەوەی هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان و ململانێی زلهێزەکانی جیهان تێکەڵ بە شەڕی سووریا و عێراق بووە. وەکو دەبینین وڵاتێکی زلهێزی وەکو ڕووسیا بە هەموو هێزی ئاسمانی و دەریایی و زەمینی و چەك و جبەخانەوە هاتۆتە سووریا و لە دەریای قەزوینەوە بارەگاکانی هێزەکانی دژ بە بەشار ئەسەد مووشەکباران دەکات، ئەمەش کاریگەری لە سەر کوردستانیش دەبێت. لەم دۆخەدا ئێمە وەکو نەتەوەی تورکمان و پێکهاتەیەکی ڕەسەن و سەرەکی لە کوردستان پێمان خۆشە هێمنی و ئاسایش لە کوردستان هەبێت، چونکە نەتەوەکانی دەوروبەرمان کەوتوونەتە ناو ئاگرێکی گەورە، ئێمەش نامانەوێت خەڵکی سڤیل لە کوردستان دووچاری ئەو داماوی و نەهامەتییە ببن، کەچی لە بەرامبەردا بەداخەوە زۆر لە حزبەکانی کوردستان ئاستەنگیان لە بەردەم وتارێکی یەکگرتووی سیاسی داناوە.. هەر بۆیە ڕەوشی نائارامی و دڵەڕاوکێ لەناو خەڵکی کوردستان دروست بووە، کە وایکردووە گەنجەکانمان ڕێگەی هەندەران بگرنەوەبەر، لەبری ئەوەی لەم قۆناغەدا پاڵپشتی پێشمەرگە و هەوڵەکانی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

**پێویستە حزبە کوردستانییەکان لە موزایەدە دووربکەونەوە و پشتگیری سەرۆکی کوردستان بکەن و قەیرانەکان لەسەر خەڵکی کوردستان قووڵتر نەکەنەوە**

بین بۆ پاراستنی ئەزموونەکەمان، هاتووین خۆمان و خەڵکیشمان سەرقاڵی شەڕی پرسی سەرۆکایەتی هەرێم کردووە، لە کاتێکدا بە توانایی و پڕ ئەزموونی ئەو سەرکردەیە توانراوە جیهانی پێشکەوتوو هاوکارمان بن بەو هاوکارییە سەربازی و ماددی و لۆجیستییەی کە پێشکەش پێشمەرگە کراوە، توانرا بە درێژایی ١٠٥٠ کیلۆمەتر لە بەرەکانی شەڕ شکست بە داعش بهێنین، هەر لە کۆبانێ تاوەکو خانەقین. هەر بۆیە دەکرا حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ئەو خاڵ و ناکۆکییانە بەلاوە بنێن و گفتوگۆ و پرسە ناکۆکەکان بخرێنە دوای شەڕی داعش، لەمەشدا هەموو کەسایەتی و حزبە نیشتمانپەروەرەکان وامان کردووە، بەڵام هەندێك لەو حزبانە داخ لەدڵن و چاویان بە سەقامگیری کوردستان هەڵنایەت. هەر بۆ نموونە کاتێك ئێمە پرسی سازان و گفتوگۆ و وەلانانی گرفت و ناکۆکییەکانمان ختسەڕوو، کەچی ئەو حزبانە تۆمەتباریان کردین بەوەی پاڵپشتی و پشتگیری پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین. لەبیریان چووە ئێمە پاڵپشتی سەقامگیری و پاراستنی خەڵکی کوردستان و بار و گوزەرانی ئەو خەڵکە پڕ لە مەینەتییە دەکەین، وەك تۆڵە کردنەوەیەکیش لەم هەڵویستەمان ئەو حزبانە هاتن داوای کەمکردنەوەی ئیستحقاقاتی نەتەوەیی تورکمان دەکەن بە کەمکردنەوەی ژمارەی کورسییەکانمان، یا لە رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان مافەکانمان زەوت دەکەن، ئەو مافانەی کە جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی داکۆکی لە سەر کردووە . بەڕێز مسعود بارزانی بە هاوشێوەی هەموو پێکهاتە و ئایین و ئایینزاکانی کوردستان داکۆکی زۆری لە نەتەوەی تورکمان لە عێراق و کوردستان کردووە، هەر بۆیە ئێمەش مافی خۆمانە بەرگری لەو سەرکردەیە بکەین کە پاڵپشتی نەتەوەکەمانە. دەبێت لەم قۆناغە هەستیار و ناسکەدا حزبەکانی کوردستان نیشتمانییانە و نەتەوەییان هەڵسوکەوت بکەن، چ ئەوانەی لەناو پەرلەمانن و چ ئەو حزب و لایەنە سیاسییانەی لە دەرەوەی پەرلەمانن، نەك هەوڵی قووڵکردنەوەی قەیرانەکان و موزایەدەکردن بدەن.

*** ئایا حزب و لایەنە تورکمانەکان تاچەند لەو کۆبوونەوە و وتووێژە چارەنووسسازانە بەشدارن بۆ ئەوەی لە نزیکەوە رۆڵی زیاترتان هەبێت بۆ دۆزینەوەی رێگە چارەسەرەکان؟**

- ئێمە وەکو حزب و لایەنە تورکمانییە کوردستانییەکان بە پێویستی دەزانین لە هەموو ئەو کۆبوونەوە و دانوستاندنانە بەشدار بین کە لە نێوان پێنج حزبەکە ئەنجام دەدرێت، نەك تەنیا وەکو چاودێرێك بین و رۆڵمان پێ نەدرێت. جێگەی داخە ئەو لایەنە سیاسی و حزبە کوردستانییانەی تا دوێنێ بوو باسیان لە دیموکراتی و بەشداریکردنی زۆرینە لە حوکمرانی دەکرد، ئەمڕۆ بەپێچەوانەوە هەڵسوکەوت دەکەن. ئەو چوار حزبەی کوردستان (گۆڕان و یەکیتی و کۆمەڵ و یەکگرتوو) بەهەموو شێوەیەك دژ بە نەتەوەی ئێمە رادەوەستن و دیانەوێت تورکمان تەنیا بە یەك ئەندام بەشدار بێت لە کۆبوونەوەکاندا، کە ئەمە لای تورکمانەکان قابیلی قبوڵکردن نییە. ئێمە بەپێی یاسا و رێنماییەکان مۆڵەتی حزبیمان هەیە و لە پرۆسەی هەڵبژاردن بەشدار بووین وەدەنگمان هێناوە و پێکهاتەی حکومەت و ژمارەی کورسییەکانمان بە تەوافق و رێککەوتن بەدەست هێناوە و تەنانەت داوای پۆستی سیادیشمان نەکردووە، ناشبێت چەند حزبێك بە ناوی گەلی کورد پێشێلکاری ماف و ئیستحقاقاتی نەتەوەی دووەم بکەن. ئەمە زیانی بۆ ئەو کەلتوورەی پێکەوەژیان و ناوبانگی هەرێمی کوردستان لە جیهانی پێشکەوتوو دەبێت کە لەسەر ئەو بنەمایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داوای لە حکومەتەکانیان هەیە پاڵپشتی و پارێزگاری لەکوردستان بکەن.

*** لەگەڵ ئەم هەوڵانە بۆ پەراوێزخستنی نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان، بەڵام بە بەردەوامی سەرۆك بارزانی پاڵپشتی و هاوکاری خۆی بۆ هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی کوردستان دووپات کردۆتەوە. ئێوە چۆن لەم هەڵوێستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەڕوانن؟**

- دەزانین بۆچی جیهانی پێشکەوتوو رێگەی نەدا کوردستان داگیر بکرێت، یاخود وڵاتانی دەوروبەر هێرش بکەنە سەرمان، ئەمە بۆ ئەو کەلتوورەی پێکەوەژیان و لێبووردەییە دەگەڕێتەوە کە گەلی کوردستان پێی ناسراوە و مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان بە بەردەوامی لە هەوڵی پاراستن و دەوڵەمەندکردنی بووە. هەر ئەمەشە وایکردووە ئێمە لە بیروبۆچوون و ستراتیژییەتی بەڕێز مسعود بارزانی نزیك بین. کێ پاڵپشتی و پشتگیری مافەکانی نەتەوەی تورکمان بکات، ئێمەش دەبێت پاڵپشتی بکەین. لە هەموو پرسە ناوخۆیی و نیشتمانییەکان پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداری بە ئێمە کردووە، چ بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەی کێشە و قەیرانەکان، چ بۆ داکۆکیکردن لەسەر کێشە نەتەوەییەکان، هەر جەنابی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو کە وایکرد زۆرترین مافەکانمان لە ناو دەستووری عێراقدا جێگیر بکرێت، لە کوردستانیش مافەکانمان جێگیر بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانین مومارەسەی کار و مافە نەتەوەییەکانمان بکەین. ئێمە پێمانوایە ئەم کەلتوورەی

پێکەوەژیان و لێبووردەییە بەرهەمی فیکری مستەفا بارزانی -یە کە هەموو پێکهاتەکان بە تورکمانیشەوە لە دەوری ئەو سەرکردەیە کۆبوونەوە و گەورەترین شۆڕشیان هەڵگیرساند. من هەرگیز ئەو بیرەوەرییە لەیاد ناکەم کە لە ساڵی ١٩٧٠ دانوستاندن لە نێوان لایەنی کوردی و حکومەتی عێراق ئەنجام درا، سەرکردە مستەفا بارزانی پێداگیری کرد لە مافە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوەی تورکمان، ئەمەش بووە بناغە و رێچکەی سەرەکی بۆ پێکەوەژیانی نێوان هەر دوو نەتەوەی کورد و تورکمان لە دوای راپەڕینیش بەڕێز مسعود بارزانی هەر لەسەر هەمان رێچکە درێژەی بەو کەلتوورە دا و پێداگیری لەجێگیرکردنی مافە نەتەوەییەکانی تورکمان کرد.

*** ماوەیەکە بە پلانێکی داڕێژراو چەند حزب سەرقاڵی نانەوەی فیتنەیەکی گەورەن، ئایا ئەمە تا چەند کاریگەری خراپی لەسەر رەوشی سەقامگیری و ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەبێت؟**

- زۆربەی حزبەکان لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشدارن. ناکرێت ئەو چوار حزبەی ئێستا کە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان لە دانوستاندان، خۆیان بە بەرپرسیار لە قەیران و کێشەکانی خەڵکی کوردستان نەزانن. ئەوان دەستیان کردووە بە موزایەدەی سیاسی و هەیبەت و شکۆی پەرلەمانیان شکاند، لە کاتێکدا هەمووان دەزانن پەرلەمان شوێنی موزایەدە و راگەیاندنی چەواشەکاری نییە، بەڵکو شوێنی دانانی یاسا و تەشریعات و چاکسازی و چاودێریکردنی ئەدای حکومەتە. ئەو حکومەتە ئەوانیش تێیدا بەشدارن و لێی بەرپرسیارن. ئەوەی ئەمڕۆ لە پەرلەمانی کوردستان روودەدات، فیتنە و گێرەشێوێنییە و بە هیچ شێوەیەك خزمەت بە خەڵکی کوردستان ناکات و تەنیا خزمەت بە دوژمن و تیرۆرستانی داعش و دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێمان دەکات. ئەگەر ئەو حزبانە دۆخەکە هێور نەکەنەوە و لەسەر ماکینەی شەڕی راگەیاندن بەردەوام بن، زیان بە ئەزموونەکەمان دەگەیەنن. تۆ سەیری ئەو دوو دیمەنە جیاوازە بکە بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەناو سەنگەرە دژ بە تیرۆرستانی داعش، کەچی لەلای ئەو حزبانە هێرشی راگەیاندن بەرامبەر ئەو سەرکردەیە دەکرێت و خزمەت بە مەرامی هەواڵگری ئەو وڵاتانە دەکەن کە دژی بەدەوڵەتبوونی کوردستانن. بگرە بە روونی دیارە کەسایەتی وا هەیە بە ئاشکرا دەستی لەناو دەستی دوژمنانی کوردە، ئەگەر ئەو دەست و پیلانانە نەبڕدرێت، بە تەئکید دۆخی سەقامگیری و ئاسایش تێك دەچێت. ئێمە وەکو حزبێکی تورکمان پاڵپشتی لە خۆپیشاندانی هێمنانە دەکەین بۆ بەدەستهێنانی مافەکان، بەڵام ئاشکرایە ناحەزانی گەلەکەمان زۆرن و ئاراستەی خۆپیشاندانەکان بۆ خراپەکاری دەگۆڕن، لە کاتێکدا لە چواردەورماندا دۆخەکە ئاگری تێبەر بووە و لە ناوخۆشدا هاووڵاتیانی کوردستان بەدەست بێ مووچەیی و بێ بازاڕی و بێکارییەوە ماندوون. ئەمڕۆ کوردستان لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە بەرهەمی عەقڵ و لۆژیکی سەردەمییانە هەیە، دوور لە موزایەدەی راگەیاندنەوە، ئەوەی سەرکردایەتی ئەم دۆخە ئاڵۆز و دژوار و پڕمەترسییەی پێ دەکرێت، تەنیا بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە کە زۆر حکومەتە پێشکەوتوو زلهێزەکانی جیهانی بەرەو هاوکاریکردنی پێشمەرگە راکێشاوە و کوردستانیش لە راگەیاندنی دەوڵەت نزیك بووەتەوە، گەلی کوردستان هەر کاتێك یەکریز و تەبا بوون، دەستکەوتەکانیان گەورە بووە، بە پێچەوانەشەوە هیچی دەست نەکەوتووە. لە دەستدانی سەقامگیری و ئارامی کوردستانیش خزمەت بە دۆخەکە و هیچ حزب و سیاسەتمەدارێکی کوردستان ناکات.

*** هەر سەبارەت بە ئاشتی و دەستکەوتەکانی گەلی کورد چەند ساڵێکە پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا هەنگاوی باشی بڕیبوو، هەردوو گەلی کورد و تورك لێی سوودمەند بوون؛ ئایا وەکو تورکمانەکانی هەرێمی کوردستان تاچەند پاڵپشتی و پشتگیری لە مافەکانی گەلی کورد لە تورکیا دەکەن؟**

- با بە لۆژیکی عەقڵ بڕوانینە پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا کە تێیدا هەردوو گەلی کورد و تورك سوودمەندی سەرەکی و راستەوخۆی ئەو پرۆسەیە بوون. تەنیا لایەنێك لەم پرۆسەیە سوودمەند نەبووە، ئەویش دوژمنانی کوردە، چونکە بە پلەی یەکەم کوردە داوای مافە رەواکانی خۆی دەکات و لە ئاشتیدا دەستی کەوتووە. ئێمە وەکو تورکمان پاڵپشتی لە تەواوی مافەکانی گەلی کورد لە تورکیا دەکەین، هەروەکو چۆن ئێمە داوای تەواوی مافەکانی تورکمان لە کوردستان دەکەین، هەرواش پاڵپشتی ئەوان دەکەین. بڕوانن وێنەی عەبدوڵا ئۆجەلان بە ئاشکرا لە بارەگای پارتە کوردییەکان لە تورکیا هەڵدەواسرێت و پارتە کوردییەکان خاوەنی چەندین کورسیی پەرلەمانن کە تەنانەت گەلی کورد لە عێراق دوای ئەو هەموو ساڵە دەستی نەکەوتووە. هەر بۆیە راوەستانی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا زۆر دڵتەنگی کردین، ئەوەش زیانی بۆ هەرێمی کوردستانیش هەیە، کورد مافی خۆیەتی دەوڵەتی هەبێت، بۆ کەس نییە دژایەتی ئەم دەوڵەتە بکات، کە تێیدا ئێمەی تورکمانیش سوودمەند دەبین.

**کورد مافی خۆیەتی دەوڵەتی هەبێت، بۆ کەس نییە دژایەتی ئەم دەوڵەتە بکات، کە تێیدا ئێمەی تورکمانیش سوودمەند دەبین**

# هێزی پێشمەرگەی رۆژئاوا بەشێک لەو سوپایەی بەرگری لە هەموو کوردستان دەکات



دارِشتنی ژێرخانێکی پتەو بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەك سوپای بەرگری لە هەموو سنوورەکانی کوردستان و پارێزەری تاکەکانی کوردستان لە سەرتاسەری کوردستاندا، تەنیا پرۆژەی مەشق و راهێنانی سەربازی و چۆنییەتی بەکارهێنانی چەك و شارەزابوون لەسەر چەکە هاوچەرخەکان نییە، بەڵکو ئەم پرۆژەیە هەمەلایەنە و لەسەر بنەمای بیری نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ بونیادنانی ئیرادەیەك لای تاکەکانی کوردستان هەنگاو دەنێت، بە جۆرێك کە بتوانێت کوردستانەکانی عێراق و سووریا و ئێران و تورکیا بکاتەوە بە کوردستانی کورد و کوردستانییەکان، راشکاوانەتر وەك بیرمەندی گەورەی تورك و دۆستی نزیکی کورد ئیسماعیل بێشکچی ئاماژەی پێکردووە، «ئێستا هەر یەك لە چوار دەوڵەتە داگیرکارەکەی کوردستان، هەریەکەو کوردستانی خۆیان هەیە، بەڵام تەنیا کوردە کە کوردستانی نییە» لەم روانگەیەوە پرۆژەی دروستکردنی لەشکری رۆژی هێزی پێشمەرگەی رۆژئاوا، هەنگاوێکی لۆژیکی کردەییە بۆ دامەزراندن و پاراستی کوردستانی کورد و کوردستانییەکان. کەواتە پرۆژەی د ر و ستکر د نی لەشکری رۆژی هێزی پێشمەرگەی رۆژئاوا، تەنیا پرۆژەیەکی سەربازی نییە، بەڵکو پرۆژەیەکی نیشتمانی دووربینانەیە بۆ بونیادنانی ئیرادەی مرۆڤی کورد و کوردستانی، بەوەی چۆن پێناسەی کورد وەك نەتەوە و کوردستان وەك نیشتمان دەکاتەوە.، راشکاوانەتر وەك مستەفا بارزانی دەڵێت: «گرنگ نییە تۆ بە چ چەکێك شەڕ دەکەیت، گرنگ ئەو کەسەیە کە لەپشت ئەو چەکەیە و بەو چەکە شەڕ دەکات». لەبەر رۆشنایی ئەم فیکرە مەزنە، سەرۆك مسعود بارزانی بۆتە هاوکار و یارمەتیدەر بۆ ئەوەی لەشکری رۆژی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دابمەزرێت، پێشمەرگەکانی نێو ئەم لەشکرە لە سەر بنەمای ئەو فیکرە نەتەوەیی و نیشتمانییە



**لەم کاتەدا کە هاوکێشەی ناوچەکە بە گشتی و سووریا بەتایبەتی گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتووە، هاوکاری ئەمریکا و هاوپەیمانان بۆ ڕۆژئاوای کوردستان لە ژێر چەتری سەرۆک مسعود بارزانی، مانای ئەوەیە چیدیکە ڕۆژئاوا پێویستی بەوە نابێت پشت بە دیمەشق، یان تاران ببەستێت**

**ئامادەباشی فەرمی ئەمریکا بەوەی ئامادەیە مامەڵەی پێشمەرگە لەگەڵ شەڕڤان و پێشمەرگەی ڕۆژئاوا بکات، ئەمە مانای ئەوەیە ئەمریکا و هاوپەیمانان ڕازین لە داڕشتنەوەی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، باشوور و ڕۆژئاوا بکرێنە یەک دەوڵەت و ئەم دەوڵەتەش سنوورەکەی درێژ بێتەوە تا دەگاتە کەنارەکانی دەریای سپی ناوەڕاست**

**ئەگەر دەستێوەردانی ئێران نەبوایە کە هانی پەکەکەی دا هەندێک کاری چەکداری لابەلا بکات، ئەوا زۆر نزیک بوو کە هاوپەیمانی ناتۆ پەکەکە لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان دەربهێنێت**

پــەروەردە کراون، کە چیدیکە کوردســـتان بە چوار پارچە نەبینیـــن، چیدیکە چەمك و دەســـتەواژەی داگیرکارانی کوردستان بەکار نەهێننەوە و جیاوازی لە نێوان پارچەکانی کوردســـتان نەهێڵن، دروست وەك لەشـــکرەکەی مستەفا بارزانی کە خۆی بە پێشمەرگەی هەموو کوردستان دەزانی و هەر شـــوێنێکی کوردستان پێویســـتی بە بەرگری بوایە مســـتەفا بارزانی و لەشـــکرەکەی لەو شوێنە ئامادەبوون، فیکری مســـتەفا بارزانی لە سەردەمانی شەڕی سارد و تەقدیس کردنی سەروەریی دەوڵەت و تەقدیسکردنی سنوورە دەســـتکردەکان، نەك هەر توانی لەســـەر ئاستی باشووری کوردســـتان کۆتایی بە ناوچەگەری بهێنێت، بەڵکو لەسەر ئاســـتی هەموو کوردســـتانی گەورە توانـــی فیکرێکی نەتەوەیی و نیشـــتمانی ئەوتـــۆ لای هەر تاکێکی کورد و کوردستانی بونیاد بنێت، کە ناســـنامەی کوردستانیبوون لای کورد و لای نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردســـتان دروســـت بکات، ئێســـتا کە بارودۆخێکی زۆر جیاواز لە سەردەمی مســـتەفا بارزانی هاتۆتەئاراوە و چیتر سنوورە دەستکردەکان بە پیرۆزی نەماونەتەوە و ناوچەکە سەرلەبەر لەبەردەم گۆڕانکارییەکی سەرتاســـەریدایە، ئەوا نەك هەر ئێســـتا، بەڵکو لە دوای ڕاپەڕینەکانی گەلانی ســـووریا لە ٢٠١١، ســـەرۆك مســـعود بارزانی هەنگاوی بۆ ئەوە هەڵگرتووە، کوردانی ڕۆژئاوا تەنیا بیر لە بەرژەوەندی کورد بکەنەوە و پێکەوە بۆ ئازادکرنی ئەم بەشـــەی کوردستانیش لەسەر بنەمای کوردبوون و کوردستانیبوون بیربکەنەوە، هەر بۆیە لە ســـاڵی ٢٠١٢ـەوە بووە چەترێك بۆ دروستکردنی لەشەکری ڕۆژی هێزی پێشـــمەرگەی کوردستان، ئێستا ئەم لەشـــکرە، ئامادەیە بەرەو ڕۆژئاوا هەنگاو هەڵبگرێت بـــۆ ئەوەی ببێتە هـــۆکار و یارمەتیدەر بـــۆ بەهێزکردنی بەرەی ڕۆژئاوا، بەڵام لە باشـــووریش لە بەرەی پێشەوەی ســـەنگەرەکانی دژی تیرۆریستانی داعشن، هەتا ئێستاش بۆ پاراستنی سنوورەکانی باشوور دەیان شەهید و بریندارایان پێشکەشی کوردســـتان کردووە، هاوکات لە ئامادەباشیدان بەرەو ڕۆژئاوا هەنگاو هەڵبگرن، ئەگەر سبەی ڕۆژهەڵات و باکووریش پێویســـتی بە هاوکاری ئەم هێزە هەبێت، ئەم هێزە لە ڕۆژهەڵات و باکووریش ئامادە دەبێت.

### ● ناردنی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ
### شەرعیەتی نێودەوڵەتی بوو بۆ سوپایەکی نوێ

ناردنی هێزی پێشمەرگە لە سەر فەرمانی سەرۆك بارزانی بۆ کۆبانێ و گەیشتنی سەرۆك ئۆباما بەو قەناعەتەی کە تەنیا هێزی پێشمەرگە دەتوانێت لەسەر زەوی هاوکاری برا شـــەڕڤانەکانی بکات و ببێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی کۆبانێ نەکەوێتە دەســـتی داعش، بووە هۆکاری ئەوەی ســـەرۆك ئۆباما بە شەخسی و بە تەلەفۆن گوشار بخاتە سەر ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆك کۆماری تورکیا بۆ ئەوەی هێزی پێشـــمەرگە وەك هێزێکی ســـەربازی دەوڵەتی دیفاکتۆی کوردســـتان، بەناو خاکـــی تورکیادا بگاتـــە کۆبانێ، بە گەیشتنی ئەم هێزی پێشمەرگەش بۆ کۆبانێ، هاوسەنگی هێز بۆ بەرژەوەندی بەرەی کوردستان گۆڕا و ستراتیژیەتی شـــەڕەکەش لە بەرگری قارەمانانەی شـــەڕڤانانەوە گۆڕا بۆ هێرشـــی هاوبەشی شەڕڤان و پێشمەرگە و ئازادکردنی کۆبانێ لە دەستی تیرۆریستانی داعش.

کەوتنی کۆبانێ بە دەســـتی داعش، هێندەی شکســـتی ڤێتنام بۆ ئەمریکا گرنگ بوو، پڕۆفیســـۆر ماکس بوت بەڕێوەبـــەری پرۆگرامەکانی ئاسایشـــی نیشـــتمانی لە ئامۆژگای پێوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا و خاونی کتێبی (ســـوپای نەبینراو) لـــە ڕۆژی ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤ سەبارەت بە هێرشە ئاسمانییە چڕەکانی ئەمریکا بۆ لێدانی داعش لە وتارێکیدا بە ناونیشـــانی (شەڕ لەگەڵ داعش: لە بەرەیەکی جەنگ زیاترە)، لە ڕۆژنامەی وۆڵ ســـتریت جۆرناڵ نووسیویەتی: «ئەمریکا چۆن لەساڵی ١٩٦٨ لە هەرێمی سایگۆن لە باشووری ڤێتنام هەموو هێزێکی بەکار هێنا بۆ ئەوەی — خی سانە - بپارێزێت و نەهێڵێت بکەوێتە دەســـتی ڤێتنامییەکان، بەڵام سەرەنجام وێڕای ئەو هەموو هێرشانە نەیتوانی شەڕی —خی سانە - یەکلایی بکاتەوە و بە ناچاری ئەو ناوچەیەی بەجێهێشت، ئەمجارەش وێڕای ئەو هەموو هێرشە ئاسمانییانەی ئەمریکا کە دەکرێتە سەر تیرۆریســـتانی داعش لە کۆبانێ، ئەوا کۆبانێ ناپارێزرێت و هەمان سیناریۆی شـــەری —خی سانە- ڤێتنام دووبارە دەبێتەوە«. ئەو خوێنەرانەی پرۆفیسۆر ماکس بوت دەناسن، دەزانن ئەم توێژەرە هەموو کاتێك وەك ڕاوێژپێدەرێکی گەورە لەلایەن لیژنەی بەرگری لە کۆنگرێس و ستافی پێنتاگۆن چەنـــد بایەخ بـــە بۆچوونەکانی دەدەن، ســـاڵانە چەندین دانیشتنی گوێگرتنی بۆ ئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی سوود لە بۆچوونەکانی وەربگرن بۆ داڕشـــتنی سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا.

بـــەڵام با بگەڕێینـــەوە بۆ ڕۆژەکانی ســـەرەتای مانگی ئۆکتۆبـــەری ٢٠١٤ و لاپەڕەکانی ئەرشـــیف هەڵدەینەوە، بزانین سەرۆك مســـعود بارزانی چۆن هۆکار و فاکتەری ســـەرەکی بووە بۆ ئـــەوەی کۆبانێ نەکەوێـــت و کەوتنی چاوەڕوانکراوی گۆڕی بۆ ئەو سەرکەوتنە مەزنە:

١. لە ڕۆژی ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤ ســـەرۆك مســـعود بارزانی نامەیەکی ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کرد بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ کۆبانێ بدات.

٢. لە ســـەرەتای مانگـــی ئۆکتۆبەر ســـەرۆك بارزانی هەموو هەوڵی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی جارێکی دیکە

هەموو لایەنە سیاسـییەکانی ڕۆژئاوا لە دەوری یەك مێز کۆبکاتەوە و بگەنە ڕێککەوتن، لەبەر ئەوەی تەنیا فاکتەر بۆ سەرکەوتن و ڕێگرتن لە کەوتنی کۆبانێ یەکڕیزی کورد بوو بەگشـتی و یەکڕیزی کوردانی ڕۆژئاوایە بەتایبەتی، بۆ ئەمەش سـوپاس بۆ خوا لە ڕۆژی ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤ لە ژێر چاودێری و سەرپەرشـتی سەرۆك بارزانی هەموو لایەنەکانی ڕۆژئاوا لە دهۆك گەیشتنە ڕێککەوتن و ڕێککەوتنی دهۆك لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا ئیمزا کرا.

٣. لـە ڕۆژی ٢٢ی ئۆکتۆبەر ئـەو ڕۆژەی ماکس بوت وتارەکەی بڵاوکردۆتەوە و جەخت لەسـەر کەوتنی کۆبانێ دەکاتەوە، پەرلەمانی کوردسـتان بە چەپڵەڕێزان نامەکەی سـەرۆك مسـعود بارزانی کرد بە بڕیار بۆ ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ.

٤. لەماوەی تەنیا یەك هەفتەدا لە ٢٢ی ئۆکتۆبەر تا ٣٠ ئۆکتۆبەر هێزی پێشـمەرگەی کوردستان سنووری هەر ٣ دەوڵەتی عێراق و تورکیا و سـوریای بڕی و گەیشتە ناو شاری کۆبانێ.

٥. لە ڕۆژی ١ی نۆڤەمبـەری ٢٠١٤ کە یەکەم ڕۆژی هاوکاری نێوان هێزی پێشـمەرگە و شەڕڤانان بووە، تەنیا ٢٠٪ی شـاری کۆبانێ بەدەست شەڕڤانانەوە بوو، بەڵام لە ڕۆژی ٢٦ی جەنیـوەری ٢٠١٥، شـاری کۆبانێ ١٠٠٪ بە دەسـتی شەڕڤان و پێشـمەرگە ئازادکرا. سەبارەت بەم سەرکەوتنە گەورە جیهانییە، هەمان ڕۆژ ئاژانسی هەواڵی BBC بڵاویکردەوە، هێزی کورد سەلماندی داعش ئەو هێزە نییە تێکنەشکێندرێت.

٦. جێگەی ئاماژە پێکـردن و وەبیرهێنانەوەیە ئازادکردنی چیای شنگال بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرۆك بارزانی، تەنیا ٣٧ ڕۆژ پێـش ئازادکردنی تـەواوی کۆبانێ بوو، هەربۆیە ئازادکردنی کۆبانێ بووە تاجی سـەرکەوتنەکانی شنگال و پێشـمەرگە بووە سیمبولی جیهانی و تێڕوانینی جیهانیش بۆ شـەڕڤانان و تەواوی هێـزە کوردییەکان لە ناوچەکە گۆڕانکاری بەسـەردا هات، بەڵام ئەم تێڕوانینە جیهانییە گرێدراوەتەوە بە چەتری مسـعود بارزانی-یەوە و لە ژێر چەتری مسعود بارزانیدا جیهان مامەڵەی لەگەڵ دەکات. هەر ئەم سـەرکەوتنانەی شـێوازی سەرکردایەتی مسـعود بارزانی بوو، وایکرد ئەمڕۆ جیهان دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان وەك پێویستییەك سەیر بکات.

٧. لە ئێستادا دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، ئەو دەوڵەتەیە کە دەتوانێت سنوورەکانی خۆی لە تیرۆریستان بپارێزێت و پێویستی بە هاوکارییە بۆ ئەوەی سوپاکەی پڕچەك بکرێت، ئابورییەکەی سەربەخۆ بێت، سەرۆکە لێبوردەکەی لە فیتنە و گوشـاری ئیقلیمی و شەڕی بەوەکالەت بپارێزرێت. ئەم دەوڵەتـە مودێلێکی نوێی دەوڵەتە و جیهان بە پێویسـتی دەزانێت لەسـەر خاکی کوردستان دروست بکرێت. چەمك و پێناسـەی ئەم دەوڵەتە تازەیە، لـەوە گەورەترە نوخبەی سیاسـی لۆکاڵی و بێ ئاگا بتوانن پێناسـەی بکەن، یان لێی تێبگەن، لەبەر ئەوەی ئەم دەوڵەتە هەر دەبێت لەسـەر دەستی مسـعود بارزانی دروسـت بێت و هەر دەبێت ئەو سەرۆکی بێت، ڕاشـکاوانەتر لەمەش، ئەوانەی بێ ئاگان لە توخمە وردەکانی دووبارە دارشـتنەوەی سیستمی نوێی جیهانی و حوکمڕانیی جیهانی، پێویستە بزانن دەوڵەتەکەی مسعود بارزانی کۆتایی بە حوکمڕانیی لیبراڵ دیموکراتی لە جیهان دەهێنێت و شـێوازێکی دیکەی حوکمڕانی تێدا تاقی دەکرێتەوە، کە ئێستا پێی دەڵێن:(حوکمڕانیی زیرەك، یان حوکمڕانیـی ئەقڵمەند بۆ سـەدەی ٢١ -intelligent governance for the 21st century)، لـە نـاو حوکمڕانیی زیرەکدا چیدیکە بوار نابێت، پۆپۆلیسـتی چەپ و ڕاست و داعشی یاری بە یاسـاکانی دەوڵەت بکەن و ژینگەی ئازادی بگۆڕن بۆ ئاژاوە و بەرهەمهێنانی ناسەقامگیری و تیرۆریست لە کۆمەڵگەدا.

ئەگەر بە وردی هەڵوەسـتە لەسەر ئەم وەرچەرخانە بکەین کـە تەنیا لـە مـاوەی ٨٥ ڕۆژدا ڕووی داوە، ئەو کات تێدەگەین سەرۆك مسعود بارزانی لەو ماوە کورتەدا چۆن هەموو هاوکێشە سەربازییە جیهانییەکانی ئەمریکا و ناتۆ و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی تیرۆریستانی دژی داعشی گـۆڕی و، ڕزگارکردنی کۆبانێ-ی لە مەحاڵەوە گۆڕی بۆ سـەرکەوتنێکی جیهانی. ئەم سەرکەوتنە دانپێدانانێکی جیهانی بۆ پێشمەرگە دروستکرد، نەك وەك سوپای بەرگری کوردسـتان، بەڵکو وەك مۆدێلێکی تازەی سوپا لە جیهاندا بۆ پاراستنی مرۆڤایەتی لە تیرۆریستان، ئەم سەرکەوتنانە بووە هۆکاری ئەوەی ئەڵمانیا دەسـتووری خۆی هەموار بکات بۆ ئەوەی پەرلەمانی ئەڵمانیا بتوانێت ڕاسـتەوخۆ چەك بۆ پێشـمەرگە ڕەوانە بکات، ئەم سەرکەوتنانە بووە هۆکاری ئەوەی لیژنەی بەرگری و سەربازی لە کۆنگرێس پرۆژەی هەموارکردنی دەستووری بداتە کۆنگرێس، ئیدارەی ئەمریکی ڕووبەڕووی ئیحراجییەکی گەورە کردەوە، ئەوانەی دەیانەوێت وەك ڕاستی لەم دێڕانە تێبگەن، با بچن سەردانی وێبسایتی ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك بکەن و لە ناو ئەم وێبسایتە بچنە سەر بەشی عێراق و وتارەکەی بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی عێراق لەو ئامۆژگایە بە ناونیشانی: «سەرکەوتنەکانی بارزانی لە ناو کۆشکی سـپی) بخوێننەوە، ئەوکات تێدەگەن چۆن بە ڕەزامەندی بارزانی، چەند بڕگەیەکی پرۆژەکەی لیژنەی بەرگری و سەربازی بۆ ناردنی چەك بۆ پێشمەرگە دەستکاری کراوە، بۆ ئەوەی کار نەگاتە ئەوەی دەستووری ئەمریکی هەموار

**ئەو هەنگاوانەی سەرۆك بارزانی بووە هۆکاری ئەوەی گوشاری تورکیا کە زیاتر لە ٥٠ ساڵە ئەندامی ناتۆیە نەتوانێت وا لە ئەمریکا و هاوپەیمانی ناتۆ بکات، وەك تیرۆریست سەیری شەڕڤانانی پەیەدە و گەریلاکانی پەکەکە بکەن**

**مسعود بارزانی بە خوێندنەوەی وردی بۆ واقیعە گۆڕاوەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەڵکشانی کێرڤی کورد لەم هاوکێشە تازەیەدا، هەموو خەمی ئەوە بوو کورد لەم گۆڕانکارییە تازەیەدا خۆی خاوەنی دۆسێی سەربەخۆی خۆی بێت**

**سەرۆك مسعود بارزانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان بڕوای بە پرەنسیپێك کە نابێت دۆسێی کورد تێکەڵی دۆسێی هیچ لایەنێکی ناوخۆ و ئیقلیمی بکرێت**

**ئەوەی ئاراستەی تێڕوانینی ئەمریکا و هاوپەیمانانی دژەتیرۆری گۆڕی بۆ هاوکاریکردنی شەڕڤانان لە رۆژئاوای کوردستان، هەوڵەکانی سەرۆک مسعود بارزانی بوو بۆ کۆکردنەوەی هەموو لایەنەکانی رۆژئاوا**

**لە ناو حوکمڕانیی زیرەکدا چیدیکە بوار نابێت، پۆپۆلیستی چەپ و راست و داعشی یاری بە یاساکانی دەوڵەت بکەن و ژینگەی ئازادی بگۆڕن بۆ ئاژاوە و بەرهەمهێنانی ناسەقامگیری و تیرۆریست لە کۆمەڵگەدا**

**ئەوانەی بێ ئاگان لە توخمە وردەکانی دووبارە داڕشتنەوەی سیستمی نوێی جیهانی و حوکمڕانیی جیهانی، پێویستە بزانن دەوڵەتەکەی مسعود بارزانی کۆتایی بە حوکمڕانیی لیبراڵ دیموکراتی لە جیهان دەهێنێت و شێوازێکی دیکەی حوکمڕانی تێدا تاقی دەکرێتەوە، کە ئێستا پێی دەڵێن: حوکمڕانیی زیرەک**

بکرێـــت. هەر بۆیە بە گەڕانەوەی بارزانی لەو ســـەردانە مێژووییەی و کۆبوونەوەی لەگەڵ حزبە کوردستانییەکان و داواکردنی (پێکهێنانی ژووری عەمەلیات بۆ دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە تازەیە بە هـــاوکاری هاوپەیمانان)، ئیدی ئەو لایەنانەی رێنمایی و فەرمان لە دەوڵەتانی ئیقلیمی بەغدا و تارانەوە وەردەگرن، گرِیان گرت و بوونە دژی دەوڵەتەکەی مســـعود بارزانی، هەروەك چۆن سوبهاس چاندرا لە دژی گاندی هاوپەیمانی لەگەڵ هیتلەر ئیمزا کرد.

## ● گرنگیی هێزی پێشمەرگەی رۆژئاوا و

ئامادەباشی هاوپەیمانان و ئەمریکا بۆ هاوکاریکردنیان

ئەوەی ئاراســـتەی تێڕوانینی ئەمریـــکا و هاوپەیمانانی دژەتیـــرۆری گۆڕی بـــۆ هاوکاریکردنی شـــەڕڤانان لە رۆژئاوای کوردستان، هەوڵەکانی سەرۆك مسعود بارزانی بوو بۆ کۆکردنەوەی هەموو لایەنەکانی رۆژئاوا، سەرەتا لە هەولێر و دواتریش لە مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤ لە دهۆك و گەیشـــتن بە رێککەوتنی دهۆك، دیارە رێککەوتنەکانی هەولێـــر و دهۆك لە نێوان لایەنە سیاســـییەکانی رۆژئاوا، داخوازی سەرەکی سەرۆك بارزانی بۆ رۆژئاوای کوردستان بۆ ئەم مەبەستانە بووە:

١. سەرۆك مسعود بارزانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردســـتان بڕوای بە پرانسیپێکە کە نابێت دۆسێی کورد تێکەڵی دۆسێی هیچ لایەنیکی ناوخۆ و ئیقلیمی بکرێت. بۆ ئەمەش لە کۆبوونەوەکانی هەولێر و دهۆك لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی رۆژئاوا، هەموو کات جەختی لەســـەر ئەوە کردۆتەوە لایەنەکان یەکتری قبووڵ بکەن بۆ ئەوەی رووبەکی دیموکراتی و شارســـتانییانەی ئەزموونی رۆژئاوا پیشانی جیهان بدرێت.

٢. هەر لـــە چوارچێوەی ئەم لۆژیکە، ســـەرۆك بارزانی هـــاوکاری رۆژئاوای کوردســـتانی کرد، بـــۆ ئەوەی ئەو خەڵکەی ناچار بووە لە رۆژئاواوە رووبکەنە باشوور، سوود لە توانـــای لاوەکانیان وەربگیرێت و مەشـــق و راهێنانیان پێبکرێت بۆ ئەوەی ببنە پێشـــمەرگە و خاکی کوردســـتان لە تیرۆریستان پاك بکەنەوە و مافەکانی کورد لە رۆژئاوا بپارێزن.

٣. ســـەرۆك مســـعود بارزانی بە خوێندنەوەی وردی بۆ واقیعە گۆڕاوەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت و هەڵکشانی کێرڤی کورد لەم هاوکێشـــە تازەیـــەدا، هەموو خەمی ئەوە بوو کورد لەم گۆڕانکارییە تازەیەدا خۆی خاوەنی دۆسێی ســـەربەخۆی خـــۆی بێت، پشـــت بە خۆی ببەســـتێت و دووربکەوێتەوە لە ئەجێندای ئیقلیمی بەگشتی و ئەجێندای دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان بەتایبەتی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هیچ کام لە دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان رازی نابن، کورد ببێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی، ئەو کاتەشـــی هەوڵەکان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردســـتان دەگاتە قۆناخی کردەیـــی و جێبەجێکردن، ئەوا دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان هەموو هەوڵێکی خۆیان دەخەنەگەڕ بۆ ئەوەی ئەو دەوڵەتە لەبار بەرن.

٤. ئەو هەنگاوانەی سەرۆك بارزانی بووە هۆکاری ئەوەی گوشـــاری تورکیا کە زیاتر لە ٥٠ ســـاڵە ئەندامی ناتۆیە نەتوانێـــت وا لە ئەمریـــکا و هاوپەیمانی ناتۆ بکات، وەك تیرۆریســـت ســـەیری شـــەڕڤانانی پەیەدە و گەریلاکانی پەکەکە بکەن، خۆ ئەگەر دەســـتێوەردانی ئێران نەبوایە کە هانی پەکەکەی دا هەندێك کاری چەکداری لابەلا بکات، ئەوا زۆر نزیك بوو کە هاوپەیمانی ناتۆ پەکەکە لە لیستی رێکخراوە تیرۆریســـتییەکان دەربهێنێت و لەمەش گرنگتر لەوانە بوو ناتۆ چاو بە ئەندامیەتی تورکیا بخشـــێنێتەوە، ئەگەر هەر سوور بوایە لەسەر ئەوەی پەکەکە وەك تیرۆریست سەیر بکات.

٥. لـــە دوایین کۆبوونەوەی نوێنـــەری ئەمریکا لەگەڵ ســـاڵیح موســـلیم هاوســـەرۆکی پەیەدە بە ئامادەبوونی سەرۆك مسعود بارزانی، تورکیا نارەزایی توندی پیشاندا بەوەی ئەمریـــکا و هاوپەیمانان هاوکاری رۆژئاوا بکەن، دووبارە جەختی کردووە کە چەکدارەکانی پەیەدە بەشێکن لـــە پەکەکە و ئەوانیش تیرۆریســـتن، بەڵام لەبەر ئەوەی سەرۆك مســـعود بارزانی لەو کۆبوونەوەیە ئەندام بووە و ئەو شـــەڕڤانان بە پێشـــمەرگە دەزانێت، بۆیە ئەمریکا و هاوپەیمانان رازی بوون هاوکاری چەکدارانی پەیەدە وەك پێشمەرگە بکەن.

٦. لە ئێستاشدا کە لەشکری رۆژی هێزی پێشمەرگەی رۆژئـــاوا کە هەموو جۆرە مەشـــق و راهێنانێکیان تەواو کردووە و لە ماوەی ساڵی رابردووش وەك بەشێك لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەزموونێکی گەورەیان لە شەڕی دژی داعش وەرگرتووە و شان بەشانی برا پێشمەرگەکانیان لە باشوور لە سەنگەرەکانی پێشەوەی شەڕی تیرۆریستانی داعش بوون، ئێستا ئامادەن بگەڕێنەوە بۆ رۆژئاوا، ئەمە هێندەی دیکە هاوکێشـــەکەی بۆ بەرژەوەندی باشوور و رۆژئاوای کوردســـتان وەرچەرخاندووە و، ئامادەباشـــی فەرمی ئەمریکا بەوەی ئامادەیە مامەڵەی پێشـــمەرگە لەگەڵ شـــەڕڤان و پێشـــمەرگەی رۆژئاوا بکات، ئەمە مانای ئەوەیە ئەمریکا و هاوپەیمانان رازین لە داڕشتنەوەی نەخشـــەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، باشـــوور و رۆژئاوا بکرێنە یەك دەوڵەت و ئەم دەوڵەتەش ســـنوورەکەی درێژ بێتەوە تا دەگاتە کەنارەکانی دەریای سپی ناوەڕاست.

ئەوەی پێویســـتە لە گەڕانەوەی پێشمەرگەکانی رۆژئاوا لێی تێبگەین، ئەوەیـــە کە گەڕانەوەی ئەم هێزە هێندەی رەهەندی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی لەســـەر ئاستی سیاسی



هەیە، هێندە مەبەست لە گەڕانەوەیان وەك هێزێكی سەربازی نییە، تەنانەت بۆ هاوكاری برا شەڕڤانەكانیان لە رۆژئاوا، هەروەك فەرماندەی هێزی یەكی لەشكری رۆژی پێشمەرگەكانی رۆژئاواش لە لیدوانێكی تایبەت بە گولانی راگەیاند، گەڕانەوەی لەشكری رۆژ بۆ ئەوە نییە، هەتا بلێین: ئێمە لە شەڕڤانان باشتر شەڕ دەكەین، بەڵكو بۆ ئەوەیە پێكەوە تواناكان یەكبخەین بۆ ئەوەی خاكی كوردستان لە تیرۆریستان پاك بكەینەوە، بۆ ئەوەیە پرۆسەی سیاسی رۆژئاوا لە چوارچێوەی فرەلایەنی و پێكەوەژیان رێكبخەینەوە و ئەزموونێكی دیموكراتی پیشانی جیهان بدەین و رۆژئاواش وەك باشوور ببێتە بەشێك لە هاوپەیمانی نیودەوڵەتی دژی تیرۆیستانی داعش.

ئەو هەنگاوانەی سەرۆك بارزانی پێگەی كوردی لە سەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی گۆڕیوە، گرنگە بە چەند خاڵێك ئاماژەی پێبكەین:

● هاوكات لەگەڵ نووسینی ئەم دێڕانە، ئەمریكا بە فەرمی ئەوەی راگەیاندووە ئامادەیە هاوكاری سەربازی رۆژئاوای كوردستان بكات، ئەمەش مانای ئەوەیە شەڕڤانانی رۆژئاوا وەك پێشمەرگە مامەڵەیان لەگەڵ دەكرێت و ئەوانیش پێشمەرگەن و بەشێكن لە بەرەی هاوپەیمانانی دژی تیرۆریستانی داعش. پرسیاری سەرەكی لێرەدا ئەوەیە: كاتێك توركیا دەڵێت جیاوازی داعش و پەیەدە نییە، بەڵام ئەمریكا چۆن وەڵامی هەوڵەكانی سەرۆك مسعود بارزانی دایەوە؟

● بە گەڕانەوەی هیزێ پێشمەرگەی رۆژئاوا بۆ كوردستانی رۆژئاوا، كە ئەم هێزە لە ژێر چاودێریی راستەوخۆی سەرۆك مسعود بارزانی دامەزراوە و دەبێتە هاوسەنگەری برا شەڕڤانەكانی لە رۆژئاوا، ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە، پێشمەرگە كە كاراترین هێزە لە بەرەی دژە تیرۆریستانی داعش دەبێتە هاوسەنگەری هێزێك كە بە حیسابی توركیا تیرۆریستە؟ ئەمەش خۆی لە خویدا پیشاندانی متمانە و رێزی جیهانە بۆ شكۆی سەرۆك بارزانی.

لەم كاتەدا كە هاوكێشەی ناوچەكە بە گشتی و سووریا بەتایبەتی گۆڕانكاری گەورەی بەسەردا هاتووە، هاوكاری ئەمریكا و هاوپەیمانان بۆ رۆژئاوای كوردستان لە ژێر چەتری سەرۆك مسعود بارزانی، مانای ئەوەیە چیدیكە رۆژئاوا پێویستی بەوە نابێت پشت بە دیمەشق، یان تاران ببەستێت، بۆیە ئەمە وادەكات هاوكێشەیەكی تازە بێتە ئاراوە، ئەو واقیعە تازەیەش ئەوەیە كە دەبێت رۆژئاوای كوردستان پشت بە خۆی و مسعود بارزانی ببەستێت و لە ئایندەشدا دەبێتە بەشێك لەو دەوڵەتەی كە لەسەر دەستی مسعود بارزانی رادەگەیەندرێت.

**پرۆژەی دروستكردنی لەشكری رۆژی هێزی پێشمەرگەی رۆژئاوا، هەنگاوێكی لۆژیكی كردەییە بۆ دامەزراندن و پاراستی كوردستانی كورد و كوردستانییەكان**

**لە سەرەتای مانگی ئۆكتۆبەر سەرۆك بارزانی هەموو هەوڵی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی جارێكی دیكە هەموو لایەنە سیاسییەكانی رۆژئاوا لە دەوری یەك مێز كۆبكاتەوە و بگەنە رێككەوتن**



**عەقید بەدەل بەندی**

**فەرماندەی هێزی یەکی لەشکری رۆژی هێزی پێشمەرگەی رۆژئاوا بۆ گوڵان:**

# پێشمەرگەکانی لەشکری رۆژ خەڵکی رۆژئاوان بەڵام بەوجۆرە پەروەردە کراون بەرگری لە هەموو کوردستان بکەن



لەشکری رۆژ لە بەر رۆشنانی لۆژیك و فیکری سەرۆك مسعود بارزانی هاتۆتە دامەزراندن، ئەم لۆژیکەی سەرۆك مسعود بارزانی درێژەپێدەری هەمان لۆژیك و فیکری بارزانیی نەمرە، لەبەر ئەوەی ئەو هەرگیز نەیگوتووە پێشمەرگە تەنها بۆ باشوور خەبات دەکات و قوربانی دەدات، لای بارزانیی نەمر پێشمەرگە، قەڵغانی هەموو کوردستان بووە، نەك بەشێکی. دیارە سەرۆك مسعود بارزانی بە هەمان شێوە سەیری پێشمەرگە دەکات و ناردنی هێزی پێشمەرگەش لە باشوورەوە بۆ کۆبانێ لە سەر فەرمانی سەرۆك مسعود بارزانی، وەرچەرخانێکی گەورەی دروستکرد، زەمینەیەکی زیاتریشی رەخساند بۆ ئەوەی هاوپەیمانان هاوکاریی براکانمان لە رۆژئاوا بکەن، بەڵام ئەم هاوکارییانە کە پێشکەشی کورد دەکرێت لە هەر شوێنێك بێت، لای ئەمریکا و هاوپەیمانان گرنگە سەرۆك مسعود بارزانی ئامادەبێت و ئاگادار بێت.

ئامانج لە دامەزراندنی لەشکری رۆژی هێزی پێشمەرگەی رۆژئاوا، بۆ ئەوەیە چیدیکە چەمك و زارەوەی داگیرکارانی کوردستان دووبارە نەکەینەوە و بڵێین ئەمە کوردستانی عێراق، تورکیا، ئێران، یان سووریایە، لەبەر ئەوەی کوردستان یەك کوردستانە و ناتوانرێت لێك جیابکرێتەوە، لەم روانگەیەوە لەشکری رۆژ بۆ ئەوە دامەزراوە کە خەڵکی ئێمە لە رۆژئاوا و رۆژهەڵات و باشوور و باکووری کوردستان خەبات و مقاوەمەتی خۆی رێکبخات و خاکی کوردستان لە دەستی داعش رزگار بکات و سنوورەکانی بپارێزێت، هەربۆیە راستە پێشمەرگەکانی لەشکری رۆژ هاووڵاتییانی رۆژئاوان، بەڵام ئامانجیان تەنیا ئەوە نییە کە لە رۆژئاوا خەبات بکەن، بەڵکو ئامانجی ئەوان خەباتکردنە لە هەموو کوردستان و پاراستنی هەموو سنوورەکانی کوردستانە.

هەر ئێستا کە ئێوە سەردانی ئەم هێزە دەکەن، ئێمە لە سەنگەرەکانی پێشەوەین دژی تیرۆریستانی داعش لە باشوور و ناوچەیەکی زۆر هەستیارمان کۆنترۆڵ کردووە و دەیان شەهید و برینداریشمان بۆ پاراستنی ئەم سنوورە داوە.

بۆیە پرسەکە ئەوە نییە لەشکری رۆژ تەنها لە رۆژئاوا خەبات بکات، بەڵام لە ئێستادا کە رۆژئاوا پێویستی بەوەیە خاکەکەی بە تەواوەتی لە دەستی تیرۆریستانی داعش پاك بکرێتەوە، پێویستی بەوەیە پێشمەرگە بگەڕێتەوە و هاوکار بێت بۆ دووبارە رێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی و پێکەوەژیان و فرەلایەنی، ئەوا ئەم خەڵکە کە ژمارەیان نزیکەی ٦٠٠٠ پێشمەرگەن، دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ رۆژئاوا و هاوکاری خەڵکی رۆژئاوا بکەن. لەمەش گرنگتر ئەوەیە ئێمە ناڵێین دەگەڕێینەوە بۆ رۆژئاوا لەوانی دیکە باشتر شەڕ دەکەین، نەخێر، دەڵێین ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ ئەوەی هاوکاری خەڵك و براکانمان بکەین، بۆ ئەوەی سەرکەوتنی باشتر بەدەست بهێنین. لەمەش زیاتر هێزی پێشمەرگەی رۆژئاوا تەنها بریتی نییە لە ژمارەی پێشمەرگەکانی ئەم لەشکرە، بەڵکو ژمارەیەکی یەکجار زۆری جوانانی ئێمە مەشق و راهێنانیان پێکراوە و ئامادەن لەگەڵ گەڕانەوەی ئەم لەشکرە بێنە ناو هێزی پێشمەرگە و زیاتر جۆش بە مقاوەمەت بدەن. لەمەش زیاتر لەشکری رۆژی هێزی پێشمەرگەی رۆژئاوا، تەنیا لەسەر ئاستی سەربازی مەشق و راهێنانیان پێ نەکراوە، بەڵکو بە شێوەیەکی هەمەلایەن لەسەر هەموو بوارەکانی فیکری و سیاسی و نەتەوەیی وانەیان وەرگرتووە و بەشێوەیەکی ئەوتۆ پەروەردە کراون لە هەر شوێنێکی کوردستان پێویستیان بەم هێزەی پێشمەرگە هەبێت، ئەوا ئامادەن لەو شوێنە گیانی خۆیان بۆ پاراستنی کوردستان بکەنە قوربانی.

ئەوەی لە ئێستا ئومێدی بۆ دەخوازین ئەوەیە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییەکی جددی لەنێوان هێزە سیاسییەکان بێتەئاراوە، لەبەر ئەوەی ئەو یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییە، ئومێدێکی گەورە بۆ کوردی رۆژئاوا دروست دەکات و ئەوانەشی ئێستا هاتوونەتە باشوور دەگەڕێنەوە و وڵاتی خۆیان ئاوەدان دەکەنەوە و دەیپارێزن.



### رائید شەربان شرگی بەرپرسی هەواڵگری هێزی یەکی لەشکری رۆژ بۆ گوڵان:

# لە ساڵی ٢٠١٢ یەکەم فەوجی ئەم لەشکرە دامەرزا بۆ ئەوەی توانای لاوەکانمان پەرت و بڵاو نەبێت

رائید شەربان شرگی بەرپرسی هەواڵگری هێزی یەکی لەشکری رۆژی هێزی پێشمەرگەی رۆژئاوا، یەکێکە لەو پێشمەرگانەی کە لە ساڵی ٢٠١٢ـەوە بەشدار بووە لە دامەزراندنی یەکەم فەوجی پێشمەرگە بۆ پێدانی مەشق و راهێنان بە پێشمەرگەکانی رۆژئاوا و ئامادەکردنی لاوانی کوردستان بۆ ئەوەی بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە بەرگری لە خاکی کوردستان بکەن. لە ئێستاشدا ئەم لەشکرە بە تەواوی ئامادەباشی تێدایە بگەڕێنەوە رۆژئاوا بۆ ئەوەی بەرگری لە خاکی کوردستان بکەن، بەمجۆرە لەسەر ئەم لەشکرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

پرۆژەی دامەزراندنی لەشکری پێشمەرگەی کوردستان بۆ رۆژئاوا، دەگەڕێتەوە بۆ دەستپێکی راپەڕینەکانی سووریا. ژمارەی دانیشتووانی کورد لە سووریا زیاتر لە ٣ ملیۆنە و بە درێژایی تەمەنی رژێمەکانی سووریاش،

کـورد لە هەمــوو مافێك بێبەش کـراوە و بە هەموو شێوەیەك چەوســێندراوەتەوە، بۆیە لەگەڵ فراوانبوونی بازنەی راپەڕینــەکان و ئاڵۆزبوونی بــاری ناوخۆی سووریا، کوردانی رۆژئاوا دەرفەتێکیان بۆ هاتە پێشەوە کە ئەوانیش هەوڵبدەن کۆتایــی بەو زوڵم و زۆرە بێنن کە دەیان ســاڵ بوو بە دەستیەوە دەیانناڵاند، بۆیە هەر لە ســاڵی ٢٠١١ەوە، کوردانی رۆژئــاوا، ئەوانەی لە چوارچێــوەی خزمەتی زۆرەملێی ســەربازی لە ناو ریزەکانی سوپای سووریا بوون، سوپایان بەجێهێشت، ئەو گەنجانەش کە مەوالید بوون بۆ ئەوەی بچنە خزمەتی سەربازیی زۆرەملێ، ئەوانیش نەچوون، بەشێکی دیکەی جوانانی ئێمە لە وڵات بەرەو باشــوور هاتن، ئەوجا بۆ ســوودوەرگرتن لە توانای ئەم لاوانە جەنابی ســەرۆك بارزانی زۆر بە پەرۆشــەوە هاوکاری کردین بۆ ئەوەی ئەم گەنجانە لە سەرەتای ســاڵی ٢٠١٢ەوە مەشق و راهێنانی ســەربازییان پێبکرێــت و بکرێنە هێزێك بۆ ئەوەی ببنە پێشمەرگە و کوردستان بپارێزن، بەتایبەتیش کە بارودۆخی رۆژئاوا پێویســتی بەوە بوو توانای ئەم گەنجانە ئامادە بکرێت.

ئێمە بە درێژایی مێژوو لە بەر رۆشــنایی بیرکردنەوەی بارزانیی نەمر و سەرۆك بارزانی هیچ کات بڕوامان بەوە نەبووە لە نێوان پارچەکانی کوردســتاندا سنوور هەبێت، ئەو ســنوورانە دەستکردن و کوردستان یەك کوردستانە، بۆیە لە ســاڵی ٢٠١٢ وەك هەنگاوی یەکەم توانیمان فەوجێك لەو لاوانە دروست بکەین، ئەمەش بەو مانایەی هەمــوو پرۆژەیەکــی گەورە لە هەنگاوێکەوە دەســت پێدەکات، یان وەك پەندە عەرەبییەکە دەڵێت، کڵپەی ئاگر لە پزیسکێکەوە دەست پێدەکات، ئێستاش سوپاس بۆ خوا ژمارەی هێزی یەکی لەشــکری رۆژ زیاتر لە ٣٠٠٠ پێشــمەرگەن و لەشکرەکەش زیاتر لە ٦٠٠٠ پێشمەرگە لەخۆ دەگرێ، هەروەها ٤٠٠٠ پێشمەرگەی یەدەگمان هەیە کە هەموویان مەشــقیان تەواو کردووە و ئامادەن، لەمەش زیاتر ئێمە کۆمەڵێك خەڵکی دیکەشــمان هەیە کــە بە هۆی بارودۆخــی ئاڵۆزی ســووریاوە چوونە وڵاتانی دیکە، بۆیە ئــەم خەڵکانە هەموویان ئامادەن بگەڕێنەوە بۆ رۆژئاوا ئەگەر دەرفەتێك بێتە پێشــەوە، ئەم لەشکرە لەسەر شێوەی مۆدێرن دامەزراوە و مەشق بە پێشــمەرگەکان کراوە و توانیومانە وەك پێشمەرگەی خاوەن ئیرادە پەروەردەیان بکەین، ئێستا پێشمەرگەکانی ئەم لەشکرە ئامادەن بگەڕێنەوە بۆ رۆژئاوا و هیواداریـن ئــەو دەرفەتەش زوو بێتەپێش بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ رۆژئاوا و بەرگری لە خاك و دەستکەوتە نەتەوەییەکانمان بکەین.

## خاتوو دیجلە

**مولازمی یەکەم و بەرپرسی یەکەی ئافرەتانی پێشمەرگەی لەشکری رۆژ بۆ گوڵان:**

# جێگەی شانازییە لە باشوورەوە خۆمان ئامادە دەکەین بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ رۆژئاوا

زۆر خۆشــحاڵم ئەمڕۆ لاوانی کــچ و کوڕی رۆژئاوا لە باشــووری کوردســتان مەشــق و راهێنانیان تەواو کردووە و ئامادەباشــن بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ رۆژئاوا، ئەمەش بەرهەمی فیکرێکی نەتەوەیی گەورەیە، هەر لە چوارچێوەی ئەم فیکرە نەتەوەییە گەورەیەش هەڵمانداوە کچان و ئافرەتانی رۆژئاوا هاوشانی براکانیان لە هەموو روویەکەوە مەشــق و راهێنانیان پێ بکرێت و لە ســەر ئاستەکانی سیاسی و نەتەوەیی وانەیان پێگوتــراوە و ئیرادەیەکــی بەهێزیان بۆ دروســت بووە.. لەم چوارچێوەیەدا من وەك ئافرەتێکــی رۆژئاوا هەســتێکی گەورەم لا دروست بووە بە دروستکردنی ئەم لەشکرە کە تیایدا کوڕان و کچان و پیاوان و ئافرەتان پێکەوە مەشق دەکەن و هەست دەکەم ئێستا سنوورە دەستکردەکان لە نێوان پارچەکانی کوردستان نەماوە، لــەم قۆناخەدا کە ئەرکی ســەرەکیمان رزگارکردنی خاکە، پێویســتە هەردوو رەگەزی نێر و مێ پێکەوە کە مەشــق و راهێنانیان تەواو کردووە، ئامادە بن لە هەر شــوێنێکی کوردستان کە پێویست بێت گیانفیدایی بکەن و ســنوورەکانی کوردســتان بپارێزن. سەبارەت بە بوونی ژنانیش لە ناو هێزی پێشمەرگە، گومانی تێدا نییە لە مێژووی نەتەوەی کورد ژنانی کوردســتان رۆڵێکی گەورە و دیاریان هەبووە و تەنانەت ژنانی کورد لە مێژوودا توانیویانە رۆڵی سەرکردایەتی گەورە بگێڕن، وەك جەنابی ســەرۆك بارزانی جەختی لەسەر دەکاتەوە، پێویســتە لەم قۆناخە ژنانی کوردستان رۆڵی گەورەیان پێبدرێت، بەتایبەتیش لە بواری پێشــمەرگایەتی، ئێمەی ژنانیش ســەلماندوومانە، ژنانی کوردستان هیچیان لە ژنانی ئیســرائیل و وڵاتانی دیکە کەمتر نییە و دەتوانن شان بە شانی براکانیان لە ریزەکانی لەشکری پێشمەرگە لە ســەنگەرەکانی پێشەوەی شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش بین.






ئەنبا جبرائیل گورگیس تۆما سەرۆکی دێری سەیدە و رەبان هورمز:

# سیاسەتی بارزانی وای کرد کوردستان ببێتە نەوایەکی ئارام و خاکێک بۆ پێکەوەژیان و لێبووردەیی

**کریستیانەکان بە هاوشێوەی هەموو پێکهاتە و ئایین و ئایینزاکانی کوردستان بە گرنگییەوە دەڕواننە داهاتووی کوردستان و ئەو هەڕەشە و دەستێوەردانەی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی دەبێتەوە. هەر بۆیە پاڵپشتی لە مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەن. ئەوان پێیانوایە هەمووان پێویستە بە تەنگ بارودۆخەکەوە بێن بۆ دەربازبوون لەم دۆخە هەستیار و قەیراناوییە، تاوەکو لەوە زیاتر باری سەرشانی هاووڵاتیان قورس نەبێت، هاوکات بەتوندی لە دژی ئەو لایەنە سیاسییانە رادەوەستن کە دەیانەوێت رۆڵی کریستیانەکان لە خاکی باب و باپیرانیان کەم بکەنەوە. لەکاتێکدا رۆڵ و پێگەی کریستیانەکان لە مێژووی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان دیار و لەبەرچاوە و بەهیچ شێوەیەك لە مەسەلە کوردستانییەکان لایان نەداوە و بەردەوام کوردستان بە خاکی لێبووردەیی و پێکەوەژیانیان ناسیوە و لە زمان و کەلتوور و مێژوو هاوبەشی برا کوردەکانیانن. هەر سەبارەت بەو پرسانە لەم دیمانەیەدا ئەنبا جبرائیل گورگیس تۆما سەرۆکی دێری حەزرەتی مەریەم و رەبان هورمز لە ئەلقوش وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان دەداتەوە.**

*** کوردستان بە درێژایی مێژوو خاکی پێکەوەژیان و لێبووردەیی بووە، لە پاراستنی ئەم کەلتوورەشدا کریستیانەکان وەکو پێکهاتەیەکی سەرەکیی کوردستانییان رۆڵ و پێگەی خۆیان هەبووە. چۆن دەڕوانیتە ئەو هەڵوێستە مرۆییەی پێکەوە خەڵك و سەرکردایەتی سیاسی کوردستان نیشانیان دا بەرامبەر پێشوازیکردن و پاراستنی ئەو کریستیانانەی لە ناوچەکانی عێراقەوە هەڵهاتن و ڕوویان لە کوردستان کرد؟**

- لەم دواییەدا تەواوی کریستیانەکانی عێراق لە خواروو، یان ناوەڕاستی عێراق بەتایبەتی لە بەسراو بەغدا و موسڵ و دەشتی نەینەوا ڕووبەڕووی رق و کینەی توندڕەویی بوونەوە و پیاوانی ئایینییان کوژرا و کەنیسەکانیان تێکدرا، ئەمەش بووە هۆی کەوتنەوەی گەورەترین چەوسانەوە و تەرحیل و دەرکردن و کوشتن، بەمەش مێژوو فراوانترین و مەترسیدارترین پاکتاوکردنی ئایینی لە عێراق تۆمار کرد کە تەنیا لە مێژووی مەغۆل و عوسمانییەکاندا بەرامبەر کریستیانەکان ئەنجام دراوە. لەکاتێکدا کریستیانەکان کە دانیشتووانی رەسەنی عێراقن بەشێکی گرنگی بونیادنانی وڵاتەکەیان لەئەستۆ بووە و رۆڵێکی زۆر باشیان گێڕاوە کە مێژوو شاهیدی ئەم راستییەیە. ئەمڕۆ لە عێراق و تا رادەیەك کوردستانیش ئەجیندای دەرەکیی سیاسی و مەزهەبی هەیە کە بووەتە هۆی چاندنی رق و دووبەرەکی لە نێوان ئایین و ئایینزا و نەتەوە و بگرە دانیشتووانی ناوچە جیاجیاکانیشدا کە وای کردووە بارودۆخەکە بە تەواوەتی تێکبچێت. کریستیانەکان و پیاوانی ئایینی باجێکی گەورەیان دا هەر لە ناوبردنی کەنیسەکان و کوشتن و رفاندنی پیاوانی ئایینیمان تاوەکو دەرکردن و داگیرکردنی ماڵ و دوکانی کریستیانەکان، جێگەی داخیشە دەستی دەرەکی و فیکری توندڕەویی دەیەوێت هەمان ئەجیندا لە کوشتن و دەرکردنی کریستیانەکان لەسەر خاك و نیشتمانی خۆیان کە هەرێمی کوردستانە دووبارە بکاتەوە. لە کاتێکدا کوردستان بە خاکی لێبووردەیی و پێکەوەژیان لە ناوچەکەدا دادەنرێت، هەر ئەمەش بوو وایکرد مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان بۆ پاڵپشتی کریستیانەکان، هەموو دەروازەکان لە بەردەم ئاوارەکانی کریستیانەکان بکاتەوە کە لە دەست جینۆساید بەرەو پەناگەیەکی ئارام هەڵهاتن کە کوردستان بوو. سیاسەتی بارزانی بوو وای کرد کوردستان لە بەرچاوی هەموو جیهانی پێشکەوتوو ببێتە نەوایەکی ئارام و خاکێك بۆ پێکەوەژیان و لێبووردەیی تا وای لێهات بەهێزی ئاسمانی یارمەتی پێشمەرگە بدەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی تیرۆرست و رێگەگرتن لە دەستتێوەردانی دەرەکی. چونکە بە چاوی خۆیان بینییان کە چۆن ئاوارە و پەناهەندەکان هەر لە کریستیانەکان و ئایین و ئایینزاکانەوە تاوەکو نەتەوەکانی تر بە بێ جیاوازی پێشوازییان لێکرا و شوێنی نیشتەجێبوونیان بۆ دابین کرا و رێزیان لێگیرا و بە هیچ شێوەیەك کریستیانەکان ناتوانن نکۆڵی لەو واقیعە بکەن. کە مەسیحی و ئێزیدی و موسڵمان لەم خاکەدا بە رێز و خۆشەویستی پێکەوە دەژین و هەست بەهیچ جیاوازییەك ناکەن.

*** وەکو ئاماژەت پێکرد، ئەجیندای دەرەکی هەیە بۆ چاندنی فیکری توندڕەوی و فیتنە، ئایا چۆن بتوانین ئەو کەلتوورە جوانەی پێکەوەژیان و لێبووردەیی بپارێزین کە خەڵکی کوردستان و هەرێمەکە ناوبانگی پێ دەرکردووە؟**

- بەڕاستی کوردستان نموونەی پێکەوەژیان و لێبووردەییە کریستیان لە کوردستان شانبەشانی برا کوردەکانی شەڕی لە دژی داگیرکارەکان کردووە، بەتایبەتی لە شۆڕشی ئەیلوول کە مستەفا بارزانیی نەمر سەرکردایەتی دەکرد. ئەو کات خوێنی مەسیحی لەگەڵ خوێنی کوردە موسڵمانەکان رژا، ئەوان لە بەرەکانی شەڕ و لە خەباتدا لە ناو ریزەکانی پێشمەرگە یەك ئامانجیان هەبوو، ئەویش بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی بۆ کوردستان بوو، بۆ خاکی باب و

**وڵاتانی عەرەبی ئیسلامی ئاوڕیان لەو مەینەتی و ئازارانەی کورد نەدایەوە کە لەم دۆخەدا دووچاری بوون، بگرە وڵاتێکی وەکو عێراق گەمارۆی ئابووریشی لەسەر خەڵکی سەپاند و وڵاتانی دراوسێشمان کە دۆستمان نین لە دەستێوەردان و نانەوەی دووبەرەکی زیاتر هیچیان پێشکەش نەکردووین**

باپیرانمان و گەیشـــتن بە مافی ئۆتۆنۆمی و بەڕێوەبردنی سـەربەخۆیی هەرێمەکـــە لە ناوچەکەدا بوو. ســـوپاس بۆ خوا ئەمڕۆ تا رادەیەکی باش ســـەقامگیری و ئارامی لە کوردستاندا هەیە، ئەم ئارامی و سەقامگیرییەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە ئینشائەڵڵا پشت بەخوا و بە پاڵپشتی خەڵکی کوردستان و حزبە دڵسۆزەکان و فەخامەتی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردســـتان دەپارێزرێت. ئەو سەرۆکەی کە پێشـــڕەو بووە لە پاراستنی ســـەقامگیری و ئارامی لە کوردســـتاندا، کوردســـتانیش هەر بە هەرێمی قبووڵکردنی یەکتر و رێزگرتن لە مرۆڤایەتی دەمێنێتەوە، ســـەرەڕای ئەو پیلان و دوژمنکارییانەی دەرهەق بە گەلەکەی و داهاتووی دەکرێت. ئێمە وەکو کریســـتیانەکان کـــە رێزمان لێدەگیرێت و لێرە ئازار نادرێین و پێشـــمەرگە کە مەســـیحییەکانیش لەناویاندان، بەرگری لە هەموو پێکهاتە کوردســـتانییەکان دەکەن، بە نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانەوە. هەربۆیە سوپاسی خواوەنـــد دەکـــەم کە پشـــت و پەنای خەڵکی کوردســـتان و ســـەرکردایەتییەکەیەتی بـــۆ پارێزگاری لـــە کەلتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی. پێموایە کوردســـتان رەمـــز و

**سوپاسی خوا دەکەم کە پشت و پەنای خەڵکی کوردستان و سەرکردایەتییەکەیەتی بۆ پارێزگاریی لە کەلتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی**

نموونەیەکی گەورە و جوانە بۆ ئەو پێکەوەژیان و لێبووردەییە لەسەرجەم رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا .

*** لەم دواییەدا جگە لـــە هاتنی نوێنەری پاپای فاتیکان و کەســـایەتی ئایینی کریســـتیانی دیکە، چەندین بۆنەی کریستیانی گرنگ لە کوردستان روویاندا کە دواهەمینیان گەڕانەوەی پۆستی کورسی پاتریاکی کەنیسەی رۆژهەڵات بـــوو بۆ هەولێر. تا چ رادەیەك ئەم رووداو و بۆنە ئایینییانە لە پاراســـتنی ئەو کەلتوورەی پێکەوەژیـــان و لێبووردەییە گرنگی هەیە؟**

- لە دوای هێرشـــی تیرۆریســـتی داعش بۆ سەر خەڵکی کوردستان ئاراســـتەی کار و چالاکییەکانی بەڕێز مسعود بارزانی وەکو کەســـێکی سیاسی و شـــارەزا و بەئەزموون تەنیا لە بەرەکانی شەڕ و ناوخۆی کوردستان نەبووە، بەڵکو ســـوودی لەو پێوەندییە فراوانە نێودەوڵەتییی خۆی وەرگرت و جموجوڵێکـــی ســـەرکەوتووی دیپلۆماســـی نێودەوڵەتی دەستپێکردووە کە پاڵپشتی بابای فاتیکان و گەلانی جیهانی بەدەســـتهێناوە و کاردانەوەی باشـــی بۆ خەڵکی کوردستان هەبووە. یارمەتییەکانی زۆر لە وڵاتانی ئەورووپی مەسیحی بۆ گەلی کوردســـتان و هێزی پێشمەرگەش بەرهەمی ئەو هەنگاوە سەرکەوتووانەی سەرۆکی کوردستانە کە بۆ هەموو موســـڵمان و کریستیان و ئایینزا و نەتەوەکانی ناو هەرێمی کوردستان بە کورد و تورکمان و عەرەبیشەوە سوودمەند بوون. ئێمە وەکو کریستیانەکانی کوردستان شانازی بەو دڵسۆزی و بەهاناهاتنەی وڵاتانی ئەوروپای مەسیحی دەکەین کە مێژوو تۆمـــاری دەکات لە کاتێکدا وڵاتانی عەرەبی ئیســـلامی ئاوڕیان لەو مەینەتی و ئازارانەی کورد نەدایەوە کە لەم دۆخەدا دووچاری بوون، بگـــرە وڵاتێکی وەکو عێراق گەمارۆی ئابووریشی لەسەر خەڵکی ســـەپاند و وڵاتانی



دراوسێشمان که دۆستمان نین له دەستێوەردان و نانەوەی دووبەرەکی زیاتر هیچیان پێشکەش نەکردووین، هەروەکو چۆن له مێژوودا لەسەر دەستی ئەوان میللەتی کورد دوچاری زیان وماڵوێرانیەکی زۆر بووەوە.

*** ئەمڕۆ له کاتێکدا رووبەڕووی فیکری توندڕەوی و تیرۆریستانی نێودەوڵەتی بووینەتەوە، هاوکات فیتنەیەکی ناوخۆییش به مەبەستی بەدیهێنانی ئەجێندای دەرەکی سەری هەڵداوەتەوە. بۆ نموونه له مەسەلەی پرسی سەرۆکایەتی هەرێم و کەمکردنەوەی کورسیی کۆتاکان بۆ مەسیحی و تورکمان، ئایا ئێوە وەکو پیاوانی ئایینی کریستیانی چۆن به هاوشێوەی مامۆستا و زانایانی ئایینی ئیسلام رووبەڕووی ئەو فیتنەیە دەبنەوە؟.**

- ئینشائەڵڵا پشت به خواوەند و به ماندووبوونی سەرکردایەتی سیاسی له کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و دڵسۆزانی گەلەکەمان کوردستان دەتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، پاراستنی کەلتووری پێکەوەژیان و یەکگرتنی موسڵمان و کریستیان و ئێزیدی و هەموو پێکهاتەکانی کوردستان دەکەینە ئامانجە گەورەکەمان که سەربەخۆیی و دروستکردنی نەوایەکی ئارامه بۆ هەمووان. به پێچەوانەوە هەر به پەراوێزخستنێکی کریستیانەکان یا هەر پێکهاتە و ئایینێکی دی له کوردستان له سیاسەتی دەوڵەت و پەرلەمان و حکومەت دەبێته پاشەکشه له ستراتیژییەت و ئامانجە گەورەکەمان و به سلبیش بەسەر کوردستان و ناوچەکەدا دەشکێتەوە و خەلەلێکی گەورەی لێدەکەوێتەوە. چونکه جگە لەوەی کوردستان به پێکهاتە جیاوازەکانیەوە جوانه، مەسیحیەکانیش رۆڵی گەورەیان له بونیادنانی هەرێمەکە هەیە، جیهانی پێشکەوتووش بەو چاوەوە دەڕواننە کوردستان و حکومەتەکانیان پاڵپشتی جەماوەرییان هەیە بۆ هاوکاریکردن و پاراستنی ئەم نەوا ئارامە و چارەنووسی داهاتووی هەرێمەکە، مێژووش شاهیدی ئەو بەشداریکردنەی شۆڕش و خەباتی مەسیحییەکانە که دەست لەناو دەستی کوردە موسڵمانەکان به درێژایی مێژوو بەتایبەتی له سەردەمی بەڕێز مستەفا بارزانی لەناو جەرگەی چیا بەرزەکانی کوردستان ئەنجاممان داوە، لەم پێناوەشدا به هاوشێوەی کورد قوربانی و شەهیدمان داوە.

**بەڕێز مسعود بارزانی جموجوڵێکی سەرکەوتووی دیپلۆماسی نێودەوڵەتی دەستپێکردووە که پاڵپشتی بابای فاتیکان و گەلانی جیهانی بەدەستهێناوە و کاردانەوەی باشی بۆ خەڵکی کوردستان هەبووە**





### ماسیمیلیانۆ ترەنتین لە زانکۆی بۆلۆنیا لە ئیتالیا بۆ گوڵان:

# نەبوونی یەکڕیزی لە نێو سیاستمەدارانی کورد و فاکتەری دەرەکی هۆکاری سەرنەکەوتنی کورد بوون

**ماسیمیلیانۆ ترەنتین پرۆفسیۆری زانستە سیاسییەکانە لە بەشی زانستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی بۆلۆگنا لە ئیتالْیا. توێژەری بواری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مێژووی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و مێژووی ئابوورییە. پێشتر ئەندامی یەکەی توێژینەوەی زانکۆی کافۆسکاری لە ڤیەننا بووە. گوڵان بۆ زانینی تێڕوانینەکانی لەبارەی ڕەوشی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەگەرەکانی ئایندە و پرسی بڕیاردانی چارەنووس و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆزەکانی ناوچەکەوە، پرسیارێکی ئاڕاستەکرد، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** چۆن سەرجەم بارودۆخەکە لە ناوچەکەدا لێکدەدەیتەوە و لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، توندوتیژی و نالەبارییەکانی ناوچەکە چۆن دەبینی؟**

- بە بۆچوونی من، ئەو ناسەقامگیری و توندوتیژیەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، لە ئەنجامی ئەو لێکترازان و ناسازانە هاتووەتە ئاراوە کە دروست بووە لە نێوان پرۆسەی گەشەی کۆمەڵگەکان لە جیهانی عەرەبی و سەرجەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دامەزراوە سیاسی و ئابوورییەکانی کە تا ئێستا کۆمەڵگەکانیان بەڕێوە بردووە. ئەم لێکترازانە، یان ڕێکنەکەوتنە بووەتە هۆی شۆڕش و ڕاپەڕین و چەندین شێوەی جیاوازی وەرگرتووە و ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا دروستکردووە. لای من ئەولەوییەت لە ناوچەکەدا پرسی کۆمەڵایەتییە. پاشانیش دەستێوەردانی بیانی زۆرجار نەبووەتە هۆی هێورکردنەوەی ئەم پرسە سەرەکی و سەرەتاییانە.

*** ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینانەی کە لە ناوچەکەدا هەیە بە مەبەستی گۆڕینی ڕژێمەکان بووە، بەڵام سەرئەنجام بێ هیوایی و وەهم و ڕەشبینی هێناوەتەئاراوە، ئەو فاکتەرانە چین کە بووەتە هۆی ئەم بارودۆخە نالەبارە؟**

- ئەو ڕاستییەی بووەتە هۆی ئەو ڕاپەڕینانە و بەرپەرچدانەوەی ڕاپەڕینەکان و بەردەوامی وەهمەکان سەرەتا لە ناو لێکترازانی ئەو هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەدا دەبینرێت کە بە لانی کەمەوە سی ساڵە لە ناوچەکەدا هەن، پێشبینی ئەوەش کرابوو کە ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانەی کە ڕاپەڕینی عەرەبییان پێکهێنابوو، ئەم دۆخە دروست بکات. بۆیە لە ماوەی دووساڵدا ناحەزان سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، ئەمیش لەبەر ئەوەی باشتر لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و هێزە کۆمەڵایەتییەکانی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان ڕێکخرابوون، هەروەها پاڵپشتییەکی بەهێزیان هەبوو لە هێزە بەرپەرچدەرەکانەوە، یان هێزە موحافیزکارەکانی ناوچەکە، کە یان لە ناوچەی کەنداودا بوون، یان لە گۆشەکانی دیکەی جیهانی سیاسەتەوە سەرچاوەیان گرتبوو. بۆیە بە داخەوە هاوسەنگی هێز زیاتر بەلای هێزەکانی دەوڵەتەوە، یان دژەشۆڕش و دژە ریفۆرمەکانەوە بوو. ئەمەش تەواو جێگەی داخ بوو، چونکە هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان کە بۆیەکەم جار دەسەڵاتیان هەبوو، یان قسەیەکیان هەبوو لە شێوەی حکومەتدا و هەوڵیاندا کە شێوەیەکی نوێ لە پێوەندیی کۆمەڵایەتی و حکومەت ئەزموون بکەن، هەر زوو بەرەو نەمان چوون. کێشەکە ئەوەیە کە تەنانەت هێزەکانی ئیسلامی سیاسی، بەتایبەتی ئەو هێزانەی کە دەسەڵاتیان لە ڕێی هەڵبژاردنەکانەوە لە تونس و میسر وەرگرت و ئەوانەشی کە لە سووریا هەوڵیان داوە و هەوڵ دەدەن دەسەڵات وەرگرن، نەیاتوانیوە نموونەیەکی باشی حوکمڕانی پێشکەش بکەن، بەو مانایەی لە زۆربەی حاڵەتەکاندا چالاك بوون و بە شێوەیەك مامەڵەیان کردووە کە زۆر هاوشێوەی مونافیسەکانی پێشووتریانە کە لە نێوان ساڵانی ٢٠١٠ و ٢٠١١دا لە دەسەڵات دوور خرانەوە، بە مانایەك کە حوکمیان بەسەر دەسەڵاتی دادوەریدا دەدا و تەنها مامەڵەیان لەگەڵ زۆرینەدا دەکرد، لەبەر ئەوەی زۆرینەیان لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەست هێنابوو، بۆیە ئێستا هەر بایەخ بە زۆرینە دەدەن، لە کاتێکدا بەپێی لێکدانەوەکانی من، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی سەر دەریای ناوەڕاستدا ئەزموونی قۆناغی دەستووری دەکەین بۆ ئەوەی وا لەو هێزانە بکەین ڕەواتر بن و زیاتر جێی خۆیان لە کۆمەڵگەدا بکەنەوە و زۆربەی کاراکتەرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بگرێتەوە، تەنانەت ئەگەر زۆر درێژ و زبریش دەربکەوێت بۆ گفتوگۆ و سازانەکان. لە حاڵەتی تونسدا هەرچەندە زۆر قورسیش بوو، بەڵام سەرکەوتوو بوو. بۆیە ئەوە جێگەی داخە ئەو هێزانەی لە دەسەڵاتدان نەتوانن ئەو دەرفەتە مێژووییەی هەیانە بیگێڕن بە شێوەیەك کە ڕێگری لێ بکرێ لەلایەن هێزە کۆنەپارێزەکانی پێشوو، یان هێزە سیاسییە دامەزراوە لەمێژینەکان، ئەمەش جێگەی داخە نەك هەر بۆ خەڵکی ناوچەکە، بەڵکو بۆ ئەوروپاش کە دراوسێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقایە، بە مانەیەك ئەو وەهمە تەنانەت ئاراستە دەکرێت بۆ ڕێکنەکەوتن لە نێوان گوتار و ڕەفتاری دەسەڵاتدارانی ئەوروپا، هەروەها وڵاتانی دیکە کە بڵێن باشە پاڵپشتی ریفۆرم و گۆڕان و دیموکراسی دەکەین، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەو پاڵپشتییە دابین نەکەن و سیاسەتی خۆیان نەگۆڕن لە بارەی ئابووری و وەگەڕخستنی سەرمایە و دەستێوەردانی بازاڕ کە بەڕاستی شتێکی بنەڕەتییە بۆ دابینکردنی جۆرێك لە دەرفەت بۆ ئەو وڵاتانە بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەکانیاندا.

*** لە ساڵی ٢٠١٤ لە مانگی شەشدا داعش خەلافەتی ئیسلامی ڕاگەیاند، سەرئەنجامیش هاوپەیمانی نێودەڵەتی هێرشە ئاسمانییەکانی بۆ سەر داعش دەستپێکرد و پاڵپشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان کرد، بەڵام سەرەڕای ئەمەش تیرۆریستانی داعش ناوچەی زیاتریان گرتووە و بەهێزتر بوون، کەواتە ستراتیژی ڕۆژئاواییەکان چییە بۆ تێکشکان و لاوازکردنی داعش؟**

- لە ڕاستیدا من هیچ ستراتیژێکی ڕوون نابینم لەلایەن ڕۆژئاواوە بۆ ئەوەی بەرپەرچی مەترسییە ڕاستییەکانی ڕێکخراوەکانی دەوڵەتی ئیسلامی بداتەوە، ئەمە کێشەیەکی ئاڵۆزە و لایەنی سەربازی بەشە

**دەستێوەردانی ڕووسیا لە سووریا دژی گۆڕانکارییە و بەو مانایەی کە ناکۆکییەکە دەخاتە بەردەم ئامانج و ستراتیژێکی ڕوون لە بەر ئەوەی پێیوایە باشترین چارەسەر لە دژی داعش دووبارە هێنانەوە و چەسپاندنی دامەزراوەکانی دەوڵەتە لە هەموو ناوچەکاندا و بە ناوەندی کردن و بەلامەرکەزی کردن دەتوانرێت گفتوگۆی لەسەر بکرێت**

**چیتر حکومەتی ناوەندی ناتوانێت ناوەندییانە حوکم بکات بەسەر کۆمەڵگەکانیدا لەبەر ئەوەی کۆمەڵگە زۆر گەورەترە لە دەوڵەت و هێزەکانی کۆمەڵگە بەهێزترن لە دەوڵەت**

**لە دەیەکانی ڕابردووشدا بینیمان چۆن داواکردن بۆ بەدیهێنانی مافی چارەنووس، بەمانای دروستکردنی دەوڵەتی نوێ، بووە هۆی نەهامەتی و ئازار بۆ گەلی کورد**

ئاسانەکەیەتی، بەمانایەك لە گۆشەنیگای زۆر لە شارەزایانی سەربازییەوە زۆر ناخایەنێت کە شارەزایان و سەرباز بڵاوبکەنەوە بۆ تێکشکانی داعش، هەر لە سەرەتاوە یەك شت زۆر ڕوونە، ئەویش ئەوەیە هەر کاتێك داعش ڕووبەڕووی هێزێکی ڕێکخراوتر و پڕچەکتر بووبێتەوە لە کوردەکان و عەرەبەکان، ئەوا تێکشکاوە و نەیانتوانیوە سەرکەوتن بەدەست بهێنن، بۆیە ئەمە زۆر گرنگە، ئەمەشمان لە کۆبانێ لەلایەن هێزە کوردییەکان و هەروەها لە هەرێمی کوردستان و تەنانەت لە نزیك بەغدایش بینی، بۆیە ئەمە ئەزموونێکی زۆر گرنگە کە دەتواندرێت پشتی پێ ببەسترێت. بۆردوومانی ئاسمانی تەنیا لایەنی لۆجیستی و قاچاخچێتی نەوت و سەرچاوەکانی تری داعش تێکدەشکێنێ، بەڵام بەس نییە بۆ تێکشکانی هێزە زەمینییەکانی داعش و بۆ ئەمە پێویستمان بە هێزی زەمینی هەیە و ڕۆژئاواش لەم ڕووەوە هێزی زۆری نییە. کوردەکان سەرەڕای ئەوەی هەندێك گرفتیان هەبوو لە سەرەتادا، سەلماندیان کە هێزێکی بەتوانای زەمینین، هەمان شت لە سووریاش ڕوویدا، لە دواییشدا نەك هەر وڵاتە یەکگرتووەکان بەڵکو هێزەکانی ناتۆ و پاشانیش رووسیا دەوریان لە سەر شانۆی سووریا گێڕا. رووسیا لەم هەفتەیەدا بۆردومانی ئاسمانی دابین دەکات بۆ یارمەتیدانی هێزی زەمینیی دەوڵەتی سووری بەشار ئەسەد لەگەڵ هاوپەیمانی ئێرانی و لوبناندا. بۆیە لە گۆشەنیگای سەربازییەوە داعش دەتوانرێت زۆر بەئاسانی تێکبشکێندرێت، ئەمەش پشت دەبەستێت بە جۆری ئەو هێزانەی هەیە لە سەر زەمین. مەسەلەیەکی دیکەش هەیە کە وەك ئەمە گرنگە، ئەویش لایەنی سیاسییە، بە مانایەك داعش دەتوانێت لە هەموو ئەو ناوچانەی کە دەوڵەت و دەسەڵاتی خەڵك، هەروەها کۆمەڵگەی مەدەنی دارماوە، سەربکەوێت، وەك لە هەندێك ناوچەی عێراق و سووریا.

*** سەبارەت بەو کێشە هەڵپەسێردراوانەی کە لەمێژە لەناوچەکەدا هەن وەك ئەوەی هەندێك نەتەوە هەن بەبێ دەوڵەتن و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەست بە بنبەست گەیشتنی مەسەلەی سووریاوە دەناڵێنێ، هەروەها چەند کێشەیەکی چارەسەرنەکراو هەن کە ئاسۆکانی بەدیهێنانی حوکمێکی باش و دامەزراندنی دەوڵەتێك کە پێویستییەکانی خەڵك دابین بکات و ماف بداتە خەڵکەکەی نەهێشتووە، وەك مەسەلەی کورد کە بە سەرکەوتووانە مامەڵەی لەگەڵدا نەکراوە، بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان لە عێراق و ئەمەش وایکردووە کە شوێن سەربەخۆییان بکەون، سەرەڕای ئەوەی کە بوونەتە مۆدێلێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان و دیموکراسی و ئازادی لەناوچەکەدا. پرسیارەکە ئەوەیە چۆن پرسی نەتەوەی بێ دەوڵەت لەم ناوچەیەدا چارەسە دەکرێت؟ هەڵوێست و بۆچوونی ڕۆژئاوا و یەکێتی ئەوروپا سەبارەت بەم مەسەلانە چۆنن؟**

- با بگەڕێمەوە بۆ هەڵسەنگاندنەکانی یەکەم جارم. یەکێك لە کێشە بنەڕەتییەکان نەسازانە لە نێوان خەڵك و ناوچەکان و دامەزراوەکانی حکومەتدا و لێرەدا دەرفەتێکی مێژوویی هاتووەتە ئاراوە کە تیایدا دەوڵەتی بەهێزی ناوەندی کە حوکمی کۆمەڵگە جیاواز و فرەییەکان بکات، چیتر ناتوانێت بەردەوام بێت بە شێوەیەکی گونجاو و ڕێکوپێك بۆ ئەوەی ئاواتەکانی خەڵکی خۆی بەدی بهێنێت. بۆیە یەکێك لە چارەسەرە دەستوورییەکان لە ناوچەکەدا دامەزراندنی دەوڵەتێکی لامەرکەزییە، بە مانایەك کە کۆمەڵگە لۆکاڵییەکان ئۆتۆنۆمییان پێ بدرێت و خۆیان خۆبەڕێوە ببەن لە ناو ئەو سنوورانەی کە لە ناوچەکەدا هەیە. لەبەرئەوەی ئەگەر پرسی سنوورەکان بێتە ئاراوە، ئەوا زۆر بە گرفتە و دەبێتە هۆی شەڕێکی ناکۆتا، بەڵام چەندین بژاردەی دی هەن، تەنانەت لە ڕووی حوکمداری و بەشداری دیموکراسییەوە. بۆیە سەرەتا خەڵکی کوردستان لە عێراق و پاشان لە سووریا و هەروەها هیوادارم تەنانەت لە تورکیاش چەندین نموونە بخەنە بەردەست کە چۆن دیموکراسی ببەسترێتەوە بە مافی چارەنووسەوە، نەك وەك جیابوونەوە، بەڵکو وەك ئۆتۆنۆمییەك لە چوارچێوەی دەوڵەتە جیاوازەکاندا. پێموایە ئەگەر دەسەڵاتدارانی ناوچەکە ڕازی کران کە ئۆتۆنۆمی ناوخۆیی وەك فیدراڵیزم و کۆنفیدراڵیزم و بژاردەکانی دی هەن، مانای جیابوونەوە ناگەیەنێت، ئەوا لەو کاتەدا دەرفەتی نوێ بۆ دیموکراسی و خۆبەڕێوەبردن و خۆ ڕێکخستن لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ناوچەیی دەبێتە مەرجی سەرەکی ئاشتی لە داهاتووی ناوچەکەدا، ئەمەش هەر تەنیا نابێتە هۆی پێشکەوتنی کورد، بەڵکو پێشکەوتنی خەڵك لە هەموو ناوچەکەدا، ئەمەش بە تەنیا پرسی خەڵکی کوردستان نییە، بەڵکو پرسی خەڵکی هەموو ناوچەکەیە.

*** خەڵکی کوردستان مافەکانیان لێ زەوت کراوە لە چوارچێوەی سنووری ئەو دەوڵەتانەدا کە کوردستانی بە سەردا دابەشکراوە، وەك عێراق و ئێران و تورکیا و سووریا. مافی چارەنووسی ناوخۆیان لێ زەوت کراوە و لەلایەن ڕژێمەکانی ئەو دەوڵەتانەوە چەوسێندراونەتەوە و ستەمیان لێکراوە، بۆیە پێیانوایە چارەسەر مافی چارەنووسە، لەم بارەیەوە راتان چییە؟**

- سەر تا پای مێژووی گەلی کورد بەتایبەتی لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە چەوساندنەوە و سەرکوت کردن

**یەکێک لە چارەسەرە دەستوورییەکان لە ناوچەکەدا دامەزراندنی دەوڵەتێکی لامەرکەزییە، بە مانایەک کە کۆمەڵگە لۆکاڵییەکان ئۆتۆنۆمییان پێ بدرێت و خۆیان خۆبەڕێوە ببەن لە ناو ئەو سنوورانەی کە لە ناوچەکەدا هەیە**

**داعش دەتوانێت لە هەموو ئەو ناوچانەی کە دەوڵەت و دەسەڵاتی خەڵک و هەروەها کۆمەڵگەی مەدەنی دارماوە، سەربکەوێت، وەک لە هەندێک ناوچەی عێراق و سووریا**

**بۆردوومانی ئاسمانی تەنیا لایەنی لۆجیستی و قاچاخچێتی نەوت و سەرچاوەکانی تری داعش تێکدەشکێنێ، بەڵام بەس نییە بۆ تێکشکانی هێزە زەمینییەکانی داعش و بۆ ئەمە پێویستمان بە هێزی زەمینی هەیە و ڕۆژئاواش لەم ڕووەوە هێزی زۆری نییە**

بووە، بەڵام دەبێت ئەوەش روون بێت کە دابەشبوونەکان لە ناو کۆمەڵگەی کوردی و سیاسییەکانی کوردا سەبارەت بە خۆشگوزەرانی خەڵك و نەتەوەی کورد دەوری هەبووە، بۆیە چەندین فاکتەر کاریگەرییان هەبووە، هەم فاکتەری ناوخۆیی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا و هەم فاکتەری دەرەکیش، بەڵام بەدڵنیاییەوە خەڵك دواڕایان هەیە لە بارەی داهاتوویانەوە، ئەمەش چەمکێکی بنەڕەتییە و مافی چارەنووس زۆر گرنگە بۆ خەڵك، بەڵام کێشەکە ئەوەیە چۆن ئەم مافە رەوایە بەدی دەهێنیت. لە دەیەکانی رابردووشدا بینیمان چۆن داواکردن بۆ بەدیهێنانی مافی چارەنووس، بەمانای دروستکردنی دەوڵەتی نوێ، بووە هۆی نەهامەتی و ئازار بۆ گەلی کورد، لەبەر ئەوەی حکومەتە ناوەندییەکان هەمیشە هەموو ئەگەرەکانی نەك هەر جیابوونەوە، بەڵکو ئۆتۆنۆمیش ئینکار دەکەن. بۆیە لە لایەکەوە مافێکی رەوای خۆتانە داواکردنی مافی چارەنووس، تەنانەت لە فۆرمی سەربەخۆییشدا، بەڵام لەلایەکی ترەوە بژاردەی دیکە هەن کە دەتواندرێت بدۆزرێتەوە، وەك ئەزموونی سەرکەوتووی کوردستانی عێراق کە سەلماندیان سەرەرای هەموو نارەحەتییەکان و کەموکورتی و کێشەکان، بژاردەی دی هەن کە لە ئێستادا باشترین بژاردە ئامادەییە، بەدڵنیاییەوە لەوانەیە سازان کردن بێت لەگەڵ حکومەتی ناوەندی، بەڵام بە رای من ناکۆکی سیاسی باشترە لە شەڕ وەك ئەوەی ئێستا حکومەتی ناوەندی تورکیا دەیکات، جێگەی داخە سەرەتا بۆ هەموو تورکیا و هەروەها بۆ خەڵکی تورك و کورد. بۆچوونی من ئەوەیە کە چیتر حکومەتی ناوەندی ناتوانێت ناوەندییانە حوکم بکات بەسەر کۆمەڵگەکانیدا لەبەر ئەوەی کۆمەڵگە زۆر گەورەترە لە دەوڵەت و هێزەکانی کۆمەڵگە بەهێزترن لە دەوڵەت. بۆیە دەبێت حکومەتەکان بگەن بەو قەناعەتەی کە بە لامەرکەزی کردنی دەسەڵات مانای جیابوونەوە ناگەیەنێت و دەستوورێکی نوێ پێویستە بۆ خۆشگوزەرانی هەموو خەڵك. خەڵکی کوردستانیش لە پێشەوەی ئەم پرسەدان و لە هەموو کێشەیەکدا بژاردەی نوێ هەن کە دەتوانرێت سەرکەوتووانە بدۆزرێنەوە لە ناوچەکەدا، ئەمەش باشترین کاری کوردە لە تورکیا و عێراق و سووریا و ئێراندا، ئەوەش نەك تەنیا بۆ ئێستا، بەڵکو بۆ داهاتووش.

*** سەبارەت بە دەستێوەردانە ئاسمانییەکانی رووسیا لە سووریا بە بۆردومانکردنی داعش و هەموو ئەوانەی دژی دەوڵەتی سووریان و پاڵپشتیکردنی رووسیا بۆ ئەسەد، چۆن ئەم جەمسەربەندییە لە ناوچەکەدا دەبینی؟**

- پێموایە دەستێوەردانی رووسیا لە سووریا دژی گۆڕانکارییە و بەو مانایەی کە ناکۆکییەکە دەخاتە بەردەم ئامانج و ستراتیژێکی روون لە بەر ئەوەی پێیانوایە باشترین چارەسەر لە دژی داعش دووبارە هێنانەوە و چەسپاندنی دامەزراوەکانی دەوڵەتە لە هەموو ناوچەکاندا و بە ناوەندی کردن و بەلامەرکەزی کردن دەتوانرێت گفتوگۆی لەسەر بکرێت. واتە لە ئێستادا پێیانوایە کە تەنیا دەسەڵات لە سووریا دەبێت دەسەڵاتی سەربازی سووریا بێت کە لەلایەن بەشار ئەسەدەوە سەرکردایەتی دەکرێت، لەئێستادا بەڵام بە پێویست نازانرێ لە ساڵانی داهاتوودا. بۆیە بۆ ئەوەی دەوڵەت بەهێز بکەن، پاڵپشتی لە سوپای سووریا دەکەن و گرنگترین هۆکاریش داعش نییە، بەڵکو هێزە شۆڕشگێڕەکانن کە رووبەرووی سوپای سووریا بوونەتەوە لە باکوور لە ناویاندا جیهادییەکان و هێزەکانی دیکە، بۆیە رووسیا بۆردومانی ئاسمانی دابین دەکات بۆ سوپای سووریا تا هێرش بکات بە یارمەتی هاوپەیمانە هەرێمایەتییەکانی بۆ دەستبەسەردا گرتنەوەی ناوچە ستراتیژییەکان و ئاسانکردنەوەی نەخشەی سیاسی سووریا، بە مانایەك ئەگەر سەر بکەون، ئەوا نەخشەی سیاسیی سووریا سادەتر دەبێتەوە و تەنیا سوپای سووریا و هێزە رادیکاڵەکانی وەك داعش و هەروەها کوردەکان لە باکوورەوە دەمێننەوە، بۆیە ئامانجیان سادەکردنەوەی نەخشەی سیاسییە. کاتێك نەخشەی سیاسیش سادە بووەوە، ئەوا داوا لە وڵاتانی رۆژئاوا و ناتۆ و وڵاتانی کەنداو و تورکیا دەکەن، کە ئێستا دەتوانن بێن و داعش بە دەقیقەیەك دەر بکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا ئێستا وڵاتان ناتوانن هیچ شتێك بکەن، بۆ بەرگرتن لە رووسیا ئەگەر هێزی زەمینییان نەبێت، بۆیە ئێستا رۆژئاوا کراوەتە گۆشەیەکەوە، ئەمەش ستراتیژێکی تەواو ئاشکرای رووسیا و بەشار ئەسەد و هاوپەیمانەکانیانە لە ئێران. لێرەشدا تەنها چەند هێزێکی کەم ماون کە بتوانن دژیان بوەستنەوە، مەگەر جۆرێك لە وەی ئەفغانستان بێتە ئاراوە بۆ لێکترازانی هێزە چەسپاوەکان لە سووریا، ئەمەش شەڕی سووریا درێژ دەکاتەوە کە شایەنی خەڵکی سوریا نییە.

*** چ پەیامێکت بۆ خەڵکی کوردستان لە عێراق هەیە؟**

دڵنیام کە خەڵکی کوردستان زۆر زیرەکترن لەوەی کە پێیان بوترێت چی بکەن و بڕیار لەسەر داهاتوویان بدرێت، بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو گرفتانەی لە ئێستادا هەیانە. هیوادارم لەسەر ئەم شێوەیە لە دیموکراسی و بەهێزکردنی کۆمەڵگەیان بەردەوام بن، لەبەر ئەوەی ئەوە باشترین لایەنی هەر دەوڵەتێکە کە خەڵکەکەی خۆی بەهێز بکات لە رووی رۆشنبیری و دەرفەتەوە و پاشان وزە و نەوت و شتەکانی دیکە دێت، بۆیە بەراستی هیوادارم خەڵکی کوردستان بەردەوام بن لە بەهێزبوون.

**هەر کاتێک داعش رووبەرووی هێزێکی رێکخراوتر و پڕچەکتر بووبێتەوە لە کوردەکان و عەرەبەکان، ئەوا تێکشکاوە و نەیانتوانیوە سەرکەوتن بەدەست بهێنن**

**لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی سەر دەریای ناوەڕاستدا ئەزموونی قۆناغی دەستووری دەکەین بۆ ئەوەی وا لەو هێزانە بکەین رەواتر بن و زیاتر جێی خۆیان لە کۆمەڵگەدا بکەنەوە و زۆربەی کاراکتەرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بگرێتەوە**

**ئەو هێزانەی کە دەسەڵاتیان لە رێی هەڵبژاردنەکانەوە لە تونس و میسر وەرگرت و ئەوانەش کە لە سووریا هەوڵیان داوە و هەوڵ دەدەن دەسەڵات وەرگرن، نەیانتوانیوە نموونەیەکی باشی حوکمرانی پێشکەش بکەن**



## عەلی رەزا نوریزادە

### نووسەر و رۆژنامەنووسی ئێرانی بۆ گوڵان:

# هەموو هەوڵی ئێران بۆ ئەوەیە سووریا و عێراق بە یەکگرتوویی بهێڵێتەوە

عەلی رەزا نوریزادە نووسەر و ئەکادیمی و رۆژنامەنووسێکی ناسراوی ئێرانییە و شارەزاییەکی تەواوی لە مێژووی هاوچەرخی ئێران هەیە. لە ئێستادا سەرۆکی مەڵبەندی توێژینەوەی عەرەبی و ئێرانییە لە لەندەن، سەبارەت بە رەوشی ئێستای ناوچەکە و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەرەسەندنی بارودۆخەکە بە هۆی دەستێوەردانی رووسیا لە کێشەی سووریا، سەرنج و تێبینی خۆی لە میانی وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان دەخاتەڕوو.

*** بەم دواییە ڕووسیا دەستێوەردانی لە بارودۆخی ناوچەکەدا کرد، ئەمەش بووە هۆی دروســـتبوونی مشتومڕ و تێبینی لە لایەن ســـەرجەم نەیار و هاوپەیمانەکانەوە، چۆن لەم پرسە دەڕوانن؟**

- من پێموایە ئەو دەســـتێوەردانەی رووسیا شتێکی پێویست بوو بۆ بەهێزکردنی ســـتراتیژیەتی رووسیا، چونکە مۆسکۆ نیگەرانە لە ئاست پەرەسەندنی بارودۆخی ناوچەکە، هەروەها بەهۆی بڵاوبوونەوەی شیشـــانی و قەفقازییەکان، ئەوانەی چوونەتە ریزی تیرۆریســـتانی داعش و رێکخراوە توندڕەوە ئیســـلامییەکانەوە، بۆ چەند ساڵێکیشـــە رووسیا خەریکی بەرهەڵستیکردنی ئەو رێکخراوە ئیسلامییانەیە، تاوەکو بەر بە ڕووخانی رژێمەکەی بەشار ئەسەد بگرێت، کە تاکە هاوپەیمانی رووسیایە لە سەر دەریای سپی ناوەڕاست، ڕووسیاش بنکەی ســـەربازیی خۆی هەیە لە تەڕتوس و لازقیـــە، پێموا نییە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەوروپاش ئەم دەستێوەردانەی رووسیایان پێ ناخۆش بێت، ئەگەر بۆ لێدانی داعش و بەرەی نوســـرە و توندڕۆکان بێت، بەڵام رووسیا بە تێڕوانینێکی دیکە لەم شـــتە دەڕوانێ، کە لە کۆتاییدا دژی هەموو ئـــەو هێز و رێکخراوانە بێت کـــە دەیانەوێت رژێمی ئەســـەد بڕووخێنن. بۆیە هەر رووســـیا لە کۆتایی گەمەکە دەستێوەردان دەکات و داوا لە هێزە نەیارەکان دەکات، یارمەتی رژێمی ئەسەد بدەن تاکو حکومەتێکی ئیئتلافی پێکبهێنن، بەڵام ئەمریکا بە پێویستی دەزانێت کە داعش و بەرەی نوسرە و رژێمی ئەســـەد لەناو بچن، بۆیە پێویستە کۆتایی پێهێنان و لەناوبردنی رژێمی ئەسەد لە ئەولەوییەتی قۆناغی ئێستا و داهاتوو دابنرێت.

*** لە ئێستادا دوو بەرە هەن، یەکێکیان لە بەریتانیا و تورکیا و هەندێ دەوڵەتی دیکە پێکهاتووە کە دژی دەســـتێوەردانی رووســـیان و بەرەی دووەمیش پشتیوانی لێ دەکات، پێتانوا نییـــە ئەمە لە کۆتاییدا قەیـــران و تێکچڕژانێکی دیکە لە ناوچەکە دێنێتە ئاراوە؟**

- من پێموایە تورکیا لە بەرهەڵستیکردنی ئەم رۆڵە جیاوازە لـــە نەیارەکانی دیکـــەی وەك ئەمریـــکا و ئەوروپا، تورکیا پشتگیری لە بەرەی نوسرە دەکات و رێکخستنی ئیسلامیی توندڕۆی هەیە لە ناو ســـووریا. هەروەها مەترسی ئەوە لە ئارادایە کە بە هۆی دەســـتتێوەردانی رووســـیا داعش زیاتر دەســـەڵاتی فراوان بکات، هەروەهـــا رەنگە خەڵکێکی زیاتر بێنە ریزی ئۆپۆزســـیۆنەوە بە هۆی هەســـتکردن بەوەی کە وڵاتێکی ئیسلامی لەلایەن دەوڵەتێکی کافرەوە داگیردەکرێت، بۆیە ئەمە جیاوازیی نێوان رووســـیا و ئەمریکا و ئەوروپایە، بەڵام لـــە کۆتاییدا پێموایە هەردوولا (رووســـیاو ئەمریکا) هەماهەنگی بکەن، چونکە هەردووکیان لە داعش و رێکخراوە تیرۆریســـتەکان دەدەن، بەڵام ئەگەر هـــەردوولا لەیەکیان دا ئەوا مەترسی دروست دەبێت بۆ سەر ئاشتیی جیهانی، هەر چەندە ئێســـتا هاوکاریی هەیە لە نێوان هەواڵگری و لەسەر ئاســـتی وەزارەتی دەرەوە و مۆســـکۆ و واشنتۆن و هەندێ دەوڵەتی ئەوروپاش بۆ رێکخستنی هەڵوێست و ستراتیژیەتی کارکردن.

*** لـــە ئێســـتادا پرســـێك لـــە ئارادایە کە بە هـــۆی ئەو شەڕوشـــۆڕانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆچوونی وا هەیە کە رەنگە ناوچەکە دووبارە دابـــەش بکرێتەوە و هەر هێزێك بەشێك بۆ خۆی ببات، لەم بارەوە چی دەڵێن؟**

- نەخێـــر، پێموا نییە ئەمە روو بـــدات، چونکە بارودۆخی جیهانی رێگە بەم دابەشـــکردنە نـــادات کە هەر هێزێك بێت و پارچەیەك لە کێکەکە ببات. راســـتە پێشـــتر یاریدەدەری سەرۆکی ئەمریکا و بەرپرسانی دیکە باسیان لەوە کردبوو کە عێراق بکرێ بە ســـێ دەوڵەتی بچووك، یان سووریا دابەش بکرێـــت، بەڵام دەبـــێ ئەوە لەبەر چـــاو بگرین کە وڵاتانی ناوچەکـــە و ئیقلیمی وەك ئێران رێگە بـــەوە نادەن، عێراق، یان ســـووریا دابەش بکرێت، چونکە چەندین نەتەوە و ئایین لـــەم ناوچانەدا هەن کە دەرفەت بەم دابەشـــکردنە نادەن کە بێتەدی.

*** ئایا پێتانوایە رێککەوتـــن لە نێوان ئەمریکا و ئێران بێتە ئـــاراوە زیاتر لەوەی لەنێوان ئەمریکا و رووســـیا، ئایا ئەمە روودەدات؟**

- هەرگیز ئەمە نابینم کە هاوپەیمانییەك لە نێوان ئەمریکا و ئێران بێتەدی، مادام خامنەیی لە دەسەڵاتدا بێت، خامنەیی هەڵوێســـت و مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵ ئەمریکا هەیە و زیاتـــر لە رووســـیا نزیکە، هەر لەو کاتەی کە ســـەرۆك کۆمار بوو و لە حزبی شـــیوعی رووسی نزیك بوو، هاوکات رێگە نادات کەس لە بەرپرسانی وڵاتەکەی تەنانەت تەوقەش لەگەڵ ئۆباما و بەرپرســـانی ئەمریکا بکات، بەڵام رەنگە هەنـــدێ وتووێژی تایبەتی بـــە رێککەوتننامەی ئەتۆمی هەبێت لە نێوان هەردوو لادا.

*** باشە ئیسرائیل لە کوێی ئەم گەمەدایە؟**

- ئیســـرائیل هەســـت بە ئاســـوودەیی دەکات بە هۆی ئەو رەوشـــەی ناوچەکە، لای ئەو کێشـــەی فەڵەستین بووە بە کێشـــەی دووەم، هاوکات ئیسرائیل پێوەندییەکی باشی هەیە لەگەڵ رووســـیا، هەروەك چۆن پێوەندیی لەگەڵ ئەمریکادا هەیە.

*** ئایا مێژوو ئەم ســـەرۆکەی سووریا لەبیر دەکات؟ کەواتە ئایندەی ئەو وڵاتە چۆن دەبینن؟**


- من پێموانییە ئەو ســـتەم و چەوسانەوە کوشتن و بڕینەی بەشار ئەسەد هەرگیز لەبیر بکرێت، ئەسەد زیاتر لە ٢٠٠هەزار هاووڵاتی لە وڵاتەکـــەی خۆیدا قەتڵوعام کردووە و ٨٠٪ی سووریاشـــی کاول کردووە، کەواتە ناکرێ ئەمە لەبیر بکرێت، بەڵام بەهەر حاڵ ئایندەی ســـووریا دیار نییە و نازانرێت کە ئایا بەکوێ دەگات.

**ئەو دەستێوەردانە شتێکی پێویست بوو بۆ بەهێزکردنی ستراتیژییەتی رووسیا، چونکە مۆسکۆ نیگەرانە لە ئاست پەرەسەندنی بارودۆخی ناوچەکە، هەروەها بەهۆی بڵاوبوونەوەی شیشانی و قەفقازییەکان و ئەوانەی چوونەتە ریزی تیرۆریستانی داعش و رێکخراوە توندڕەوە ئیسلامییەکانەوە**

**خامنەئی هەڵوێست و مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵ ئەمریکا هەیە، ئەو زیاتر لە رووسیا نزیکە هەر لەو کاتەی کە سەرۆک کۆمار بوو لە حزبی شیوعی رووسی نزیک بوو، هاوکات رێگە نادات کەس لە بەرپرسانی وڵاتەکەی تەنانەت تەوقەش لەگەڵ ئۆباما و بەرپرسانی ئەمریکا بکات**

**ئەسەد زیاتر لە ٢٠٠هەزار هاووڵاتی لە وڵاتەکەی خۆیدا قەتڵوعام کردووە و ٨٠٪ی سووریاشی کاول کردووە، بۆیە ناکرێ ئەمە لەبیر بکرێت**

# بەشداریکردنی عێراق لە کۆنگرەکانی وڵاتانی ئیقلیمیدا چ لە بارودۆخەکە دەگۆڕێ؟



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*

بۆ گوڵانی نووسیوە



ناو بە ناو و زۆر جاریش، کۆنگرەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتانی ئیقلیمیی و بە نیازی ئەنجامدانی دانوستان دەربارەی بنەماکانی چارەسەری بارودۆخی عێراق دەبەسترێن، هاوکات بانگەشە دەکرێت بۆ بەستنی کۆنگرەی دەوڵەتانی دراوسێ، یان دەوڵەتانی ناوچەکە بە مەبەستی بەڕێوەبردنی وتووێژی تایبەت بە رەوشی ئێستای عێراق، لە هەمان کاتدا خودی دەوڵەتانی دراوسێ داوادەکەن لە ژێر پاڵنەری تایبەت بە ئەجنداکانیان و هەستکردن بە هەڕەشە ئەم کۆنگرانە سازبکرێن، لە ترسی ئەوەی نەبادا رەوشی عێراق زیاتر تێکبچێت و کاریگەریی بۆ سەر رەوشی ناوخۆی ئەو وڵاتانە هەبێت، دیسانەوە دەبینین ئەم بانگەشەیەی بەستنی کۆنگرە لە کەسایەتی و هێزە عێراقییەکانەوە دێت کە هەریەکەیان مەرام و بەرژەوەندیی خۆیانیان تێدا هەیە.

بۆیە ئەگەر بە تەواوی و بە راستی ئەو دەوڵەتانە پەیوەست بن بە واقعێکی هاوبەشی جیۆسیاسییەوە، هەروەها کاریگەریی هەر پەرەسەندنێکی رەوشەکەی عێراق بۆ سەر دەوروبەری ئیقلیمییەوە هەبێت، ئەوا دەتوانین بڵێین بە راستی رەوشی ئەو وڵاتانە ناکرێ بەدەر بێت لە هەر رەوشێکی ناو عێراق و نەکەوێتە ژێر کاریگەریی پەرەسەندنەکانی رەوشەکە بەگشتی، جا چ ئەو کاریگەرییانە بە مەبەست بن، یان بێ مەبەست کە لە ئەنجامی جوگرافیای هاوبەشەوە دروست بوون، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا فاکتەری ناوخۆی عێراق بڕیار لە دیاریکردنی ئاستی کاریگەرییەکان چ بە ئەرێنی چ بە نەرێنی دەدات، لەهەر کاتێکدا بەرەی ناوخۆی عێراق رێگە لە دزەکردنی تیرۆریستان و مافیاکانی تێکدان بگرێت و پارێزگاریی لە سنوور و سەروەریی خۆی بکات.

لێرەدا ئاماژە بەوە دەکەین کە چۆن پەلاماری خاکی عێراق درا و سەروەریی ئەو وڵاتە پێشێلکرا، بەمەش هێز و دەسەڵاتی عێراق لاواز بوو. ئەو ماوە درێژەی دوای ساڵی ٢٠٠٣ بۆ نموونە بینیمان چۆن کەناری عێراق و خاکەکەی کە بیرە نەوتییەکانیان تێدایە بە ناوی یەکلاییکردنەوە بە سەرپەرشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان حەپەلووش کرا! هەندێ خاکی دیکەش بە بیانووی هەرەس و هەڵوەشاندنەوەی سوپاوە لەلایەن دراوسێیەکی رۆژهەڵات بەزێنرا و دەسەڵاتی خستە سەر ئاوی ئیقلیمی و تەنانەت گەیشتە کوێت بە رێگای کەنداوی عەرەبی، بەمەش پەرژینێکی دەریایی دروستکرد و دەروازەی تێپەڕبوونی دەریایی

**حکومەتی عێراقی سیاسەتی ئیقلیمی پاشکۆیەتیی تەواوی بە ئێران بەخشی، تاکو جارێک بە ئاشکرا و جارێک بە نهێنی دەستێوەردان بکات، بە پاساوی یەکێتیی ئایینزا و پەیمانی تایفەگەری!**



لە بەردەم عێراق و عێراقییەکان داخست.

دواتر بۆردومانکردن و دزەکردنی سنووری عێراقی فیدراڵی لــە ناوچەی کوردســـتانی بەدواداهات، هــەردوو دەوڵەتی رۆژهەڵات و باکوور ناوچە ســـنوورییەکانیان بە دانیشتووان چۆڵ کرد و پەلاماری گوند و شـــارەکانیان دا، بە پاساوی جۆراوجۆر و پشـــت بەســـتن بە هەنـــدێ رێککەوتننامەی ئەمنی بە هێزی ســـوپاوە بە ناوچەکەدا هاتوچۆیان دەکرد، بەمەش هیچ رێزێکیان بۆ سەروەریی عێراق دانەدەنا و هەموو مافێکیشیان پێشێل کرد.

دیارە پرۆژەگەلی بەنداوەکانی ســـەر رووبارە هاوبەشـــەکان هـــۆکاری ئەوە بوون کـــە گوێ بە هەڵمەتە نیشـــتمانی و نێودەوڵەتییەکان و هەڵوێستەکانیان نەدرێت کە لە بەڵگەنامەو پەیماننامە و یاســـاکان چەســـپێندراون، بەڵام بە یەکجاری پەراوێزخـــراون بە هـــۆی هەلومەرجـــی تایبەتی ئەمڕۆی عێراقـــەوە، کاتێ دەبینین کە ئێران دەیان لقی لە رووبارەکان دابڕیوە و زۆر بەشی وشك کردن، بەڵام تورکیا پشکی عێراقی لە دیجلە و فورات زەوتکرد، ئەمە سەرەڕای ئەو گۆڕانکارییە جیۆلۆجییانەی بەهۆی دروســـتکردنی ئەو بەنداوانە هاتنە ئاراوەو پێشـــبینیش دەکرێت لە داهاتوودا کارەساتی دیکەی بەدوادابێت.

پێویستە بە ئاشـــکرا ئاماژە بەوە بکەین کە هێزەکانی تیرۆر کـــە لە شـــەو و رۆژێکدا لە چەتەو رێگرەوە بوونە ســـوپای شـــەڕکەر و پشتیوانیی لۆجستی لە جووڵە و چالاکییەکانیدا دەقۆزێتـــەوە بە ســـوودوەرگرتن لە دەوڵەتانی دراوســـێ کە کردوویانە بە مەیدانی تەڕاتێنی خۆیان، هاوکات هەڵوێستی پشـــتیوانیکردنی ئـــەو دەوڵەتانەشـــیان بۆ بوونـــی خۆیان قۆســـتۆتەوە. بەڵام پێویســـتە لێرەدا چارەســـەری دوو پرس بکەین، لاوازیی هەیکەلی و کەموکوڕیی بونیادی دەوڵەتی عێراق و لاوازیی سیاسەتەکانی حکومەت و شکستی تەواوی لە چارەســـەرکردنی ناهاوســـەنگی و بێتوانایی ئەو دەوڵەتە لە رووبەڕووبوونەوەی بەرپرسیارێتی لە هەمبەر سەرجەم ئەو پێشێلکارییانە، بەڵکو پاشـــکۆیەتیکردن بۆ لایەنێکی ناسراو بەدرێژایی ئەو چەند ساڵە پڕ لە نەهامەتییە لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٣ وە تاکو بە ئەمڕۆ دەگات.

ئەو پشـــکایەتییەی هاتەئاراوە لە رێگەی چەند کەسێکەوە بوو کە بە هیچ شـــێوەیەك گوزارشت لە پیاوانی دەوڵەت یان سیاسەتوانان ناکات، بە کورتی هیچ بەرنامەیەکیان پێ نییە بـــۆ بنیادنانی دامەزراوەیی دەوڵەتـــی نوێی عێراق. ئەوەی ئەوانە هێنایان تەنیا رەواجدان بوو بە ئەجێندای تایفەگەریی کە وڵاتی خســـتە ژێر بـــاری ئەجیندەگەلی ئیقلیمییەوە کە لای هیچ کەسێك شاردراوە نین، دواتر بینیمان کە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکان بە شـــێوەیەك دوور لە بەرپرســـیارێتی هەڵســـوکەوتیان کرد و بەمەش دەرگایـــان والاکرد لەبەردەم دەستێوەردانی دەرەکیی وڵاتاندا.

**پێوەندیی عێراق جگە لە ئێران لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەی دراوسێ پچڕێندرا تا گەیشتە ئەوەی عێراق بخرێتە بەرەیەکی دژ بەو دەوڵەتانە کە بە ئاشکرا ململانێ و ناکۆکییان لەسەر بنەمای تایفەگەری بۆ دروست کرد**

سیاسەتی ئیقلیمی پاشـــکۆیەتیی تەواوی بە ئێران بەخشی تاکو جارێك بە ئاشکرا و جارێك بە نهێنی دەستێوەردان بکات بە پاســـاوی (یەکێتیی ئایینزا و پەیمانی تایفەگەری!!). لە لایەکی دیکـــەوە پێوەندیی عێراق لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەی دراوسێ پچڕێندرا تا گەیشتە ئەوەی عێراق بخرێتە بەرەیەکی دژ بەو دەوڵەتانە کە بە ئاشکرا ململانێ و ناکۆکییان لەسەر بنەمای تایفەگەری بۆ دروست کرد.

ئەو سیاســـەتە بە بەرنامەیـــە کە لەخـــۆڕا نەهاتبوو، بووە هۆی دروســـتکردنی دابڕان و جیاخوازی لە نێو جەســـتەی پێکهاتەکانی عێراق و دەرفەتی فراوانیشـــی رەخســـاند بۆ پەیداکردنی کەلێنی مەترســـیدار تاکـــو ئەجێندای دەرەکی لە ســـەر حیسابی ئەجێندای نیشـــتمانی سەرهەڵبدات. بەم شێوەیەش هەموو چالاکییەکان کە لەلایەن وڵاتانی ئیقلیمییەوە ئەنجامـــدران، هەر یەکەیان لە هەوڵی دابەشـــبوونی وڵات و چۆنێتیی دەستکەوتنی گەورەترین پشکی کێکەکەی عێراقدا بوون.

ئەو شـــتانە هەموویان روویان دا یـــان روودەدەن بە رێگەی بەستنی کۆنگرەکانەوە کە تێکڕا ئەو کەسانەیان دوورخستەوە کە توانای ئەوەیان هەبوو نوێنەرایەتیی ئەجێندە نیشتمانییەکانی عێـــراق بکەن، دیارە بە نەبوونی عێراقێکی نیشـــتمانی نەك تایفەگەری و بە سەرهەڵدانی حاڵەتێکی لەباوەش گرتنی ئەو هێزە تایفەگەریانەی گوێڕایەڵی بەبازاڕکردنی ئەجێندای نا عێراقی بوون، هاوکات بەرجەستەکردنی گیانی تایفەگەریی و دابەشکاریی بە پاساوی بوونی تایفەگەریی نێوان دووباڵدا.

لەبەر ئەوەی بەرنامەکانی حکومەتی فیدراڵ بەرنامەگەلی تایفەگەریـــن و دەرئەنجـــام ئـــەو بەرنامانەن کە شکســـتی پرۆژەی نیشتمانی بەرجەســـتە دەکەن، هاوکات دەبنە هۆی زیاتر ئاڵۆزکردنی قەیرانەکان و دابەشبوون، ئەمەش بە واتای ئەوەی کە ئەداکانیان زیاتر رووەو پاشـــکۆیەتییە بۆ لایەنێك کە بڕوای بە تایفەگەری هەیەو بالادەستیشـــە بە ئاراستەی ئیقلیمی بە شـــێوەیەك کە دەوڵەتانـــی ناوچەکە دووچاری پەرتەوازەیـــی دەکات بێ گوێدانە رەهەندی نیشـــتمانی بە بوونی ئەو دەوڵەتانە لەم ناوچەیـــەدا، بەڵکو مرۆیی بوونی گـــەلان و مافەکانیـــان ســـەرکوت دەکات و بەزەبر و زۆری رووبەڕووی ململانێیان دەکاتەوە.

بەم شێوەیە زۆربەی کۆنگرە ئیقلیمییەکان رەنگدانەوەی رەوشی عێراق بوون، رەنگدانەوەی هەموو ئەو رەفتارو هەڵســـوکەوتە تایفەگەریانـــە بوون کـــە لە ســـەرکردەکانەوە دەردەچوون کە بەهیچ شـــێوەیەك بیریان لەوە نەکردۆتـــەوە رۆژێ لە رۆژان خزمەتـــی نیشـــتمان بکەن و مافی گەل دەســـتەبەر بکەن، چونکە هەرگیز متمانە بەو گورگانە ناکرێ کە لە پێســـتی مەڕدان، بانگەوازی کەســـانی نێو ئەو حزبە تایفەگەرییانە دوو شت حەشـــار دەدەن، یەکەمیان: بەردەوام چەواشەکردنەو دووەم: بەردەوامبوونـــە لەو گەمـــە تایفەگەرییە تا بە چەند

هەنگاوێك بەرەو پێشەوە بچێت و هەرەس و داهێزران بەدوای خۆیدا بهێنێت.

لە کاتێکدا کە ئەو کۆنگرانەی دەبەسترێن پێویستیان بە ئەجیندەگەلێك هەیە کە ڕێز لە بوونی نیشتمانیی هەموو دەوڵەتانی ناوچەکە بگرن بە ئاراستەی هێنانەکایەی بەیەکەوەژیانی ئاشتیانە، هەروەها چەند لایەنێك کە گومانیان لێ نەکرێت سەر بە مەرجەعیاتی پایتەختەکانی دیکەی غەیری عێراق بن ئەم هەنگاوە بگرنە بەر، ڕەنگە ئەم کارە زامەکە زیاتر قووڵ بکاتەوە لە ئەنجامی بەیەکەوە بەستنی نێوان ئەوەی پێی دەگوترێ مەرجەعی ئایینی ئەم مەزهەبە یان ئەوی دیکە و لە نێوان مەرجەعییەتی حکومەت کە بەپێی دەستوورو ڕێزگرتن لە گەل پێویستە زیاتر نیشتمانخواز بێت و ئایین لە دەوڵەت جیابکاتەوە، یاخود بنیادنانی دەوڵەتی مەدەنی بە پێی خواستەکانی گەلی عێراق لە ئەستۆ بگرێت.

ئەگەر بکرێت ئەمڕۆ کۆنگرەیەکی ئیقلیمی تایبەت بە بارودۆخی عێراق ببەسترێت ئەوا ناتوانێت سەرکەوتن مسۆگەر بکات بەبێ بوونی ڕاستەوخۆی نوێنەری دەنگی گەلی عێراق، چونکە ئەوەی لە سەرەوەی دەسەلاتەو کورسییەکەی داگیرکردووە لە ڕووی نیشتمانییەوە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی گەل و ئەجینداکەی ناکات، بەڵکو ئەمە بە دەستکەوتێك دەزانێت ئەو کاتە دەیقۆزێتەوە کە ئارەزوو و هزرە نەخۆشەکانی خۆی دێنێتەدی بە دابەشکردنی تایفەگەریی چ لە ناوخۆ، یان لە دەوروبەردا.

لە ڕاستیدا، ئێمە لە عێراق تەنیا شوێنێکی فیدراڵی ساغ شك دەبەین، ئەویش بوونی هەرێمی کوردستانە، کە هەردەم لە پێشڕەویدایە لە ڕووی بنیادنانی دامەزراوەیی دەوڵەتی مەدەنی، دوور لە دابەشکاریی تایفەگەری و فەلسەفەو بەرنامەکەی، هەرێمی کوردستان سیاسەتی دەرەوە بە پێی خوێندنەوەی هاوکێشەکان و مامەڵەکردن لەبەر ڕۆشنایی پەرەسەندنەکان پەیڕەو دەکات تاکو گەل لە هەموو کارەسات و ئاڵۆزییەکانی دەستێوەردانی دەرەکی بپارێزێت، هاوکات کوردستان پابەندە بە پرەنسیپەکانی بەیەکەوەژیانی ئاشتیانەو دراوسێیەتی باش و ئەنجامدانی دانووستان بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو پێشهاتانەی دەرئەنجامی لاوازیی ئەدای حکومەتی فیدراڵ و تێکچوونی سیاسەتی ئیقلیمیی عێراق سەریانهەڵداوە.

لەگەڵ ئەوەی  کە هەرێمی کوردستان خاوەنی ناسنامەی نەتەوەیی سەربەخۆی خۆیەتی، بەڵام پێوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتان نەپچڕاندووە لەبەر ڕۆشنایی هاوپەیمانیی ستراتیژی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەو بە مێژووی پێوەندیی نێوان گەلانی ئەو وڵاتانە کە هەردەم حەزی بە پێکەوەژیانی ئاشتیانە کردووە لەگەڵ هەموو گەلاندا، بۆیە دەبینین کە هەرێمی کوردستان بەردەوامە لە بنیادنانی پردی پێوەندییەکان لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبی و بە ئاڕاستەی هاوسەنگی ناوچەیی لەگەڵ گشت دەوڵەتانی ناوچەکە لە پێشڕەویدایە.

ڕەنگە ئەم دەروازەیە ببێتە دەرفەتێك بۆ ڕزگارکردنی ئەوەی لە توانادایە بەو ئاڕاستەیە بەرەو بەستنی کۆنگرەگەلی ئیقلیمی کە لە چارەسەرکردن و ئەنجامەکانیاندا سەرکەوتوو بن، بە واتای ئەوەی لە نێو عێراقدا شاندێکی دەرەکی پێك بێت لە نوێنەرانی بەغداو هەولێر، هەروەها دۆزینەوەی زەمینەیەکی کاتی یاسایی بۆ نوێنەرایەتیی کردنی چالاکیی بزاڤی میللی مەدەنی بۆ بەهێزکردنی بەرنامەیەك کە گوزارشت لە عێراقی فیدراڵیی تازە بکات و سنوورێك دابنێ بۆ لۆژیکی تایفەگەریی حکومەتی فیدراڵ و دابڕانی لە چوارچێوەی عەرەبی و پاشکۆیەتی بۆ یەك لایەن کە دەبینین ڕەوشی تێکچووی عێراقی بۆ بەرژەوەندیی خۆی قۆستۆتەوە.

ئەوەی کە زیاتر دەرفەتی سەرکەوتن بۆ کۆنگرە ئیقلیمییەکان مسۆگەر دەکات خۆی لە بوونی نوێنەرایەتییەکی کارای ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و ئەو لایەنانەی عێراق دەبینێتەوە کە پێشتر ئاماژەمان پێکردن، لە سایەی هەرەسهێنانی شەرعییەتی حکومەتی تایفەگەری کە پیلان بۆ بەرژەوەندیی خراپترین و گەندەڵترین پێکهاتە دەگێڕێت بە گوێرەی خوێندنەوەو پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، جگە لەمە ئەو بانگەوازو لێدوانانەی ئەمڕۆ بڵاودەکرێنەوە بریتین لە چەند کارتێکی ساختە مەبەستیان نانەوەی پشێوییە، هەروەها سڕکردن و هێورکردنەوەی ئەم پرسەیە یاخود تێپەڕاندنی  ئەو مەترسییە شاردراوانەیە کە خۆیان بۆ عێراق و ناوچەکە مەڵاس داوە.

ئایا نابێ ئێمە ئاگاداربین لە خوێندنەوەی شێوەی پێوەندییە ئیقلیمییەکان و ئەو بانگەشەیەی ناو بە ناو رادەگەیەنرێت بۆ بەستنی کۆنگرەکان، کە تەنیا درێژدادڕییەو هیچ کردارێکی لێناکەوێتەوە ، لە کاتێکدا عێراق و خەڵکی ئەم وڵاتە تەنیا ماڵوێرانی بۆ دەمێنێتەوە، وا پێویست دەکات بە هەڵوێستێکی خۆڕاگرانە ئەم شتانە یەکلایی بکرێنەوە بە بەستنی کۆنگرەیەك لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بارودۆخەکە بە تەواوی و سەرتاسەری چارەسەر بکات، هاوکات بەرەو بنیاتنانی متمانە و ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی و سەروەریی گشت دەوڵەتانی ناوچەکە هەنگاو هەڵبگرێت، لە چوارچێوەی بەیەکەوەژیانی ئاشتیانە و داماڵینی چەکداریی کوتلەکاریی و پەیڕەوکردنی لۆژیکێکی تازەی پێوەندییەکان.

ئەم ئاراستە تازەیە کە خوێندنەوە بۆ بارودۆخی عێراق و کەموکورتیی بنیادی وڵات دەکات و ئەلتەرناتیڤی بۆ دەستنیشان دەکات، هەر ئەوەیە کە خزمەتی گەلانی ناوچەکە دەکات و کۆتایی بە مەینەتییەکان و شێوەکانی شەڕ و پێکدادانەکان دەهێنێت، لە کۆتاییشدا دەتوانێ بەرجەستەی ئەجیندا ئاشتیخوازییەکان بکات.

---

*** توێژەری ئەکادیمی زانستە سیاسیەکان و سەرۆکی زانکۆی ئیبن روشد لە دانیمارك**

**هەرێمی کوردستان خاوەنی ناسنامەی نەتەوەیی و سەربەخۆی خۆیەتی، پێوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتان نەپچڕاندووە و لە بەر ڕۆشنایی هاوپەیمانیی ستراتیژی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە، هەردەم لەگەڵ هەموو گەلاندا حەزی بە پێکەوەژیانی ئاشتییانە کردووە**



**■ لیبراڵ و ناسرییەکان و چەپەکان و ئیسلامییەکان چیتر نەیانتوانی هاوکاری یەکتر بکەن، واتە هەر کە ئامانجە بەدەست هات- ڕووخانی دەسەڵاتی موبارەک- ئەوا ئەو لایەنانە گەڕانەوە بۆ قاوغە بچووکەکانی خۆیان**

*** ئەگەر هەتا سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم دیاردەی پۆپۆلیزم زیاتر پێوەندی بە پۆپۆلیزمی ڕاست، یان چەپەوە بووبێت، بەڵام دوای شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی جۆرێکی دی لە پۆپۆلیزم سەری هەڵدا و لە ئەنجامیشدا خەڵکانی ستەملێکراو لە دەوری بۆرژوازی بچووك و خوێندەوارانی چینی ناوەند و دەستەبژێرانی گوند کۆبوونەوە بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنن، هەر وەك ئیخوان موسلمین لە میسر و حەماس لە فەلەستین و پارتی داد و خۆشگوزەرانی لە ئەندەنوسیا کە لە ئەنجامدا کۆتاییان بە دیموکراسی هێنا. ئایا تا چ ڕادەیەك پۆپۆلیزمی ئیسلامی داهاتووی دیموکراسی و ئازادی دەخاتە مەترسییەوە؟**

- لێرەدا کێشەیەکی سەرنجڕاکێش هەیە، بەڵام با جارێ لە پێشدا خۆمان لە مەسەلەی پێناسە ڕزگار بکەین. بەلای منەوە پۆپۆلیستە ئیسلامییەکان ئەوانەن کە هەوڵدەدەن هاوپەیمانییەکی چینایەتی لەسەر بنەمای ناسنامەی «ئوممە» دروست بکەن. لە ڕووی خەڵکانی ئاسایی و بەردەوام پەراوێزخراوەوە کە لە دژی نوخبەی گەندەڵ و سێکولار دەوەستنەوە، لە سیاسەت دەڕوانن. لەلایەکەوە، ئەو هۆکارەی وای لەو خەڵکانەی کردووە کە بە پۆپۆلیستی ئیسلامی ناو دەنرێن، لەسەرەتادا چەند لایەنێکی پرۆسەی دیموکراسی بگرنەبەر ئەوەیە لە ستراتیژەکانی تردا شکستیان هێناوە بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتی دەوڵەتدا، لەناویشیاندا ئەو ستراتیژانەی کە توندوتیژی لەخۆدەگرێت. بۆیە باوەشگرتنەوە بۆ دیموکراسی زیاتر وەك ئەوە دەبینرێت کە سیاسەتی پارتایەتی و هەڵبژاردنەکان ڕێگەیەکیان بۆ دەستەبەر دەکات کە بە هۆیەوە بگەنە دەسەڵات، ئەمەش زۆرجار واتە نەرمکردنەوەی زمانی هەندێك لە ئیسلامییە توندڕەوەکان بۆ گەیشتن بەو خەڵکانەی کە ئیسلامییەکی سەرسەخت و توند نین. هەروەها لەو ڕاستییە تێگەیشتوون کە پێکهێنانی دەوڵەتێکی ئیسلامی ڕەسمی کارێکی پێویست نەبووە، کاتێك دەستگرتن بەسەر دەوڵەتی عەلمانیدا دەستەبەری ئەوەی بۆ کردوون کە جۆرێك لە دەسەڵات و کۆنترۆڵ بەسەر سەرچاوەکاندا بەدەست بێنن، کە تیایدا ئیسلامییەکان هەستیان کردووە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ڕژێمە عەلمانییەکانەوە وەلانراون. لەلایەکی ترەوە، پێویستە هەمیشە هێزە کۆمەڵایەتییەکان هەبن و بتوانن لەگەڵ پۆپۆلیزمی ئیسلامی کێبڕکێ بکەن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی سیستەماتیکی دەسەڵاتی دەوڵەت بەکار نەیەت بە شێوەیەك

## پرۆفیسۆر ڤادی هادیز
### خاوەنی کتێبی پۆپۆلیستی تازەی ئیسلامی بۆ گوڵان:

# پێکەوە کارکردنی پۆپۆلیستی چەپ و پۆپۆلیستی ئیسلامی ئاسان نییە بەڵام مەحاڵیش نییە

**ڤادی هادیز پرۆفسیۆری سیاسەت و کۆمەڵگە ئاسیاییەکانە لە زانکۆی موردۆك و بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی ئەندەنوسییە، تایبەتمەندە و توێژەرە لە بوارەکانی سیاسەتی ئیسلامی لە ئەندەنوسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی بە نامەرکەزیکردن و دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی، هەروەها شارەزتیە لە بواری گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لە ئەندەنوسیا و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا. بڕیارە ئەمساڵ کتێبی «پۆپۆلیزمی ئیسلامی لە ئەندەنوسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست» بە چاپ بگەیەنێت. گوڵان لە دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاڕاستەکرد لە بارەی پرسی سەرهەڵدانی پۆپۆلیزمی ئیسلامی و ئەگەری هاوبەشی و هاوکاری پۆپۆلیزمی ئیسلامی لەگەڵ پۆپۆلیزمی چەپ و ئاکام و لێکەوتەکانی ئەم پرسە، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

پێشێلی ماف و ئازادییەکان بکرێت، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە موسڵمان نین و سەر بە کەمینەکانی ترن. بەواتایەکی دی، بۆ ئەوەی مەیلیان بۆ دیموکراسی هەبێت، پۆپولیستی ئیسلامی دەبێت بزانن کە دەرفەتی ئەوەیان هەیە لە ڕێی پرۆسەی دیموکراسییەوە دەسەڵاتی دەوڵەت بگرنەدەست، بەڵام ئەوەندەش بەهەژمون نەبن کە هەڵسوکەوتی زبر و ڕەق لەگەڵ هەموو ئەوانی دیکەدا ئەنجام بدەن. ئەگەر ئەمە وەك ئەگەرێك نەبینن، دەرفەتێکی گەورە دێتەئاراوە کە هەندێکیان ستراتیژەکانی دیکە بگرنەبەر، لەناویشیاندا ئەوانەی کە توندوتیژی تێدا بەکاردەهێندرێت. پێموایە حاڵی حازر ئەمەمان لە میسر بینیوە. لێرەدا، ئیخوان موسلمین لە ڕێی پارتەکەیەوە -کە بریتی بوو لە پارتی ئازادی و گەشەپێدان- بە میکانیزمی هەڵبژاردن هاتە سەر دەسەڵات، بەشێوەیەکی هەڵە بیری کردەوە و پێی وابوو کە هێندە بە هەژموون بووە، دەتوانێت سەرتاپای دەزگاکانی دەوڵەت (بێجگە لە سوپا کە هەمیشە لێی ترساوە) لە ماوەیەکی زۆر کورتدا داگیربکات. لە دواییشدا لابردنی مورسی لەدەسەڵات و ڕێکارە توندەکان لە دژی ڕێکخراوەکە ئەوەی سەلماند کە گوتاری دیموکراسی چیتر لەناو جەماوەرەکەیدا بەربڵاو نییە. بەتایبەتی هەندێك لە ئەندامە گەنجەکانی ئیخوان کە هەرگیز تامی بەرهەم و شیرینی دەسەڵاتیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەکردبوو. لە ئێستادا مەیلیان بەلای ئەو ستراتیژییانەیە کە باوەشگرتنەوە بۆ پرەنسیپەکانی ئازادی و دیموکراسی ڕەتدەکاتەوە.

*** لایەنێکی مەترسیداری ئامانجی پۆپۆلیزم گۆڕینی دەسەڵاتی دەنگدانە بۆ هاندانی ناڕەزایی و ڕەخنەگرتن، ئەم ڕێگایەش لەلایەن جیهادیزمی سەلەفی ئیسلامییەوە لە ڕۆژئاوا پەیڕەو دەکرێت بۆ برەودان بە تیرۆریزم لە چوارچێوەی یاساکانی ڕۆژئاوادا و زەمینەیەکی ناڕازی و ئیستفزازییانە ئامادە دەکەن لەبەر ئەوەی یاساکانی ڕۆژئاوا ناتوانێت ڕێیان لێبگرێت. تا چ ڕادەیەك پۆپولیزمی سەلەفی ئیسلامی لە خراپ بەکارهێنانی ژینگەی ڕۆژئاوا بۆ بەرهەمهێنانی توندوتیژی سەرکەوتوو بووە؟**

- ئەوەی شایستەی سەرنجدانە، ئەوەیە کە لە ڕووی مەبدەئییەوە جیهادیزمی سەلەفی دژی دەنگدانە، بەڵام دووبارە لە میسر بینیمان کە جیهادییە سەلەفییەکان پارتی سیاسییان دروستکرد، یان پێوەندییان بە پارتە سیاسییەکانەوە کرد و لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بەشداربوون. ڕوون نییە بە چ ڕێگەیەك

**بە شێوەیەکی گشتی، تەکنەلۆژیا بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دروست نەکردووە، هەرچەندە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن سوودی لێ وەرگرن. ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانەی کە بەباشی ڕێکخراون، دەتوانن باشتر سوود لە تەکنەلۆژیەکانی وەک ئینتەرنێت و سۆشیال میدیا وەرگرن**

**شەڕانگێزی و دەستڕێژیکارییەکانی ڕاستڕەوەکانی ئیسڕائیل دەبێتەهۆی شەرعیەتدان بە حەماس، لە هەمانکاتدا ناحەزی ئاشکرای حەماس بۆ پرۆسەی ئاشتی، ئەندازەیەک لە ڕێز بۆ پێگەی ڕاستڕەوەکان لە ئیسڕائیلدا مسۆگەر دەکات**

**لە ڕابردوودا شوێنگەلێکی جیاوازی وەک ئەندەنوسیا و ئێران کۆمۆنیستی موسڵمانیان بەرهەم دەهێنا. لەم وڵاتانە و تورکیا و شوێنانی دیکەش هێشتا چەپڕەوی ئیسلامی ماون**

**پێکهاتەی موسڵمانانی ئەو وڵاتانەدا. بزووتنەوە و پارتە ڕاستڕەوەکان هەڵگری بۆچوونی دژە کۆچ و نەژادپەرستی ئاشکران و لێرەشەوە زیاتر ئەندامانی کۆمەڵگە موسڵمانەکان لە ڕۆژئاوادا کە پێشتر دورەپەرێزخراون، پەراوێزتر دەخات، بەتایبەتی گەنجەکانیان**

ئەو بەشدارییانە «لە ڕووی عەقیدە و بیروباوەڕەوە» پاساوی بۆ هێندراوەتەوە. بەڵام پێش ئەمە، بینیمان کە لە سەردەمی ڕژێمەکەی موبارەك-دا سەلەفییەکان، لەناو ئیسلامییەکاندا، تا ڕادەیەك بواریان پێدرابوو. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جیهادییە سەلەفییەکان لە سیاسەتیاندا تەواو نەرمن، تەنانەت ئەگەر لە ڕووی عەقیدەوە زۆر توندیش بن. سەلەفییەکان لە ڕۆژئاوادا سوودیان لە سەرهەڵدانی ئەوپەڕی ڕاستڕەوەکان لە چەندین وڵاتدا وەرگرتووە بۆ ڕەوایەتیدان بە بوونیان لە نێو پێکهاتەی موسڵمانانی ئەو وڵاتانەدا. بزووتنەوە و پارتە ڕاستڕەوەکان هەڵگری بۆچوونی دژە کۆچ و نەژادپەرستی ئاشکران و لێرەشەوە زیاتر ئەندامانی کۆمەڵگە موسڵمانەکان لە ڕۆژئاوادا کە پێشتر دورەپەرێزخراون، پەراوێزتر دەخات، بەتایبەتی گەنجەکانیان. ئەوەی مایەی گاڵتەجاڕییە ئەوەیە کە ڕاستڕەوەکان و سەلەفییەکان هەردووکیان سوودیان لە ژینگەی دیموکراسی ئەورووپا وەرگرتووە بۆ بڵاوکردنەوەی کار و بیرۆکە نادیموکراتییەکانیان. لەگەڵ ئەوەشدا بە هاوبەشی لەسەر یەکتر دەژین، کینەی یەکێکیان بۆ ئەوی تر وا لە هەریەکیان دەکات بەهێزتر بن.

*** ستراتیژی پۆپۆلیزم پشت دەبەستێت بە کۆکردنەوەی پاڵپشتی خەڵك بە هەر هۆکارێك بێت، هەندێك جار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەست دەکەین هاوپەیمانییەکی باش لە نێوان پۆپولیزمی چەپ و پۆپولیزمی ئیسلامی هاتووەتەئاراوە، هەردووکیان کار لەسەر ناشیرینکردنی دامەزراوەکان و پێشێلکردنی حوکمی یاسا دەکەن. ئایا هیچ لێکدانەوەیەکی قەناعت پێکەر بۆ هاوبەشی پۆپۆلیستە چەپ و ئیسلامییەکان هەیە؟**

- لەم ساتەدا قورسە وێنای هاوبەشییەکی گونجاو لە نێوان پۆپۆلیستە چەپ و ئیسلامییەکاندا بکەین، هەرچەندە ئەمە مەحاڵیش نییە. بۆ نموونە، لە ڕابردوودا شوێنگەلێکی جیاوازی وەك ئەندەنوسیا و ئێران کۆمۆنیستی موسڵمانیان بەرهەم دەهێنا. لەم وڵاتانە و تورکیا و شوێنانی دیکەش هێشتا چەپڕەوی ئیسلامی ماون، هەرچەندە کەمینەن لەنێو چەپەکان، هەروەها لە نێو ئیسلامییەکانیشدا. لەلایەکەوە، پێدەچێت شکستەکانی لیبراڵیزمی سیاسی و سۆشیال دیموکراسی لە سیاقی نایەکسانی و نادادی سیستەماتیکی بەربڵاو لە سەرتاسەری جیهاندا، سیاقێکی بۆ ئەگەری دروستبوونی شەراکەتێك لە نێوان ڕەخنەی چەپەکان و ئیسلامییەکاندا دروست کردبێت، ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی ئەو سیستمە کۆمەڵایەتییانە دەکرێن کە لە جیهانی ئیسلامیدا لە ئارادان. لەلایەکی تریشەوە، ئەم شەراکەتە بە هۆی بوونی مێژووی هاوچەرخ و دووبارەبوونەوەی ناکۆکی لە نێوان چەپ و ئیسلامییەکاندا سنووردار کراوە، لەبەر ئەوەی زۆرجار دەسەڵاتدارانی دەوڵەتە نەتەوەییە عەلمانییەکان وایان کردووە ئەم دوو لایەنە لە دژی یەك بوەستنەوە. بۆ نموونە، لە ئەندەنوسیا ئیسلامییەکان بە شێوەکی بەرفراوان لە کۆمەڵکوژی کۆمۆنیستەکان و هاوسۆزەکانیەوە تێوەگلان، کە لە ساڵانی شەستەکاندا بە سەرکردایەتی سوپا ئەنجام درا. ئەمڕۆ چالاکانی زۆربەی ڕێکخراوە ئیسلامییەکان هەست بە هەڕەشە دەکەن، کاتێك ئەم یادەوەرییە دەجووڵێندرێت. لە سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەر لە تونس-ەوە بۆ میسر و تورکیا و ئێران، بە شێوە و ڕادەی جیاواز، چەپەکان و ئیسلامییەکان لەلایەن دیکتاتۆر و سوپاکانەوە کراون بە گژ یەکدا.

*** بەپێی بارودۆخی وڵاتە عەرەبییەکان بێت، لە دوای سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبییەوە، دەبینین کە پارتە باش ڕێکخراوەکان دەتوانن پاڵپشتیکەرانێکی زۆر بۆ هەڵبژاردنەکان لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە، ئەم پۆپۆلیستانە بەڵێنی شتگەلێکی باوەڕپێنەکراو بە خەڵکانی هەژار و فەرامۆشکراو دەدەن، بەڵام کاتێك هەڵبژاردنەکان تەواو دەبن، ئەو خەڵکانە هەروەك خۆیان دەمێننەوە و لەگەڵ کێشەکانیاندا بەردەوام دەبن. تا چ ڕادەیەك باری پاشەگەردانی تەواو دێتەئاراوە کاتێك بەڵێنەکانی ئەو پارتانە پاش هەڵبژاردنەکان جێبەجێ ناکرێن؟**

- لە کۆتاییدا پۆپۆلیستە ئیسلامییەکان دەبێت ئەوە پیشان بدەن کە دەتوانن حوکمڕانی بکەن، لە ناویاندا بەڕێوەبردنی ئابووریش. پارتی داد و گەشەپێدان لە تورکیا مرونەتی هەبووە لەبەر ئەوەی توانای ئەوەی هەیە بانگەشەی ئەوە بکات کە لەم بوارەدا کارامە و لێهاتووە، ئەو پارتەی کە لە دوای قەیرانی ئابووری ٢٠٠١ ـەوە دەسەڵاتی گرتەدەست، ئەو قەیرانەی دەکرا ئۆباڵەکەی بخرێتە ئەستۆی کەمالییەکان. هەر چۆنێك بێت، لە تونس بزووتنەوەی نەهزە لایەنگرانێکی زۆری لەدەست دا، چونکە نەیتوانی توانای خۆی پیشان بدات بەوەی دەتوانێت بە شێوەیەکی گونجاو حوکمڕانی بکات. ئۆباڵی بەرەوپێش نەچوونی ژیانی خەڵکیش خرایە ئەستۆی ئەوان، ئەویش دوای ئەو بەڵێنانەی بە خەڵکیان دابوو. هەمان شت بە شێوەیەکی گەورەتر لە میسردا ڕووی دا. لێرەدا، بارودۆخی ئابووری بەردەوام ڕوو لە خراپی بوو، پاش چەند ساڵێك دوای کەوتنی موبارەك. بەلەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە ئیخوان موسلمین سەرەکیترین سوودمەندی لەناوچوونی ڕژێمەکەی موبارەك بوو، خەڵکی بۆ نەهامەتییەکانی وڵات لۆمەی ڕێکخراوەکەیان دەکرد. ئەنجامی ئەمەش چی بوو، بینیمان.

*** کێشەی سەرەکی وڵاتانی تازە دیموکراسی سەرهەڵدانی سەرکردە پۆپۆلیستەکانە، بێگومان ئەمەش لە ئەمریکای لاتین و وڵاتانی پاش کۆمۆنیستی دەبیندرێت کە سەرکردە پۆپۆلیستەکان هەژاری و بوارە خراپەکانی کۆمەڵگە وەك ئامرازێك بۆ ستراتیژی پۆپۆلیزم بەکار دەهێنن. زۆر جار دەبینین ڕەخنە و ناڕەزایی بوونی هەیە، بەڵام سندوقەکانی دەنگدان هەرگیز کێشەکان چارەسەر ناکەن. ئەوە تا چ ڕادەیەك لە گرنگیی کەمکردنەوەی سندوقەکانی دەنگدان، لە گرنگی حوکمی یاسا و دیموکراسی دەهێنێتە خوارەوە؟**

- وەك ئەوەی من دەیبینم، گرفتی سەرەکی ئەوەیە کە دیموکراسی لیبراڵی زۆرێك لە شەرعییەتی خۆی لەدەست داوە. بۆ نموونە، ئەو ڕاستییەی کە دیموکراسی ئەمریکی جۆرج دەبلیو بۆش-ی بەرهەمهێنا و ئێستاش دۆناڵد ترەمپ وەك سەرکردەیەکی پشتپێبەستوو پێشکەش دەکات، نابێتە بانگەشەیەك بۆی. سەرەڕای ئەوەش، هەر لە ڕۆژگارێکی

زووەوە سۆشیال دیموکراسی ئەو وزەیەی هەیبوو لە دەستی دا، هاوشان بە پاشەکشەی نفوزی سەندیکا کرێکارییە ڕێکخراوەکان. چەپەکان لە جەنگی سارددا دۆڕان، بەو پێیە نەیانتوانی وەڵامدەرەوەی ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییانە بن کە دەبوو وەڵامیان هەبێت بۆیان. کەواتە ئەو بژاردانەی لە بەردەم زۆربەی خەڵکدا ماونەتەوە، بریتین لە بژاردەکانی توندڕەوی نەتەوەیی (hypernationalism) و ترس لە بێگانە (xenophobia) و دەمارگیریی ئایینی و نەژادپەرستی. دەکرێت ئەمانەش بژاردەی سەرنجڕاکێش بن بۆ زۆرێك لەو خەڵکە گەنجانەی کە ڕووبەڕووی داهاتوویەکی تاریك دەبنەوە و پەراوێزخراوی شارانن و بەشێوەیەکی ناجێگیر کاردەکەن. هەموو ئەو کەسانەش خیانەتیان لێکراوە لە لایەن بەڵێنەکانی مۆدێرنێتی لیبراڵییەوە. ئەمەش لەگەڵ هەڵکشانی لیبراڵی نوێ، جیهانێکی تاقەتپڕووکێنی بۆ هێناوین کە سندوقەکانی دەنگدان بە تەنیا ناتوانێت بیانگۆڕێت.

*** بە زۆری سەرهەڵدانی سەرکردە پۆپۆلیستەکان لەو وڵاتانەدایە کە لە شەڕدان و دەبێتە هۆی لەدەستدانی دەرفەتەکانی ئاشتی، بۆ نموونە سەرهەڵدانی حەماس لە فەلەستین. هەر لە سەرکەوتنی حەماس لە هەڵبژاردنەکانەوە، هیچ دەرفەتێك بۆ ڕێککەوتنی ئاشتییانە نەماوەتەوە و ڕادەی توندوتیژی بەردەوام لە زیادبووندایە. تا چ ڕادەیەك پۆپۆلیزم ئاشتی و ئارامی ئەو ناوچەیەی کە لێوەی سەرهەڵدەدات دەخاتە مەترسییەوە؟**

- شکستی ڕێکخراوی ڕزگاری فەلەستینی، هۆکاری ئەوە بوو کە حەماس توانی تەختی دەسەڵات بگرێتەدەست. شکستی ڕێکخراوی ڕزگاری فەلەستینی چەندین هۆکاری ناوخۆیی هەبوو، وەك گەندەڵی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین هۆکاری دەرەکیش ڕۆڵیان هەبوو، لە ناویاندا سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. پووکانەوەی پاڵپشتی جەماوەری بۆ ڕێکخراوی ڕزگاری فەلەستینی لەنێو خەڵکدا -کە بڕیار بوو نوێنەرایەتیان بکات- بۆشاییەکی دروست کرد کە حەماسیش سوودی لەو بۆشاییە وەرگرت. هەروەها سوودیشی لە سەرهەڵدانی ئەوپەی ڕاست لە ئیسرائیلدا وەرگرت، کە ئەمەش کاریگەری دەکاتە سەر سیاسەت لە ئیسرائیل بە شێوەیەك کە گونجاو نەبێت لەگەڵ هێزە ڕاستەقینەکەیدا. بەڵام هەر وەك ڕاستڕەوەکانی ئەوروپا، ڕەگەزەکانی ئەجێنداکەی نەرمڕەوتر کرد، بە شێوەیەك کە پارتە سیاسییە موحافیزکارەکانیش تەبەنی بکەن. شەڕانگێزی و دەستڕێژیکارییەکانی ڕاستڕەوەکانی ئیسرائیل دەبێتە هۆی شەرعیەتدان بە حەماس، لە هەمانکاتدا ناحەزی ئاشکرای حەماس بۆ پرۆسەی ئاشتی، ئەندازەیەك لە ڕێز بۆ پێگەی ڕاستڕەوەکان لە ئیسرائیلدا مسۆگەر دەکات. لەهەمان کاتدا، گورزە سەربازییەکانی ئیسرائیل کە نەهامەتییەکی زۆری لە نێو فەلەستینییەکاندا دەهێنێتەئاراوە ڕەوایەتی بۆ حەماس دەستەبەر دەکات. بۆیە دووبارە پرۆسەیەك دەبینین کە ئەوانەی پاڵپشتی شەڕانگێزی دەکەن بۆ ئەوەی شەرعیەت بە بوونی خۆیان بدەن، لە پێوەندییەکی دوولایەنەی یەکتربەهێزکەرەوە تێوەگلاون بۆ زیان گەیاندن بە تەواوی کۆمەڵگە.

*** لە بڵاوبوونەوەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە ژیانی خەڵکدا، هەموو پارتە ئیسلامییەکان لەناویشیاندا میانڕەو و توندڕەو هەوڵ دەدەن ئەم پەرەسەندنە بە شێوەیەکی خراپ دژی ئازادی و دیموکراسی بەکاربهێنن. تا چ ڕادەیەك پۆپۆلیزمی ئیسلامی سوودی لە پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا وەرگرتووە؟**

- مەسەلەکە لەبارەی تەکنەلۆژیاوە ئەوەیە کە هەموو کەسێك دەتوانێت بەکاری بێنێت، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە تەکنەلۆژیا بواری سیاسی یەکسانی خوولقاندووە. بە شێوەیەکی گشتی، تەکنەلۆژیا بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دروست نەکردووە، هەرچەندە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن سوودی لێ وەرگرن. ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانەی کە بەباشی ڕێکخراون، دەتوانن باشتر سوود لە تەکنەلۆژیەکانی وەك ئینتەرنێت و سۆشیال میدیا وەرگرن. ئەگەرنا ئەوەی هەیە، چالاکی تاکن کە هەرگیز یەکتریان نەدیوە و ناتوانن هیچ شتێکی گەورەتر بەرهەم بێنن لەبەرئەوەی تەنیا لە ژوورەکانی خۆیاندا دەمێننەوە. بەڵام دەبێت لەیادیشمان نەچێت کە دەوڵەتان، لە ناویشیاندا دەسەڵاتخوازەکان، دەتوانن ئەوانیش سوود لەم تەکنەلۆژییانە وەربگرن بۆ پاڵپشتی زانیاری ناڕاست و بەکارهێنانی ڕای گشتی بۆ بەرژەوەندی خۆیان. بۆیە شتێك نییە بە شێوەیەکی خۆڕسکانە دیموکراسی بێت لە بارەی تەکنەلۆژیاوە. لە ڕاستیدا ئەمە پتر پشت دەبەستێت بەوەی کێ بەکاری دەهێنێت و بە چ مەبەستێك بەکاری دەهێنێت. هێزە پۆپۆلیستە ئیسلامییەکان توانیویانە سوود لە تەکنەلۆژیا وەربگرن، هەروەك لەو ڕاپۆرتانەوە دەرکەوت کە پەیوەست بوون بە ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبییەوە. بەڵام هەر دوای ڕووخانی موبارەك، بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای هاوبەش ڕێگری لێنەکردن کە لەگەڵ ئەو پێکهاتە سیاسییە هەمەچەشنانەی تردا دابڕێن کە لە گۆڕەپانی تەحریر کۆببوونەوە. لیبراڵ و ناسرییەکان و چەپەکان و ئیسلامییەکان چیتر نەیانتوانی هاوکاری یەکتر بکەن، واتە هەر کە ئەمە ئامانجە بەدەست هات- ڕووخانی دەسەڵاتی موبارەك- ئەوا ئەو لایەنانە گەڕانەوە بۆ قاوغە بچووکەکانی خۆیان، کە ئەمەش شتێك بوو لە کۆتاییدا بە سوودی سوپا و هێزە کۆنەکان شکایەوە. بەدڵنیاییەوە گاڵتەجاڕییەك لەو ڕاستییەدا هەیە، بە تایبەتی سەلەفییەکان کە زۆر بە ژیانی کۆمەڵگەی بیابانیی سەدەی حەوتەم سەرسامن، هەروەك ئەوەی لە ماڵی خۆیاندا بن، ئامێرە تەکنەلۆژیا مۆدێڕنەکان بەکاردەهێنن. بەڵام ئەمە زۆر مایەی سەرسوڕمان نییە، کاتێك تێدەگەیت زۆربەیان ئەندازیارانی ئای تی و پیشەی هاوشێوەن. لە ڕاستیدا، وا پیشان دراوە کە زۆرینەی ئیسلامییە سەرسەختەکان بە زۆری خاوەن پاشخانێکی پەروەردەیی وان کە هەمیشە ڕاستی لای ئەوان مەسەلەیەکی سادەی وەك ئەمەیە: ١+١= ٢. بۆیە دووبارە هیچ شتێك بە شێوەیەکی خۆڕسکانە دیموکراسی نییە لە بارەی تەکنەلۆژیاوە. ئەوەی جێگەی بایەخە ئەوەیە کێ بەکاری دێنێت و بۆ چ جۆرە ئەجێندایەکە.

**لە ڕووی مەبدەئییەوە جیهادیزمی سەلەفی دژی دەنگدانە، بەڵام دووبارە لە میسر بینیمان کە جیهادییە سەلەفییەکان پارتی سیاسییان دروستکرد، یان پێوەندییان بە پارتە سیاسییەکانەوە کرد و لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بەشداربوون**

**پۆپولیستی ئیسلامی دەبێت بزانن کە دەرفەتی ئەوەیان هەیە لە ڕێی پرۆسەی دیموکراسییەوە دەسەڵاتی دەوڵەت بگرنەدەست، بەڵام ئەوەندەش بەهەژموون نەبن کە هەڵسوکەوتی زبر و ڕەق لەگەڵ هەموو ئەوانی دیکەدا ئەنجام بدەن**

**پۆپۆلیستە ئیسلامییەکان ئەوانەن کە هەوڵدەدەن هاوپەیمانییەکی چینایەتی لەسەر بنەمای ناسنامەی «ئوممە» دروست بکەن. لە ڕووی خەڵکانی ئاسایی و بەردەوام پەراوێزخراوەوە کە لە دژی نوخبەی گەندەڵ و سیکولار دەوەستنەوە**